# کۆمەڵە و یەکێتی

## کورتە باسێکی مێژوویی

عارف کەریم

ستۆکهۆڵم - سوێد

٢٠٠٨_٢٠٠٩

کۆمەڵە و یەکێتی
عارف کەریم
٢٠٠٨_٢٠٠٩

کۆمەڵە و یەکێتی
کورتە باسێکی مێژوویی
عارف کەریم
ستۆکهۆڵم - سوێد
٢٠٠٨_٢٠٠٩

# کۆمەڵە و یەکێتی

## – کورتە باسێکی مێژوویی –

عارف کەریم

**ستۆکهۆڵم - سوێد**

٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩

Kadir_arif@hotmail.com



* **ناوی کتێب:** کۆمەڵەو یەکێتیی

* **بابەت:** مێژوو

* **ناوی نووسەر:** عارف کەریم

* **نرخی کتێب:**

* **ژمارەی سپاردن:** لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٧٤٧)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە

* **تیراژ:**

* **چاپخانە:** رەنج

**پێشکەشە بە:**

**بە نەوەی نوێ، بە هەموو نوێخوازێك**

**بەوانەی کۆڵنادەن و ناسرەون و شوێن راستییەکان دەکەون.**

## سوپاس و پێزانین

لە دڵەوە سوپاسی برای هێژا کاک کەمال ڕەئووف – سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی– دەکەم کە بەپیرمەوە هات و باوەشی خۆی بۆ گرتمەوەو ئەرکی چاپکردنی ئەم بابەتەی خستە ئەستۆی چاپخانەی هاوڵاتی. هەروەها سوپاسی زۆری کاک کاژاو جەمال –جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەکە– دەکەم کە هاوکاری کردم سەبارەت بە دیزاین و مۆنتاژو ئامادەکردنی بابەتەکە بۆ چاپکردن. دیسان سوپاسی هەموو کارمەندانی چاپخانەی هاوڵاتی دەکەم کە ماندوو بوون بە چاپکردنی ئەم بابەتەوە. هیوادارم وێنەیان زۆر بێت.

# پێشەکی

**ساڵی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) ئەم بابەتە بە چەند ئەڵقەیەك بڵاوکرایەوە لە رۆژنامەی (هاوڵاتی) خۆشەویستدا کە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو رووناکبیری گەلەکەمانەوە لەناوەو دەرەوەی کوردستان. بابەتەکە چەند لاپەڕەیەکی کورت لە مێژووی دروستبوونی کۆمەڵە لەخۆ دەگرێت، هەروەها هەندێ راوبۆچوون لەسەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، شێوازی دروستبوونو کارکردن، ئەوەندەی پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەبێت بابەتەکە هەندێ دیوی شاراوە ئاشکرا دەکاتو بۆ یەکەم جار شتی نوێ دەوروژێنێ. دوای بڵاوبوونەوەی، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەك دۆستو برادەرو رووناکبیری نزیك بە خۆم پێیان باش بوو کە هەوڵی چاپکردنی بدەم لە شێوەی کتێبولکەیەکدا بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاری**



**بکەمو کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەمو منیش وەهام کرد وەکو ئەوان پێشنیاریان کرد.**

**نووسینەوەی مێژوو، جا کورت بێت یان درێژ، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت لە نووسینەوەدا دوور بکەویتەوە لە ئیجتیهاداتی شەخسیو راستییە مێژووییەکان وەکو خۆی بگێڕیتەوەو پەنا نەبەیتە بەر زوبانی زبرو ڕووشاندنی کەرامەتی ئەوانی ترو بە هەڵڕشتنی وشەی بێتام لاپەڕەکان رەش نەکەیتەوە بۆ ئەوەی ویژدانت ئاسوودە بێتو خزمەتی گەلو نەوەی نوێ بکەیت.**

**لەم بابەتەدا (کە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری خۆشەویست) هەوڵم داوە وەکو کەسێکی بێلایەن بنووسمو بیروڕاو بۆچوونی خۆم هەڵڕێژم، دزی نەکەم لە مێژوو، رەنجو هەوڵو تەقەللاو تێکۆشانی ئەوانی تر قۆرخ نەکەم، خۆم نەکەمە پاڵەوانی مەیدان، چی راستە ئەوە بڵێم بە پشت بەستن بەم وتەیەی خوارەوە:**

**(راست بڵێو مەترسە با لەتو پەتت بکەن)**

## - بەشی یەکەم -

**له فوئاد قەرەداخی و فەرەیدون عەبدولقادر کامیان ڕاست دەڵێن ؟**
**ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە،**
**با ڕاستییەکان نەشارینەوە بۆئەوەی مێژوو ئێخەمان نەگرێت!**
**من و کۆمەڵە و نەوشیروان مستەفا.**

**سەرنجێکی پێویست** : لەم وتارەدا ئەگەر وشەی ( شەهید ، خوالێخۆشبوو ، مەرحوم ، کاک ، مامۆستا ) هەمووجارێک بەکار نەهات لەگەڵ ئەو ناوانەی زیاتر لەجارێک دووپات دەبنەوە ، مانای ئەوە ناگەیێنێ من مەبەستێکم هەیە ! نەخێر هەڵبەتە من ڕێزوحورمەتم بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە ناویان هاتووە



، بێگومان هەموو ئەوانە لەتای تەرازوودا وەکوو یەک ناوەستنەوە و کەسایەتییەکان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەیەک ناچن و جیاوازییان هەیە.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ( ٤١١ ، ٤١٢ ) ڕۆژی ٦ ، ٩ / ٠٤ / ٢٠٠٨ دیدارێکی لەگەڵ کاک فوئاد قەرەداخیدا ئەنجامداوە سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی – لێنینی . هەروەها ڕۆژنامەی میدیا ژمارە ٣٣٤ ڕۆژی ١٥/ ٠٤ / ٢٠٠٨ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر ئەنجامداوە دەربارەی هەندێ پرس ، لەوانەش دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی – لێنینی .

مانگێک زیاتر تێدەپەڕێ بەسەر دیدارەکاندا و من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کەسێک یان کەسانێک لەوانەی لەژیاندا ماون و لەنزیکەوە ئاگاداری دامەزراندن و ململانێکانی ئەو سەردەمەی ناو کۆمەڵەن ، بێنەمەیدان و هەندێ لەئەزموونی خۆیان باسبکەن و زانیاری زیاتر بدەنە خوێنەرو ڕەوشنبیر و ئەندامانی کۆنی کۆمەڵە و ئەم بابەتە دەوڵەمەند بکەن و ڕزگاریبکەن لە دەستێوەردان و یادەوەری و گێرانەوەی تاکەکەسی ، داخەکەم لەوانەی من دەیانناسم و کاتی خۆی لەوەجبەی یەکەم و دووەم بەشدارییان کردووە لە دامەزراندن ، کارکردن ، تەقاندنەوەی ناکۆکی و

ململانێکان و دواجاریش جیابوونەوە لە کۆمەڵە ، کەسیان دەنگی لێوەنەهات ، ئەوانە ئاگاداری بەشێکی ئەو مێژووەن و دەتوانن هاوکاری بکەن لەپاراستنی بۆئەوەی لەناونەچێت و نەفەوتێت .

لەم وتارەدا هەوڵدەدەم هەندێک لە دیوە شاراوەکانی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە و فاکتەرە جیاجیاکانی ڕێگەخۆشکردن بۆ دامەزراندنی ئاشکرابکەم ، بەتایبەتی ساڵەکانی ١٩٧٠–١٩٧٥ و هەروەها کەمێک لە ساڵەکانی ١٩٦٧–١٩٧٠ . جگەلەوە دەمەوێ باسێکی کورتی ئەو ١٣ مانگە بکەم کە من لە سوریا ( شام ) بردمەسەر ، دواتریش هۆکاری دوورکەوتنەوەو وازهێنانم لە یەکێتی و کۆمەلە ڕوونبکەمەوە ، مەبەستم لە دیوە شاراوەکان ئەوشتانەیە کەتاکو ئێستا باسنەکراون و بە تۆزلێنیشتویی ماونەتەوە و لەوانەیە کەسانێک هەبن لەبەر بەرژەوەندی خۆیان نەیانەوێ باسی لێوەبکەن ، یان کۆمەلەو لاپەڕە کۆنەکان بۆ ئەوان هیچ ماناو بەها و نرخێکی نەبێ خواخوایانە هەر بیربچێتەوە و کەس باسی نەکات . لێرەدا ڕووی دەم بەتەنها لە فوئاد قەرەداخی و فەرەیدون عەبدولقادر نییە کە ورد ورد دێمە سەر ئەوانیش ، هەرچی بەلای منەوە گرنگە سەبارەت بە بۆچوونەکانی ئەوان ، ڕای خۆمی لەسەر دەڵێم و ڕوونکردنەوەی لەسەر دەدەم .



مێژوونووسینەوە یان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمێکی کۆنی ٣٠–٤٠ ساڵ لەمەوبەر دەبێ ڕاستگۆیی لەگەڵدابێت و بە ئەمانەت و ویژدانەوە باسیان لێوەبکەیت ، دەبێ تەواو بێلایەن بیت و یارییان پێنەکەیت و خۆت دوور ڕاگریت لە ئیجتیهاداتی شەخسی ، نابێ شەرموموجامەلەشی تێدابێت و ڕاستییەکان ، دیاردەکان و شتەکان چۆنبوون وەها باسیان لێوەبکەیت و نەیانشێوێنی ، تا لەکۆتاییدا شتێکی پوختوجوان پێشکەش بە خوێنەر ونەوەی داهاتوو بکەیت . بەپێچەوانەی ئەمەوە ڕۆژێک دێت مێژوو دێتەزوبان و ڕاستییەکان بەرەوڕوو دەبنەوە و بەرۆکت بەرنادەن و خۆیان دەسەلمێنن .

ڕەنگە هەندێک کەس پێیان وابێت لێدوان لەڕاستی گێچەڵی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ و ناچارت دەکات بکەویتە ناو موهاتەراتی سیاسییەوە و کارەکان ناشیرین بکەیت و تێکیانبدەیت ، منیش بە پێچەوانەی ئەمەوە ، پێموایە نووسەر و ڕەوشەنبیر ، توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان دەتوانن ژیرانە خەتی سوور تێپەڕێنن بە بیئەوەی زوبانی زبر بەکاربهێنن و کەرامەتی ئەوانیتر بڕوشینن ، کەسایەتییەکانی ئەم سەردەمەش لەوە زیاتریان ناوێت.

من بەشبەحاڵی خۆم کە دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژگارەکانی پێش و دوای دامەزراندنی کۆمەڵە ، بۆئەوەنییە دەستکەوت و بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆم بپارێزم بەتایبەتی لە ماڵویرانی و ئاوارەبوون و دەربەدەری بەولاوە هیچیترم بۆ نەماوەتەوە و لەبەری خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی ڕابوردووی خۆشم نەخواردووە ، دیسان نایشمەوێ لە نووسین و لێکدانەوەکانمدا کەسێک برینداربکەم ، چ کۆنەکان کەڕۆژێک لەڕۆژان هەموو هەڤاڵ و هاوڕێی تێکۆشانی یەکتر بوین و هەندیکمان زۆرمان بەسەریەکەوە هەبوە و چ فوئاد قەرەداخی و فەرەیدون عەبدولقادر کە دوو برادەری نزیکن بەمن و لە نزیکەوە یەکدەناسین و پێکەوە کارمان کردووە ، ئەمە جگەلەوەی خودی فەرەیدون عەبدولقادر لەسەرەتای درووستبوونی کۆمەڵەدا پەیوەندی بەمنەوە کرد بۆ چوونە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە .

لەم وتارەدا دەمەوێ بەویژدانەوە بدوێم و بێمە مەیدان و چی ڕاستە و لەبیری مندا ماوە ئەوە هەڵڕێژم و بەبیری زۆر کەسیشی بهێنمەوە کە دامەزراندنی کۆمەڵە بەهاوکاری و پشتیوانی زۆرکەس بووە و مێژووەکەشی هی هەموو ئەوانەیە کە کاریان تێداکردووە . بەندەش یەکێکم لەوانەی لەڕۆژە سەختەکانی ڕابوردوودا ،



بەتایبەتی ڕۆژە سەرەتاییەکان ، خۆم بۆ ماندوو کردوە و یەکێکیشم لە قوربانییەکانی . جگەلەوە لەم وتارەدا بە پێویستی نازانم ناوی هەموو ئەو کەسانە بەرم کە کردار و ڕەفتاریانم بەدڵ نەبووە ، هەروەها ئەگەر ناوی لایەکی سیاسی یان دەزگایەکی تایبەت هات ، ئەوە بۆ سوکایەتیپێکردنی ئەوان نییە چونکە مەبەستەکە گێرانەوەی مێژوویەکی کورتی ئەو سەردەمەیە و هیچیتر .

بەپێویستی دەزانم پێش چوونە ناو گەرمەی باسەکە ، کورتەیەک بنووسم لەسەر مێژووی خەباتی گەلەکەمان لەدوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد و سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بیبەستمەوە بە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی – لێنینی کوردستانەوە .

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهاندا ، ئێران گۆڕانی گەورەگەورەی بەخۆوە دی ، لە ساڵی ١٩٤١ دا ئینگلیزەکان لە خوارووی ئێرانەوە و لەشکری سووری شوورەویش لەژووروی ئێرانەوە هاتنە ناوەوە ، ڕەزا شا دوورخرایەوە بۆ دەرەوەی ئێران ، خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان ئەم هەلەیان قۆستەوە و کەوتنە خۆیان . لەساڵی ١٩٤٢ دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ( ژ . ک) لەشاری مەهاباد دامەزرێنرا . ساڵی

١٩٤٤ پێشەوا قازی محەمەد دەچێتە ناو کۆمەڵەوە و دواتریش دەبێتە سەرۆکی . لەسەر داوای نوێنەری شوورەوی ( جەعفەر باقرۆف ) ناوی کۆمەڵە گۆردرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر ئەویش هەڵبژێردرا بە سەرۆک .

لە ٢٢/کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا پێشەوا قازی محەمەد لە مەهاباد کۆماری دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند و لە تشرینی دووەمی ١٩٤٦دا ڕوخێنرا ، پێش ڕوخانەکە مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵە بە نوێنەری حزبی شیوعی کوردستان ( شۆڕش ) چووە مەهاباد و لەوسەرەوە بە نوێنەری مەرحوم بارزانی مستەفا گەڕایەوە کوردستان و بەو شێوەیەی بارزانی دەیویست و پێی باش بوو لە ١٦/٠٨/١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کوردی دامەزراند . مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە پێشتر سکرتێری لقی کۆمەڵەی ژ.ک بوو لە سلێمانی ، کەرکوک ، کفری ، بە ناوی ( ڕزگاری ) و دواتریش کە ناوی لقەکەی گۆڕی بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان ، نەچووە ڕیزی ئەم حزبەوە ، بەڵام وەکوو گوێگر بەشداریکرد لە کۆنگرەکەیان بەبێئەوەی ڕێکخراوەکەی هەڵوەشێنێتەوە . دواجار لەساڵی ١٩٤٧دا چوونە ڕیزەوە . ساڵی ١٩٥٠ هەمزە عەبدوڵڵە گیراو ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆنگرەی دووەمدا ١٩٥١ کرا بە سکرتێری



حزب . ساڵی ١٩٥٢ پارتی بوو بە دوو بەشەوە ( مەرکەز ) ئیبراهیم ئەحمەد و ( بەرەی پێشکەوتوو ) هەمزە عەبدوڵڵە . دوای ساڵێک هەردوولایان یەکیانگرتەوە بەناوی ( پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان ) بەڵام ململانێکە هەر بەردەوام بوو .

لەدوای شۆڕشی ١٤/تەمموزی ١٩٥٨ بارزانی و بارزانیەکان گەڕانەوە بۆ عێراق ، ئەوانەی چوون بە پیر بارزانیەوە لە پراگ ی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا مەرحوم( ئیبراهیم ئەحمەد . نوری ئەحمەدی تەها ، عوبێدوڵڵە و محەمەد سادق ) بوون و بە ڕێگای میسردا پاش دیتنی سەرۆک جەمال عەبدولناسر گەڕانەوە بۆ عێراق .

ئەوکاتە بارزانی هەر پشتگیریێ لە هەمزە عەبدوڵڵە دەکرد و لە ئیبراهیم ئەحمەد دڵنیا نەبوو . بەڵام کە هەمزە عەبدوڵڵە ویستی پارتی بەرەو حزبی شیوعی عێراقی بەرێت و بیکاتە بەشێک لەوان ، ئیبراهیم ئەحمەد دژی وەستایەوە و قەناعەتی بە بارزانی هێنا کە دەست لە هەمزە بەربدات بۆیە بارزانی لە شەوی ٣٠/ی حوزەیرانی ١٩٥٩ دا بەخۆی و چەند چەکدارێکەوە دەچێتە بارەگای حزب لە شەقامی المتنبی – بەغدا ، بەکۆمەڵێک قسەی ڕەق و هەڕەشە کلیلەکانی بارەگا وەردەگری و تەسلیمی باڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەدی

دەکات و پێیاندەڵێ : بڕۆن بەیانیان لەسەردەربکەن ، واتە لەسەر هەمزە .

ئەوسا مەکتەبی سیاسی پروپاگاندەی زۆریان بۆ بارزانی دەکرد و بەناو و ناوبانگی ئەوەوە خەڵکێکی زۆریان لەدەوری خۆیان و حزب کۆکردبۆوە .

بەرپرسانی سۆڤیەت بەدەرکردنی هەمزە دڵتەنگ و نارەحەت بوون و گلەییان لە بارزانی کرد و پێیان وابوو کە ئەم هەنگاوە لە خزمەتی ڕۆژئاوایە و ئەویش  بۆی ڕوونکردنەوە کە ڕێگەنادات حزبەکەی بکرێت بە لقێکی حزبی شیوعی عێراقی و لەهەمانکاتدا بۆ دڵنەوایی سوڤیەت دکتۆر ( موراد رزم ئاور ) کە ئەفسەرێکی کوردی سەردەمی قازی محەمەد بوو ، کەسێکی سەر بە سۆڤیەتیش بوو ،  لەگەڵ خۆی بردە کۆنگرەی چوارەمی حزب ( ١٩٦٠ ) و لەوێ هێرشی زۆری کردە سەر ئەندامانی کۆنگرە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی پیشان بدات و لەهەمانکاتدا دکتۆر موڕادی کردە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب کە هەراوزەنایەکی زۆری لێکەوتەوە .

ڕەهبەرانی سۆڤیەت هەر لەو ساڵەدا ( ١٩٦٠ ) بارزانییان بانگهێشتی مۆسکۆ کرد بەبۆنەی ئاهەنگ و جێژنی ئۆکتۆبەرەوە و زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردو پەیوەندی نێوانیان گەرم و بەهێزکرد .



پەیوەندی کوردو حکومەتی عەبدولکەریم قاسم تادەهات خراپتر دەبوو بە تایبەتی دوای ئەوەی بارزانی دەنگوباسی پیلانێکی پێگەیشت کە بۆ کوشتنی سازکرابوو ، بۆیە لە بەهاری ١٩٦١دا گەڕایەوە بارزان .

لە ١١/ی ئەیلولی ١٩٦١دا شۆڕشی کورد هەڵگیرسا دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ، پارتی و بارزانی خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو ، پارتی پێشی بە خەڵکەکە گرت و بڵاوەی پێکردن لە هەردوو دەربەندی بازیان و دەربەندیخان ، بەڵام دوایی لەبەرئەوەی دەترسان شۆڕشەکە بکەوێتە دەستی هۆزوخێڵەکان ، ئەوا ئەمجارەیان  بە ناچاری کادرەکانی خۆیان ناردە دەرەوە بۆ گوندو لادێکان بۆ سەرلەنوێ کۆکردنەوەی خەڵک بە شێوەیەکی ڕێکخراو و لەژێر سەرکردایەتی حزبدا .

یەکەم پەیوەندی کەلەگەڵ ئێراندا دروستی کرد بەبێ ئاگاداری بارزانی ، مەکتەبی سیاسی بوو . ساڵی ١٩٦٢ ئێران سەرهەنگ ( عقید ) عیسا (عیسی) پەژمانی بە دەزگایەکی بێسیمەوە ناردە کوردستان و لە مەکتەبی سیاسی بارەگای خست.

ڕۆژی ١٩٦٣/٠٢/٠٨ بەعسییەکان و قەومییەکان کودەتایەکیان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و

حوكميان گرتەدەست و تاهير يەحيا بوو بە سەرۆك وەزيران .

پێشتر مەكتەبى سياسى ئاگادارى كۆدەتاكە بوو چونكە داواى يارمەتييان لە كورد كردبوو . ئيبراهيم ئەحمەد ساڵى ١٩٦٢ نامەيەک بۆ تاهير يەحيا دەنووسێ و دەڵێ : و من الجوهرى ان تعترفوا مسبقا بالحكم الذاتى لاقليم كوردستان وان يعلن ذلك من اول البيانات التى ستصدرها حكومه الثوره . واتە شتى جەرهەرى ئەوەيە پێشەكى ددان بنێن بە ئۆتۆنۆميدا بۆ هەرێمى كوردستان و حكومەتى شۆڕش لەيەكەم بەيانيدا كەدەريدەكات ئەمە ئاشكرا بكات .

لەم بارەيەوە بارزانى بە – دانا ئادەم شميدت – خاوەنى كتێبى – جولە بين الرجال الشجعان– (گەشتێک بەنێو پياوانى ئازادا) دەڵێ : بەعس بەڵێنى حوكمى زاتى پێداين ، بەڵام بەڵێنى نوسراو نەبوو ، لەسەر كاغەز ئيمزا نەكرابوو .

لە ١٩٦٤/١١/١٨ دا عەبدولسەلام عارف كۆدەتايەكى بەسەر بەعسييەكاندا كردو دەسەڵاتى گرتەدەست و ئەوانى بە – الحرس اللاقومى – پاسەوانى نانەتەوەيى ( ناڕەسەن ) ناوزەد كرد .

لە ١٩٦٤/٠١/٣١ دا سەرۆك عەبدولسەلام عارف پەيوەندى كرد بە مەلا مستەفاى بارزانييەوە لە ڕێگەى



پارێزگارى سلێمانى عبد الرزاق حاجى مەحمودەوە .

حزبى شيوعى عێراقى و حزبى نيشتمانى ديموكراتى ( كامل الچادرچى ) پشتگيرييان لەمەكرد و هانى بارزانيیان دەدا بۆ گفتوگۆ .

لە ڕۆژى ١٩٦٤/٠٢/١٠دا حكومەت بەيانى شەڕ ڕاگرتن و بەڵێنى چارەسەركردنى مافە نەتەوەييەكانى گەلى كوردى ڕاگەياند و بارزانيش پشتگيرى لێكرد . خرۆتشوف–سەرۆك وەزيرانى ئەوساى سۆڤيەت– يەكێك بوو لەوانەى تەلگرافى پيرۆزبايى نارد . مەكتەبى سياسى لەدواى دەركردنى هەمزە عەبدوڵڵە لە سكرتێرى حزب ناكۆكى قووڵى هەبوو لەگەڵ بارزانيدا ، بەڵام دەريان نەدەبڕى ، ئەوان لە نيسانى ١٩٦٤دا كۆنفرانسێكيان لە ماوەت بەست بەبۆنەى ڕێككەوتنەكەى بارزانييەوە لەگەڵ حكومەتدا كە عيسا پەژمانيشى لێبوو ، ئيبراهيم ئەحمەد لەو كۆنفرانسەدا وتى : من مەلا مستەفام بە بەيانێک كردۆتە مەلا مستەفا و بە بەيانێكيش دەيكەمەوە بە هيچ !

جگەلەوە مەكتەبى سياسى بەيانێكى بە عەرەبى دەركرد بە ناوى ( اتفاقيه المشير – بارزانى اصلح ام استسلام ؟ ) واتە ڕێككەوتنەكەى عەبدولسەلام و بارزانى ، پێكهاتنە ياخود تەسليم بوونە ؟ .

پاش ئەوەی مەکتەبی سیاسی بریاری دەرکردنی بارزانی دا لەحزب و لە ڕادیۆکەی خۆیانەوە بڵاویانکردەوە ، حکومەتی ئێران هەندێ چەک و تەقەمەنی گەیاندە ماوەت کە مەکتەبی سیاسی پیمەغرور بوو . لەولاشەوە بارزانی کۆنگرەیەکی لە نزیک ڕانیە بەست و ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دەرکرد و بەهاوکاری حکومەتی عەبدولسەلام عارف چوونە سەر مەکتەبی سیاسی و دوای شەڕ و پێکدادانێکی کەم هەڵیانبرین بۆ دیوی ئێران .

بارزانی لەسەر داوای حکومەتی ئێران ، مەکتەبی سیاسی ( جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد ) بەخشی و لە حوزەیرانی ١٩٦٥ دا هاتنەوە ناوچەی شۆڕش ( دۆڵە ڕەقەی ئاکۆیان لای عەباسی مەمەند ئاغا ).

لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا بارزانی خەبەر دەنێرێ بۆ عەباس ئاغا کە مام جەلال و هەڤاڵەکانی ئاگاداربکات شوێنەکانیان بگوێزنەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە ئەو خۆی بۆی دیاری کردبوون .

لە یەکەم ڕۆژی ١٩٦٦ دا مام جەلال و هەڤاڵەکانی بەیارمەتی عەباس ئاغا و حاجی برایمی چەرمەگا ناوچەی ئاکۆیان جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە بەغدا و



دواتریش ئیبراهیم ئەحمەد لەتارانەوە دەگاتەوە بەغدا .

لە ١٩٦٦/٠٦/٢٩دا دکتۆر عەبدولرەحمان بەزاز بەیانی ٢٩ ی حوزەیرانی دەرکرد کەلە ١٥ خاڵ پێکهاتبوو ، زۆر کەمتر بوو لە ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ، هەردولا بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی پێی ڕازیبوون کە دواجار بەزاز – دوای ئەوەی فشاری زۆریان خستە سەری– لێی پەشیمان بووەوە و وتی : دەوڵەت بەرپرسیار نییە لەمە چونکە من لە پشتی ئەو بەیانەوەم. پێش بەیانەکە مام جەلال و مەرحوم حلمی عەلی شەریف چاویان کەوت بە سەرۆک کۆمار عەبدولرەحمان عارف .

لە ١٩٦٨/٠٧/١٧دا بەعسییەکان بە ئاگاداری ئەمەریکا کۆدەتایەکیان لە دژی عەبدولرەحمان عارف کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەویان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد و لە ١٩٦٨/٠٧/٣٠دا جارێکیتر کۆدەتایەکی ناوخۆییان کرد بە ئاگاداری ئینگلیزەکان بۆ ڕاست کردنەوەی حسابەکەیان.

لە ئازاری ١٩٧٠دا حکومەتی بەعس ڕێککەوت لەگەڵ بارزانیدا پاش چەند جەولەیەکی گفتوگۆ کە ئاکامەکەی خوێندنەوەی بەیانی ١١ی ئازار بوو ، بەیانەکە بە گرنگترین و گەورەترین دەستکەوتی سیاسی ئەو

سەردەمە دەژمێردرێ کە ناوەرۆکەکەی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ گەلی کورد.

حکومەتی بەعس پشتی کردە پارتی – باڵی مەکتەبی سیاسی – و ئەحمەد حەسەن بەکر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتێ: ئەمانە کۆمەڵێکن ملکەچی دەسەڵاتن ( جماعه مواليه للسلطه ) .

باڵی مەکتەبی سیاسی خەریکی خۆنزیکخستنەوە بوو لە بارزانی ، بارزانیش ئەوانی بەخشی و مەرجی دانا کە ناوی حزبەکەیان بگۆڕن ئەوسا خۆیان هەڵوەشێننەوە و بێنەوە ناو پارتی ، ئەمانیش ناوی خۆیان گۆڕی بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و هاتنەوە ناو پارتی چونکە پارتی لەمە زیاتر هیچ شتێکی تری ئەوانی قەبووڵ نەبوو .

ئەمەی سەرەوە کورتەیەک بوو لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد کە پڕی بوو لە ئاژاوە و هاژوهوژو ناکۆکی و ململانێی سیاسی سەختی جۆراوجۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. بەدرێژایی ئەو کاتانە سۆڤیەت ، ئەمەریکا ، ئینگلیز ، ئێران ویستوویانە بێنە ناو ڕووداوەکانەوە و خۆیانی تێهەڵقورتێنن و دەستی تێوەردەن و هەرجارەی لایەکیان گۆڵی لە لایەکەی تر کردووە لەسەر حسابی کورد و بزوتنەوەکەی ، کوردیش بۆئەوەی پیلانی



نێودەوڵەتی لەدژ نەگێرن ناچار لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرج و بارودۆخەکە ملی ناوە بۆ پرۆژە و نەخشەکانی یەکێک لەم زلهێزانە و بەقسەی کردوون و ئیتر جاری واش هەبووە گوێی نەداوەتێ و بەزەرەری خۆی تەواو بووە ، نموونەی ئەمە ڕێککەتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ ی نێوان حکومەتی بەعس و شای ئێران بوو .

ئەم دەوڵەتانەی ناوم هێنان زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاریان کردووە نەک لەبەر چاوی کاڵی کورد ، بەڵام ئەوکاتەی کورد کەوتۆتە ناو موعادەلە سیاسییەکەی ئەوانەوە ، ئەوا بەناچاری گەمەی سیاسی خۆی کردووە و ویستوویەتی جێی خۆی بکاتەوە و شتێک بۆخۆی بپچڕێ ، جاری وا هەبووە سەرکەوتوو و جاری واش هەبووە ژێرکەوتوو بووە .

ئەوەی کۆسپی گەورەیە بۆ کورد چ لەوەوپێش و چ ئێستا ، زیاتر باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و دابەشکردنی ئەم وڵاتەیە بەسەر چەند دەڵەتێکی لەیەکنەچوودا لە ڕووی سیستمی ئابوری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە ، بەڵام هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەدەسەڵات و سەرانی کورد خەتاو تاوانیان نییە و لەڕێی ڕاست لایاننەداوە !! نەخێر ئەوان بەشی زۆریان بەردەکەوێ ! .

بەیانی١١/ی ئازاری ١٩٧٠ تینوگوڕێکی دا بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی . لەدوای خوێندنەوەی بەیانەکە بە ماوەیەک باڵی پارتی ( م.س ) ، هەروها لقی سلێمانی و ژمارەیەک لەئەندامانی لیژنەی ناوچە و ڕیکخراوەکانی خوارەوە ، بنکەو بارەگای خۆیان پێچایەوە و ڕوویانکردە بەغدا و شارەکانی خوارووی عێراق ، گوایە نەوەک بارزانی دەستیان لێبوەشێنێ ، ژمارەیەک لەمانە کەئەندامی لق بوون ، پێشتر لووتبەرز ، شەڕانی ، لەخۆباییبوو ، شەڕیان لەگەڵ تڕ و سێبەری خۆیاندا دەکرد و ئەگەر پێشمەرگە یان کەسێکی لاواز بە جۆرێک قسەی بکردایە ، پەلاماریان دەدا و پێیاندەوت بڕۆ ! هەی لەمەلاییتر !! ئەمانە لەدوای تێکەڵبوونەوەکە ، بەپێچەوانەی ڕابوردوی خۆیانەوە ، هەر یەکەیان بوون بە نۆکەر و پیاوی خەڵکانی سەر بە پارتی وەکوو : عەلی عەبدوڵڵە ، خاڵە حاجی ، عەبدولی سوران و کەوتنە تەنازول و ماستاو ساردکردنەوە و ڕکەبەرایەتیکردنی ئێمەمانان . ئەمانە سەلماندیان کە گزگل و ترسنۆکن !!! کاک فوئاد قەرەداخی جوامێرترین و ئازاترین ئەندامی لق بوو کە ئەمانەی قەبوڵ نەبوو ، ئەو بەوپەڕی سەربەرزییەوە وازی لەئەندامەتی لق هێنا و لەماڵەوە دانیشت .



یەکێک لەوانە کاتی خۆی تازە هاتبووە سوید ، میوانداری کردم لە ماڵی خۆیان و هەتا بەرەبەیان وشەمان دەگۆڕییەوە ، پێیم وت : تۆ کارێکی وەهات نەکردووە جارێکی تر جێگات ببێتەوە لە کوردستاندا ! تۆ سقوطت کرد ! وتی : بۆچی ؟ وتم: لەبەرئەوەی کەسێکی وەکوو تۆ، سیاسەتمەدار ، مێژوونووس ، نووسەر ، سیاسییەکی موخەزرەمی سەردەمی پاشایەتی و قۆناخەکانی دواتر....تاد قەبووڵت کرد تێکەڵ بە پاراستن و خاڵە حاجی ببی و بەدوای قنگی کەسێکی نەخوێندەواری وەکوو ئەودا ڕابکەیت !!! وتی: ئاخر من ئەوکاتە مەلا مستەفام بە رەمزی بزووتنەوەکە دەزانی . وتم: قسەوباس لەسەر مەلامستەفا نییە !! تۆ کەسایەتی سیاسی خۆت شکاند ! کەس لە ئێمەمان ڕای وانەبووە دژایەتی بارزانی و پارتی بکەین ! بەڵام هەموو شت بە خوێ و خوێش بەمانا !!! شوێنی تۆ مەکتەبی سیاسی بوو نەک پاراستن !!!!

پێش ڕێککەوتنی بارزانی و حکومەت (١٩٧٠ ) شەڕی ناوخۆ هەبوو ، واتە ساڵەکانی ١٩٦٧– ١٩٧٠ کەوای لە کۆمەڵیک گەنج کردبوو سەر بنێن بەیەکەوە و بەدوای چارەسەردا بگەڕین ، چونکە بەڕاستی میللەت بێزار بوو لە یەکتری کوشتن و خەتاکەشیان دەخستە پاڵ باڵی پارتی ( م . س ) .

هەرلەوکاتانەدا کۆمەڵە گەنجێک کەوتبوونە ژێر کاریگەری شۆڕشی کوباو سەرکردەکەی ( فیدل کاسترۆ ) ، هەروەها شۆڕشگێڕی ناوداری ئەوسەردەمە ( ئارنستۆ شی گیڤارا ) کە خۆی پزیشکێکی ئارژەنتینی بوو ، شانبەشانی فیدل کاسترۆ هاوکاریکرد لە شۆڕشەکەی کوبادا ، تا لەساڵی ١٩٥٩ دا حوکمی باتیستایان ڕووخاند و دەسەڵاتیان گرتە دەست و دواتریش پاش چەند ساڵێک دەستی هەڵگرت لە هەموو دەستکەوت و پلەوپایەیەکی خۆی و ڕوویکردە بۆلیفیا بۆ ئەوەی لەوێ تاقیکردنەوەی کوبا دووپاتبکاتەوە ، بەڵام لەساڵی ١٩٦٧ دا لەشاری فالیفراندی لە بۆلیفیا کەوتە دەستی دوژمنو لەناویانبرد . یەکێک لەوکەسانەی ئاهەنگی ڕێزلێنان و ستایشکردنی ڕێکدەخست لە بەکرەجۆ بەبۆنەی شەهیدبوونی گیڤاراوە ، مام جالال بوو ، خۆیشم یەکێک بووم لە بەشداربوان . دیسان لەو ساڵەدا – ١٩٦٧ – خەباتی چەکدارانە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە کە مەلا ئاوارە ( عەبدوڵڵە ی موعینی ) و براکەی ، سلێمانی موعینی و ئیسماعیلی شەریفزادە سەرکردایەتییان دەکرد بەڵام پاش شەهیدبوونیان ، چالاکییەکە درێژەی نەکێشا .

ساڵەکانی ١٩٦٧– ١٩٧٠ گۆڕانی گەورەیان بەخۆوە دی بەهۆی شەپۆلێکی ماویزم کە ئەوروپای ڕۆژئاوا



( بەتایبەتی فەرەنسا ) و ناوچەکەی گرتبۆوە . ( بەبڕوای من ئەمە شۆڕشی لاوان نەبوو وەکوو کاک فوئاد قەرەداخی باسیدەکات ، چونکە نەیتوانی گۆڕانکاری لە سیستمی سەرمایەداریدا بکات ، ئەمە تەنها چالاکی و هەڵچوونێکی چەپ بوو بۆ ماوەیەکی کورت ، وادەزانم شۆڕش مانایەکی فراوانتری هەیە ! ) .

لەساڵی ١٩٦٧ دا یەکێک لە ڕەهبەرەکانی ( سازمان انقلابی حزب توده ایران ) کەڕێکخراوێکی ماوی بوون و بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ یان کردبووە ڕێبازی خۆیان هاتە سلێمانی بەناوی دکتۆر جەلالەوە و خۆیشی پزیشک بوو ، ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی ( کورش لاشائی ) بوو ، ئەم پیاوە کەسێکی جوامێرو بلیمەت و ڕەوشت بەرز بوو ، سێ مانگ لای من میوان بوو ، هەر لەماڵی ئێمەیش فێری زوبانی کوردی بوو . من لەسەرەتادا چەند وشەیەکی فارسیم دەزانی ، بەڵام دوایی سوودی زۆرم لە زوبان و هەڵسوکەوت و بیری ئەو وەرگرت . ئەوانەی بەگەرمی سەردانی ئەویان دەکرد لە ماڵی ئێمە چەند کەسێک بوون لەوانە کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین یەکێکیان بوو .

ساڵی ١٩٦٨ لەباتی تاکە کەسێک ، چەند کەسێک لە ڕێکخراوی ناوبراو هاتنە کوردستان و ئەمجارەیان لە

بەکرەجۆ لای مام جەلال میوان بوون تاساڵی ١٩٧٠ و ناوەکانیان بەم شێوەیەبوو دکتۆر جەلال ( کورش لاشائی ) . کاک ئیسماعیل ( ایرج کشکولی ) کاک قوباد ( خسرو صفائی ) لەگەڵ کاک مراد ،کاک صەفا ، کاک هاشم کە ناوە ئەسلییەکانیان نازانم . ڕەهبەری گەورەی ڕێکخراوەکە وەکوو من بیستبێتم ( مهدی خان بابا تهرانی ) بوو کەلە ئەوروپا مابووەوە و نەهاتبووە کوردستان ، سەردەمێک ئەو ڕادیۆی فارسی لە پەکین – ی پایتەختی چین دەبرد بەڕێوە . ئەم برادەرانە کە هاتبوونە کوردستان لە دەرویشە سەرگەرم و دڵسۆزەکانی ماو بوون ، هەندێکیان یان هەموویان چاویان بە ماوتسی تۆنگ کەوتبوو .

هەر لەوساڵەدا نەوشیروان مستەفا دەستیکرد بە وەرگێرانی وتەکانی ماو ( کتێبە سوورەکە ) هەروەها کتێبولکەکەی خەلیفەکەی ماو ( لین پیاو ) لەسەر شەڕی پارتیزانی ، جگەلەوە نەوشیروان مستەفا ئیمتیازی گۆڤارێکی مانگانەی وەرگرت بەناوی رزگاریو مەرحوم شازاد جەمیل سائیب سەرنووسەرەکەی بوو . وتار و بابەتەکانی گۆڤاری ناوبراو چەپڕەوانە بوو ، بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ ی تیادا بڵاودەکرایەوە جگە لە ڕەخنە و تەعلیق و نووسینی جۆراوجۆر لەسەر پارتی و



سەرکردایەتییەکەی کە ئەوسا ئێمەی جەلالی هەموو لە ململانێدابوین لەگەڵیاندا .

ڕێکخستنەکانی ئەو سەردەمەی پارتی ( باڵی م.س ) ، بەشێکیان ماویزم و بیروباوەڕی چەپیان قەبووڵ نەبوو ، ئەو زەمانەش هەندی کوتلە پەیدابوبون لەدژی ئەم بیروباوەڕە نوێیە و چەند جارێکیش ململانێکان ئاژاوەو شەڕی لێکەوتەوە کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە . بەبڕوای من فاکتەری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ماویزم لە کوردستاندا دەگەرێتەوە بۆ هاتنی گروپەکەی سازمان انقلابی حزب توده ایران کە توانییان سەرنجی مام جەلال ڕابکێشن بەلای خۆیاندا و بیگۆڕن بۆ کەسێکی ماویست ، دواتریش نەوشیروان مستەفا و کۆمەڵێک لە کادرە ڕۆشنبیرەکانی ڕێکخراو و لیژنەی ناوچەو لقی سلێمانی بوونە هەڵگری ئەم بیروباوەڕە ، بەندەش یەکێک بووم لەوانە .

فاکتەرەکانی تر کە فوئاد قەرەداخی ناوی بردوون وەکوو شەهیدبوونی گیڤارا ، شۆڕشی ڕۆشنبیری چین ، ناکۆکی فیکری و سیاسی سۆڤیەت و ئەلبانیا وحزبە ماوییەکان لە ئەوروپا ، ناکۆکی نیوان باڵی م.س و حزبی شیوعی بەهەردو باڵەکەیەوە ، دەرچوونی چەند ئەندامێکی ئەو ڕێبازە بۆ لقی پارتی م.س ، درووستبوونی ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری لە ئەندامە

ماوییەکانی لق و ناوچەی سلێمانی ، ناکۆکی کۆمیتەی ناوەندی م.س لەگەڵ ماویستەکانی لقی سلێمانی . ئەم فاکتەرانە هەموو لاوەکین و بە بڕوای من هۆی سەرەکی نەبوون .

وەکوو پێشتر باسمکرد لەدوای مانگی ئازاری ١٩٧٠ کۆمیتەی ناوەندی باڵی م.س و ئەندامانی لق و بەشێک لە ئەندامانی ناوچەو ڕێکخراوەکان پەڕیبوونە بەغدا و هەندێکی تریان لە سلێمانی وشارەکانی تر مابوونەوە . بێگومان ئەندامان و جەماوەری باڵی م.س بەتایبەتی پێشمەرگەکان کە نەیاندەزانی چیبکەن دڵتەنگو ناڕەحەتو سەرلێشێواو بوون چونکە پێیان وتبوون ( بڕۆن کەیفی خۆتانە چیدەکەن بیکەن ! ) .

لقی سلێمانی و ژمارەیەکیتر لە نزیکەکانی خۆیان کوتلەیەکیان درووستکردبوو دژی م.س ، تووڕەو یاخی بوون ، بە توندی ڕەخنەیان دەگرت لە مەکتەبی سیاسی و قسەیان پێدەوتن و واتێگەیشتبوون لە سیاسەتدا گەرەنتی هەیە و نەدەبوایە وەزعەکە وای لێبهاتایە کە ئەوان بە چاوی خۆیان بینییان !! کوتلەکە بریتی بوو لە : نەشیروان مستەفا ئەمین ، مەحمود مەلا عیزەت ، شازاد جەمیل سائیب ، حەمە سابیر ( ئاوەڵ زاوای مام جەلال) ، ڕەفعەت مەلا ئەورەحمان ، حەمە چاوشین . من هەندی لە قسەکانی ئەوسای نەوشیروان



مستەفام بیر ماوە کە لێیم دەبیست لە بەغدا و ئێرە جێی هەڵڕشتنی نییە .

لەولاشەوە مام جەلال گروپێکی درووست کردبوو ، هەندێ ئێوارە لە نوسینگەیەک لە ( شارع فلسطين – بەغدا ) وانەی دەوتەوە و لەسەر( قۆناخی رزگاری نیشتمانی ، شۆڕشی دیموکراتی نوێ ، شەڕی پارتیزانی ) ، قسەی دەکرد و تێکڕای باسەکان تیۆری و بیروباوەری ماوتسی تۆنگ بوون ، هەرچەند بچوومایەتە بەغدا دەچوومە ئەو شوێنەو گوێم دەگرت ، ئێوارەدرەنگانێکیش خەڵکانی هەمەجۆرەی کۆن و نوێ ، سەر بەم گروپ ، یان ئەو تاقم ، لە کتێبخانەی ( الفكر الجديد– بەغدا ) کۆدەبوونەوە کە شەهید شەهاب و برادەرانی سازمان انقلابی ایران دەیانبرد بە ڕێوە و لەوێ سەریاندەنا بە سەرییەکەوە و بیروڕا ئاڵوگۆر دەکرا . خەڵکانێکی تر ، نەئەملا و نەئەولا دەیانوت چیبکەین ، ئەمانە هەمووی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە حزبی بەعس جێی بڕوا نەبوو ، کەسیش لێی ڕوون و ئاشکرا نەبوو ئاخۆ بارزانی وپارتی نەخشەو پیلانیان چۆندەبێ بۆ داهاتوو . ئەوکاتانە هێشتا هەردو باڵەکەی پارتی یەکیان نەگرتبۆوە ، لەولاشەوە پ.د.ک باڵی بارزانی دەسەلاتی یەک حزبییان پەیرەو و پیادە دەکرد

لەکوردستاندا و ڕازی نەبوون لەخۆیان بەولاوە حزبێکی تر بە ئاشکرا لە گۆڕەپانەکەدا چالاکی سیاسی بکات . حزبی شیوعی عێراق- لقی کوردستان ، بەهەردوباڵەکەیەوە دەیانویست سوود لەو هەلومەرجە نوێیە وەربگرن و بەکاری بهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان .

ئالەم کەین و بەینەدا بیری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ سەریهەڵدا کەلەداهاتوویەکی دووردا پاش ڕەگ و ڕیشە داکوتان و ڕاکێشانی جەماوەر بەلای خۆیدا ، ببێتە حزبی پێشڕەو و پەیڕەوی شەڕی پارتیزانی و خەباتی درێژخایان و بەرەیی بکات ، مەبدەئەکانی شۆڕشی دیموکراتی نوێ جێبەجی بکات و خزمەتی قۆناخی شۆڕشی ڕزگاری نێشتمانی پێبکات ، نیشتمان پاک بکاتەوە لە دوژمن و تێبکۆشی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی . دەوڵەتێک بۆ هەموان و لەخزمەتی هەموان .

من ئەوکاتە لەسلێمانی مابوومەوە ، زۆر بەوردی و بەڕوونی ئاگاداری پەیوەندییەکان و بیرگۆڕینەوەکان و دانیشتنەکان نەبووم ، بەتایبەتی من کارمەندی زانکۆی سلێمانی بووم و ناوبەناو بەکاری زانکۆ دەچوومە بەغدا و پاش چەند ڕۆژێک دەگەڕامەوە ، جگەلەوە من ئەندامی لق و ناوچەیش نەبووم ، نەخەوم پێوەدەبینی



و نە حەزیشم لێی بوو ، بەڵام بە حوکمی قاڵبوونم لەکاری سیاسیدا ، خەڵکێکی زۆرم دەناسی لەمام جەلالەوە هەتا خوارەوە . کاتێکیش ئەو برادەرانە بریاری دامەزراندنی کۆمەڵەیان دا ، من یەکێک بووم لەوانەی پەیوەندیم پێوەکرا و ئێمە بوینە وەجبەی دووەمی دامەزرێنەری کۆمەڵە .

## دەربارەی خاڵە گرنگەکانی
## دیدارەکەی فوئاد قەرەداخی
## کە سەرنجی منیان ڕاکێشا

**یەکەم/** فوئاد قەرەداخی پێی وایە مێژووی دروستبوونی کۆمەڵە پشت بە دۆکومێنت نابەستێت و گێڕانەوەی جیاجیا بۆ کۆمەڵە کراوە و کارێکی هەرەوەزی بەباش دەزانی بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە .

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی دوایی فوئاد قەرەداخیدام سەبارەت بەکاری هەرەوەزی کە پێکبێت لە کەسەکانی وەجبەی یەکەم و دووەم بۆئەوەی زانیاری زیاتر



کۆببێتەوە و وەبیرهێنانەوەی باشتریش هاوکاری بکات لە نووسینەوەی مێژووەکە و رزگاریبکات لە ئیعتیباراتی سیاسی و مەیلی شەخسی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و کینەو ڕق و لاف و گەزافی تایبەتی .

بەڵام دەربارەی نووسین و دۆکومینت ، فوئاد دەزانیَ کۆمەڵە لەوکاتەدا ڕێکخستنێکی زۆر نهێنی بوو ، خاوەنی دەستوورێکی بەرگ سوور بوو کە من دانەیەکیم لابوو لە سلێمانی ، دواتریش بڵاوکراوەیەکی هەبوو بەناوی ئاڵای سوور ، ململانێکانیش لەسەر ناسنامەی کۆمەڵە ، بەشێک بوو لە چالاکییەکان . ئیتر نازانم فوئاد قەرەداخی مەبەستی چییە لە دۆکومێنت و نووسراو؟ .

**دووەم/** دەربارەی ناسنامەی کۆمەڵە ، فوئاد دەڵێ : ئەوەی من لێرەدا باسی دەکەم کۆمەڵەی ڕەنجدەران نییە بەڵکو کۆمەڵەی ( مارکسی – لێنینی کوردستان – عێراق _ ە ) و دوای دەرچوونی من و چەند هاورێییەکی تر لەکۆمەڵە کە بە عێراقچی ناوزەد کراین ، داش عێراقی لێکرایەوە .

لەوەڵامی ئەمەدا دەڵێم : ئەو دەستوورەی لای من بوو ناوی ( کۆمەڵەی مارکسی – لێنینی کوردستان ) بوو ئیتر ئەگەر پێشتر ، لەسەرەتادا و لە بەغدا ناوەکە جۆرێکی تر بووبێت ، ئەوە من ئاگام لێی نییە ، ئەمە

له لایەک ، لەلایەکی تر ئەگەر ناسنامەی کۆمەڵە کوردستانی نەبوایە ، من کارم تێدانەدەکرد ، هەر ئەمەیش وایکرد کە ئێمە بکەوینە ململانێوە لەگەڵ گروپەکەی فوئاد قەرەداخیدا کە دواتر دێمەوە سەری . بەڵام دوایی کە کۆمەڵە چۆتە شاخ و داش عێراقیان خستۆتە سەر ناوەکەی و پەیڕەوی مارکسیزم لێنینیزم و بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ نەکراوە ، ئەمەیان ڕاستە و من وکاک فوئاد لێرەدا یەکدەگرینەوە .

لەبەشێکی تری دیدارەکەدا فوئاد قەرەداخی حەزی بە دامەزراندنی بەدیلێک کردووە وەکوو کومەڵە ، بەڵام بە بێئەوەی خۆی لە بالی (م.س) بپچڕێنێ و دەڵێ : لەلام ستەم بوو حزبێک لەسەرەتای هەرزەکاریمەوە کارم تێدا کردبوو ، لە ڕۆژگاری نەهات و نووچداندا پشتی تێبکەم ، پێم وابوو ئەگەر بەرامبەر ئەو حزبە ئەمەکدار نەبم .......... هتد

لەگەڵ ڕێزمدا ، من تێناگەم چۆنچۆنی فوئاد قەرەداخی ، کە خۆی بە چەپ و مارکسی دەزانێ ، خۆی لە دوو حزبدا ، یەکێکیان بۆرژوازی و ئەوی تریان مارکسی کۆدەکاتەوە ، بەتایبەتی ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵە و زۆر چاک زانیویەتی کە مارکسیزم لێنینیزم بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ پەیڕەو دەکات ، جگەلەوە ئەو کاتی خۆی لەسەرەتای



درووستبوونی کۆمەڵەدا یەکێک لە ڕەخنەکانی لای من ئەوەبوو کە گوایا مام جەلال ئامادە نییە ڕەخنە لە ڕابوردووی خۆی بگرێت ! ئایا ئەمەی فوئاد دەیڵێت لێدان نییە لە تەلی عاتیفە ؟ ئایا ئەمە پابەندبوون ناگەیەنێت بە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە ؟!!

من بەشبەحاڵی خۆم هەڵوەشانەوەی پارتی ناوبراوم بەچاکدەزانی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە: :

**یەکەم** / بۆ ماوەیەکی درێژ شەڕی ناوخۆ نەما لەکوردستاندا و لەجێی ئەو ئاشتی بەرقەرار بوو .

**دووەم** / پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ڕزگاری بوو لە حکومەت ، هەروەها لە حزبی بەعس کە بڕوای بە کوردو کوردستان و کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد نەبوو .

**سێیەم** / دەرگایەک کرایەوە کە خەڵکانی ڕۆشنبیری ناو حزبەکە خۆیان بیر لە شتی باش بکەنەوە و نەفرەت لە شتەخراپەکانی ڕابوردوو بکەن ، کێ بزانی دامەزراندنی کۆمەڵە یەکێک لەو ئاکامانە نەبێت .

**چوارەم** / زەمینەیەک خولقا لە کوردستاندا بۆئەوەی بیری چاک گەشەبکات و خەلک چاوی بکرێتەوە و خۆی پەروەردە بکات ، ئەمە لە زەرفی شەڕی ناوخۆدا زەحمەتە .

دەربارەی نەوشیروان مستەفا و مەحمود مەلا عیزەت دەڵێ: ئەو و مەحمودی مەلاعیزەت پەشیمان بوونەوە بێنە ناو کۆمەڵەوە چونکە ناوهێنانی ئاشکرای مارکسیزم لینینیزم بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ یان قەبووڵ نەبوو ، هەروەها تێبینییان هەبوو لەسەر هەڵسوڕاوێکی چالاکی گروپەکەی شەهاب ، جگەلەوە گوایا بە بێئاگاداری ئەوان کاری ڕێکخراوەیی کراوە و ئەمانیان لێ ئاگادار نەکردووە ، واتە نەوشیروان و مەحمود . فەرەیدون عەبدولقادریش کە باسی نەوشیروان دەکات دەڵێ : کەئەو زانی مام جەلال بەشدارە وتی : من بەشدارنابم .

پێش هەموو شتێک دەبوایە فوئاد قەرەداخی ناوی هەأسوڕاوەکەی گروپی شەهابی بهانیبا بۆئەوەی بزانرێ ئایا ئەو قسەیەی نەوشیروان و مەحمود پڕبەپێستی هەڵسوڕاوەکەیە یان نا ؟!

دەربارەی خودی نەوشیروان مستەفا ، هەموو ئەو بیانوانەی سەرەوە ڕێی تێدەچی ، چونکە ناوبراو لە ژیانیدا ، نە چەپ بووە ، نە مارکسی و ماویش بووە ، زەمانێکیش کە بیری ماوی قەبووڵ بووە لەبەر ئەوە بووە کە مۆدێل بووە و چاوی لە مام جەلال کردووە! ئەگەر وانییە ئەی بۆچی دوایی دژی وەستانەوە؟!!!!! . جگەلەوە کە پێی وتراوە مام جەلال لە کۆمەڵەدایە و



ئەویش قوشقی بووە ، ئەوەلەبەر ئەوە بوو کە ئەوسا نەوشیروان و گروپەکەی ڕێک نەبوون لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و مام جەلالدا ، جگەلەوە ئەو و مەحمود هەمیشە حەزیان بەوەبوو کە ڕیشسپی و ڕابەربن و هەموو شتەکان لەخۆیانەوە دەستپێبکات! .



لەپاڵئەمانەدا من هەڵسەنگاندنێکی ترم هەیە کەڕەنگە جیاواز بێ لەوانەی کاک فوئاد و کاک فەرەیدون و بتوانم سەرنجی خوێنەری پێڕابکێشم ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوکاتە ( دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠) نەشیروان مستەفا هەموو ئەو دەسەڵات و کاروچالاکیانەی کەهەیبوو لە

لقی سلێمانی پارتی _ باڵی م.س _ بەتایبەتی کاری ڕۆژنامەگەری و گۆڤاری ڕزگاری ، هەمووی لەدەست دەرچوو ، نەوشیروان بە تەنها مایەوە ، جگەلەوە بەرەوڕووی کێشەیەک بووبۆوە لەناوەوە و دەرەوەی ڕێکخستن کە بەو چارەسەر نەدەکرا و بۆی نەدەخرا بەلایەکدا و ئەمە وای کردبوو ئەو دڵتەنگ و نارەحەت بێت و تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ ببێت و زۆرێش دەرنەدەکەوت ، کەپارتی باڵی م.س خۆی هەڵوەشاندەوە و گەڕایەوە ناو پارتی بەسەرۆکایەتی بارزانی ، ژمارەیەک لە ئەندامانی م.س سەردانی بارزانییان کرد ، لەوانە مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد بوو ، دواتریش بەیەکجارەکی لەبارەگای ئەو دایانکوتا . نەوشیروان مستەفاش یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵ خۆیان بردیان و ئەویش ماوەیەک لەوێ دایکوتا . من جارێکیان سەفەرێکی حاجی هۆمەرانم کرد و سەردانێکی سەرپێی ئەوم کرد . نەوشیروان مستەفا زۆر لەوێ نەمایەوە و لە پاش ماوەیەک ئەوێی جێهێشت و چوو بۆ شارەزوور بۆ ماڵی مام رەزای مامی ، دوای ماوەیەک لەوێش خۆی پێنەگیرا و هاتەوە بۆ سلێمانی و ناوبەناو سەردانیم دەکرد ، پاش ماوەیەک سلێمانی جێهێشت و چوو بۆ ماڵی خوشکی لەبەغدا و لەوێش هەر دەمبینی و سەردەمێکیش کە دکتۆر فوئاد



جەلالی زاوای لە میسر دەبێت ، ئەمیش سەفەردەکات بۆ ئەوێ و هەندێ نامەی مام جەلالی پێدەبێ بۆ ئەبو فلان و ئەبو فیسار و کە پاش ماوەیەک لەوێش گەڕایەوە ، قسەی بەوانە دەوت و دەیوت: ئەبو..........کانی مام جەلال هیچیان بۆ نەکردم آ!!!!! . ئەگەر سەرم لێتێکنەچووبی لە ساڵی ١٩٧٢ دا بەیەکجارەکی چووە نەمسا و من یەکێک بووم لەوانەی لە بەغدا بەڕێمانکرد . پێش ئەوە مەرحوم حلمی عەلی شەریف ئێوارە خوانێکی سازکرد لەسەر شەرەفی ئەو بەبۆنەی سەفەرەکەیەوە ، منیش بەشدار بووم.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە نەوشیروان مستەفا لە حاڵەتی هەڵچوون و داچوونێکی بەردەوامدابوو و دەیویست بڕواتە دەرەوەی وڵات ( ئەو قەت ئەمەی لای من باسنەکردووە ) بەڵام وامدەخوێندەوە ، جگەلەوە لەڕووی کەسایەتی سیاسییەوە ئەو هەموو ژیانی هەڵچوون و داچوون بووە و کەسێکی ئارام نەبووە ، زوو زوو توڕەدەبێت و چی بەسەر دەمیدا بێت دەیڵێت ، زوو زوویش سارد دەبێتەوە و وەکوو جاری جارانی لێدێتەوە ، زوو زوو دەڕوخێ و یاخیدەبێت و کارەکەی جێدەهێڵێ و زوو زوویش دڵی دێتەوە جێی خۆی .

دەربارەی ئەوەی گوایا مام جەلال لە کۆمەڵەدا بووە و ئەمیش وتوویەتی : لەبەرئەوەی ئەوی تێدایە ، منی

تێدانیم........ ئەمە ڕێی تێدەچێ ! بەڵام من بە فەرەیدون و خوێنەر دەڵێم کە نەوشیروان مستەفا لەمێژەوە خۆی بە قوتابییەکی مام جەلال دەزانێ و چەند جارێک ئەمەی لای من وتووە لە کاتی خۆیدا ، لەبەرئەوە بڕواناکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لەوە کردبێتەوە پاشقول لە مام جەلال بگرێ یان چاڵی بۆهەڵکەنێ ! ئەوەندەی من نەوشیروان بناسم کە ٤٤ ساڵ زیاتر دەکات ، ویستوویەتی لە سێبەری مام جەلالدا دەسەڵاتی هەبێت و ئەوکارانە بکات کە خۆی بەباشیدەزانێت . جگەلەوە لەگەڵ ئەوەی ئەو زۆری نووسیوە ، بەڵام نەم بیستووە کە خاوەنی دیراسەو بەرهەمێکی (نیشتمانی یان چەپ و مارکسی یاخود نەتەوەیی ) بێت دەربارەی کێشەی کورد و چۆنێتی چارەسەرکردنی . ئەو وەکوو مام جەلال حەزی بە کوردایەتییە ، هەروەها دیموکراتی بۆ عێراق و بەهێزکردنی برایەتی کوردوعەرەب ، دواتر مسۆگەرکردنی هەندی ماف بۆ کورد .

بەڵگەم بۆ ئەو قسانەی سەرەوە ، وەڵامی نامەیەکی مام جەلالە کە نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا ( لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ – دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان ١٩٧٥– ١٩٧٨ ) لە لاپەڕە ٤٢ دا نووسیویەتی دەڵێ :



جارێکیان لەوەڵامی نامەیەکیدا بۆ ئەوەی دڵنیای بکەم لەوەی من هەر لەسەر بەڵێنە کۆنەکەی خۆم ماوم ، سەرەتای نامەکەم بەم شیعرەی سالم دەس پێکرد :

**ئەی قیبلەی مورادم ئاخۆ بە ڕۆژگاران**
**جارێ لەکەس ئەپرسی حاڵی غەریبی تاران**
**بەو سوێندەی کە خواردم : من هەر ئەوەم کە دیوتم**
**حاشا بکەم فەرامۆش ، میثاق و عەهدی جاران!**

**لەدێڕی دووەمی بەیتی یەکەمدا وشەی تاران م گۆڕیبوو بە شاران.**
**(نەوشیروان مستەفا)**

خاڵێکیتر کە قەرەداخی دەیوروژێنێ ، ناسنامەی ڕێکخراوەکە و سنوری کارکردنی بوو. ئایا ڕێکخستنەکە ناسنامەیەکی ناسیۆنالیستی دەبێت یان ناسنامەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی؟ ئایا ستراتیژی ڕێکخراوەکە کارکردن دەبێت بۆ درووستکردنی حزبێکی عێراقی یاخود کوردستانی ، ڕزگاری هەموو کوردستانە یان کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا ؟

دەربارەی ئەم خاڵە ئەوەی من بیرم مابێ ، تەم ومژ لەسەر ناسنامەی کۆمەڵە نەبوو ، کۆمەڵە ڕێکخراوێکی

ماوی بوو بڕوای بە خەباتی ناسیۆنالیستی و چینایەتی هەبوو ، تێدەکۆشا بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پیادەبکات لە سەرانسەری کوردستاندا بەڵام زیاتر کوردستانی عێراق . هەروەها خەباتیدەکرد بۆئەوەی حزبێکی کوردستانی دابمەزرێنێ لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی پێشتر لەم وتارەدا باسم لێوە کرد .

## دەربارەی خاڵە گرنگەکانی چاوپێکەوتنەکەی فەرەیدون عەبدولقادر کە سەرنجی منیان ڕاکێشا.

پێشەکی دەمەوێ ئەوە بە فەرەیدون بڵێم کەئەو وەکوو کەسێکی نامۆ بە ( کۆمەڵە ، بیری چەپ ، مارکسیزم _ لێنینیزم بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ ) خۆی پیشاندەدات و ڕادەکات لە ناوبردنی زاراوەی مارکسی ، شیوعی، حزبی شیوعی و زیاتر وەکوو کەسێکی سەرمایەدارو دەڵەمەند و پارەدار قسەدەکات و دەیەوێ هەموو لایەنەکان و کەسایەتییەکان ڕازیبکات وەکوو: پارتی دیموکراتی کوردستان . یەکێتی نیشتمانی



کوردستان ، مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ، عومەر فەتاح .

من ئەمە بەهەڵە دەزانم چونکە کاک فەرەیدون ، مەوقیعی ئێستای هەرچییەک بێت ، نابێ پەنابەرێتە بەر سیاسەتی ڕازیکردن و بازبدات بەسەر ڕاستییەکاندا کە برێتییە لە مێژووی دامەزراندنی ڕێکخراوێک بەناوی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان ، کۆبوونەوەو دانیشتنەکان ، کەسەکان ، بڕیارەکان ، دابەشکردنی کار و ناوی بەرپرسەکانی شارەکان ، ناکۆکییەکان وئینشیقاقەکان و ناوی ئەوانەی لەوەجبەی یەکەم و دووەمدا کاریانکردووە .....تاد نابێ ئەو خۆی وەکوو پاڵەوانی فیلمێک پیشانبدات و خەتێکی ڕاست وچەپ بەسەر ئەوانی تردا بهێنێ ، بە پێچەوانەی ئەمەوە ، دەبێ ئەو وەکوو کەسێکی بێلایەن باس لە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵە بکات و پێی نەنگ نەبێت کە بڵێت : کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستانمان دامەزراند ، نەک بڵێ: کۆمەڵە یان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانمان دامەزراند .

لەبەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا فەرەیدون مەوقیعی مام جەلالی لە کۆمەڵەدا ڕوون نەکردۆتەوە ( ڕیش سپێ بووە؟ ، دامەزرێنەربووە وەکوو ئەوان؟ ، ئەندام و دۆست بووە؟ ) تەنها دەڵێ : لەبەرئەوەی ئێمە کۆمەڵە

گەنجێک بووین و پێویستیمان بە کەسێکی ناسراو هەبوو لەگەڵماندابێت چوین پەیوەندیمان بە مام جالالەوە کرد .

هەروەها دوو کۆبوونەوە بەمەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە لەماڵی ئەوان لە( بەغدا- ڕاغبە خاتون) ئەنجامدراوە و باسی ناسنامەی کۆمەڵە و دەستوورەکەی کراوە کە فوئاد قەرەداخی یەکێک بووە لە بەشداربووەکان ، بەڵام فەرەیدون (کە دوای فوئاد قەرەداخی چاوپێکەوتنەکەی کردووە لە گەڵ هەفتەنامەی میدیادا ) بەلای ئەمەدا ناچێت و باسی لێوەناکات . لەڕاستیدا ئەگەر بتەوێت هەڵسەنگاندنی زانستانەو دروست بۆ ڕابوردوو بکەیت ، پێویستە لە هەموو لایەکەوە سەیری کەسەکان و شتەکان و دیاردەکان بکەیت و چی ڕاستە ئەوە بڵێیت و هەر شتە هەقی خۆی بدەیتێ ، ئەگەر لە نووسیندا بێلایەن نەبیت و خۆت ڕزگار نەکەیت لە موجامەلە و خاتر و خۆتر ، ئەوا کارەکان ئەنجامی باش نادەن بەدەستەوە و زۆری تێکدەچێ .

لە شوێنێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا ئەوە باسدەکات کە ئەوان بیریان لە ڕێکخراوێکی نوێ کردۆتەوە کە لە هی ڕێکخراو و حزبەکانی تری کوردستان نەچێت ، گوایا خەڵکانی رۆشنبیرو ڕەنجدەر و زەحمەتکێش بەردەوام



سووتەمەنی بوون ، بەڵام دووربوون لە بریارێکی سیاسی و بۆچوونیان وەرنەگیراوە و زۆربەی سەرکردایەتی جووڵانەوەکانی کورد شێخ و مەلا بوون و بریاری سیاسییان داوە ، هەوەها بڕوایان وابوو کە پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوە ناتوانن هیچ بکەن ......

من بە فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێم: لەوەتی کوردایەتی و شۆڕش هەیە لە کوردستاندا ڕۆشنبیر و ڕەنجدەر و زەحمەتکێش بەبەردەوامیی سووتەمەنی بوون و ڕاوبۆچوونیان وەرنەگیراوە و هێچ حسابێکیشیان بۆنەکراوە ، نەک هەر ئەمەوبەس جاری وا هەبوە ئەندامێکی سەرکردایەتیش حسابی بۆ نەکراوە و لەسەر ڕەخنەیەک پەلاماردراوە و سووکایەتی پێکراوە و دەرپەڕێنراوە ، نموونەی ئەمە عەلی محەمەد عەسکەرییە ( عەلی بچکۆل ) برادەرەکەی کاک فەرەیدون خۆی کە لەسەر ڕەخنەیەک لە پاکستان خۆی گرتەوە .

دیسان بەبیری کاک فەرەیدونی دێنمەوە ، هەتا ئێستایش سەرکردایەتی لەکوردستاندا لەدەستی شێخەکاندایە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە و هەموو ناکۆکی و ململانێکانیش لەگۆڕەپانی سیاسیدا لەگەڵ شەڕەکانی ناوخۆ ، بەدرێژایی ساڵەکانی رابوردوو ، هەمووی لە ئەستۆی ئەواندایە .

چەند خاڵێکی تری گرنگ ماوە کە پەیوەندییان بە دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەڵەوە نییە ، بەڵام لەبەرئەوەی لەدەمی دامەزرێنەرێکی کۆمەڵە ( فەرەیدون عەبدولقادر ) دەرچووە ، ئەوا ناچارم کورتەیەکیان لەسەر بنووسم .

یەکەم / دەربارەی بەرەی کوردستانی ، فەرەیدون وا خۆی پیشان دەدات ئەو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە سەرخستنی بەرەی کوردستانی و ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوا بەرە درووست نەدەبوو .

من پێم وایە ڕاستییەک هەیە کە نابێ بیشارینەوە و پەیوەندی بە هەوڵ و تەقەلا و هیمەتی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم یان ئەو حزبەوە هەیە سەبارەت بە درووستکردن و سەرخستنی بەرەی کوردستانی ، بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستی مندان ، شتێکی وەهام بەرچاو نەکەوتووە پیشانی بدات ئەگەر فلانە کەس نەبوایە ئەوا بەرەی کوردستانی سەرکەوتنی بەخۆوە نەدەبینی!! .

ئەگەر نەختێک بگەڕێینەوە بۆدواوە ئەوەمان بەبیردێتەوە کە ئێرانییەکان لە ڕۆژی ٧_٨ ١٩٨٦/١١ دا مام جەلال و مەرحوم ئیدریسیان بردە تاران و ڕێککەوتننامەیەکیان پێ ئیمزا کردن و دواتریش لایەنەکانی جود ، ورد ورد لەیەک نزیک بوونەوە و



ئاشت بوونەوە ، هەتا لە ئایاری ١٩٨٨ دا بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا و میساق و پەیرەوی ناوخۆکەیان بڵاو کردەوە و کاریان پێکرد . بەکورتی و بە کوردی دەتوانم بڵێم شەقی زەمانە بەرەی کوردستانی درووستکرد نەک ئازایەتی ئەم حزب ، ئەو ڕێکخراو یان ئەو تاکەکەس .

دووەم / دەربارەی پارە پەیداکردن و دەوڵەمەندبوون ، ئەو دەڵێ کەلەمنداڵییەوە کاسپی کردووە و لە بەندیخانەش بەقەدەر سێ ئەندازیار پارەی چنگکەوتووە و دواتریش خانووی خستۆتە ڕەهنەوە و لەبانکی فلان و فیسار پارەی قەرز کردووە و کاری پێوەدەکات .

من وەڵامێکی کورتی فەرەیدون دەدەمەوە و زۆرناچمە ناو ئەم باسەوە و کاری من نییە . ئەویش ئەوەیە ، فەرەیدون یەکەم کەسە کەلەو قسانە دەکات و لەکەسیترم نەبیستووە ! ، من بەشبەحاڵی خۆم لەکاتی خۆیدا دوو جار گیراوم و دوایی پاش ئازار و ئەشکەنجەو لێکۆڵینەوە لەناو خەڵکی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداردا خۆم بینیوەتەوە ، کەسم نەدی کاسپی بکات و چوار عانە پەیدابکات و خۆیشم وەکوو ئەوان بووم و بەدەستی سپی لە زیندان هاتمە دەرەوە .

بەڵام بۆ خاڵی سێیەم لەسەدا سەد لەگەڵ فەرەیدون دام و پێم باشە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی و حزبە کوردستانییەکان ، ئەوانەی تەمەنیان لەسەرو ٦٥ ساڵەوەیە ئیستیقالە بدەن و برۆنەماڵەوە و ئێخە لە ئێخەی ئەو خەڵکە بکەنەوە کە دەمیان لێکردوونەتەوە و لەپشتی کەسانێکیش نەوەستن کە سەرکردایەتی نوێ وەردەگرن . با ئەمە ببێتە کولتورێکی نوێ و ڕێگە بە خەڵکی گەنج و ڕۆشنبیری تر بدرێت بێنە گۆڕەپانی سیاسەت و جڵەو بگرنە دەست .

نیلسۆن ماندێلا پاش ٢٧ ساڵ زیندانی ، دەسەڵاتی باشووری ئەفەریقای ناچارکرد ڕژێمی نەژادپەرستی هەڵبوەشێنێتەوە و وڵاتێکی دیموکراتی بۆ باشووری ئەفەریقا ڕابگەیەنێ ، هەر ئەو وحزبەکەی لەگەڵ خەباتی زۆربەی رەشپێستەکان وایان لە فرێدرێک ولیام دوکلێرک کرد دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت پاش سێ سەدە لەدەسەڵاتی کەمینەی سپی.

خۆیشی لەساڵی ١٩٩٤تا ١٩٩٩ سەرۆک کۆمار بوو ، دوایی بە حوسن و رەزای خۆی دەسەڵاتی بۆ ئەوانەی خوار خۆی جێهێشت و گەورەترین سەروەری تۆمارکرد لە مێژوودا .

# من و کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان

لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەدا من یەکێک بووم لەوانەی پەیوەندیم پێوەکرا ، بەڵام ئاگاداری چالاکییەکانی دامەزرێنەرەکانی نەبووم لە بەغدا کە بریتیبون لە شەهید شەهاب شێخ نوری ، کاک فوئاد قەرەداخی ، کاک فەرەیدون عەبدولقادر و کاک فازیل مەلا مەحمود .

یەکەم دووکەس کە ناسیمن و چاوم پێیانکەوت ، کاک ئاوات زەکی عەبدلغەفور و شەهید شەهاب شێخ نوری بوو لە شاری سلێمانی . لەگەڵ شەهید شەهاب باسی



پێداویستییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی وەهاو سروشتی قۆناخەکەو بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسی ئەوسا و داهاتوومان کرد ، هەر زوو ئەوەم لا گەڵاڵە بوو کە بایەخدانێک هەیە بە من و پێیان خۆشە لێیان نزیکبوومەتەوە و ئامادە باشی خۆم پیشانداوە بۆ کارکردن . من خۆیشم دڵم خۆشبوو بە ڕێکخراوێکی وەها (نەجەلالی و نەمەلایی ) و هەمو جارێک لەبەرخۆمەوە دەموت خوا بکات ئەمە درێژەدان نەبێت بە ڕێکخستنە کۆنەکان و شەڕی کورد کوشتن دووپات نەبێتەوە . من ئەمەم بە کاک شەهاب وت ! و لەوەڵامدا ڕوونیکردەوە کە شتی وانییە و کۆمەڵە ، ڕێکخراوێکی کوردستانییە و لە سەرانسەری هەموو کوردستاندا خەباتدەکات و خەڵکی هەمەجۆرەی وەکو ( پارتی، جەلالی، شیوعی ، کاژیک ) کاری تێدادەکات و باوەشی بۆ هەموو کەسێکی تێکۆشەر گرتۆتەوە و دژی هیچ لایەکیشی نین .

من زوو لەوەگەیشتم کە ڕێکخراوەکە خۆی ئامادە ١٠تا ١٥ ساڵ خەباتی نهێنی بکات و گەورەترین ژمارە لەخەڵکی کوردستان لە خۆی کۆبکاتەوە و گۆشیان بکات بە بیری شۆڕشگێرانە و دواتریش کە بەرگەی لێدان و شەقی زەمانەی گرت ئەوسا خۆی ئاشکرابکات و بێتە مەیدان .

شەهید شەهاب کەسێکی جوامێرو تێکۆشەر ، پاک و خاوێن ، ورەبەرز ، سادە و بێ فیز و هەوا بوو ، هەتا دووساڵیش هەرچەند بچوومایاتە بەغدا سەردانیم دەکرد چونکە ئەو دەمە ئەو لەوێ کارمەند بوو ، ئیتر یان مەوعیدمان دادەنا ، یان پێکەوە بە پاسی نەفەرات ( تروحەکان ) نەک تاکسی ، دەچوینە چایخانە حەسیرەکانی بەتاوین ، لەوێ چایەک بە ٥- ١٠ فلس بوو ، ئەگەر برسیشمان بوایە لەفەیەکی ٤٠-٥٠ فلسیمان دەکڕی و بەسەر پێوە دەمانخوارد و دەستماندەکرد بە قسەکردن و وشەگۆڕینەوە ، بە ڕێکەوت جارێکیان کاتمان بەدەستەوە بوو ، شەهید ئاراممان بینی کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاریدەکرد ، هەر ئەوکاتانە ناو بەناو مام جەلالیشم دەبینی کەبەگەرمی پێشوازی لێدەکردم .

بۆئەوەی نەچمە ناو وردەکاری زۆرەوە ، دەمەوێ تێکۆشان و کارکردنی کۆمەڵە بۆ چەند قۆناخ و شێوە دابەش بکەم :

**یەکەم** / چالاکی مانگەکانی یەکەم و کۆکردنەوەی خەڵک و درووستکردنی ئەڵقەی ڕۆشنبیرێ و ململانێکردن لەگەڵ ئەوانەی بروایان بە خەباتی کوردستانی نەبوو .



دووەم / قۆناخی پێش شەڕدەستپێکردنەوە لەساڵی ١٩٧٤ دا و ململانێی ئێمە لەگەڵ دەزگای پاراستندا .

سێیەم / قۆناخی نووچدان و هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردو پەلاماردانی کۆمەڵە لەلایان حکومەتی بەعسەوە .

ئەگەر لەیەکەمەوە دەستپێبکەم ، ئێمە ، ئەوانەی دیارو چالاک بووین و زۆربەمان ئێستا خەتی ڕاست و چەپیان بەسەرماندا هێناوەو کەسیش ناومان نابات ئەمانەی خوارەوە بووین :

ئاوات زەکی عەبدولغەفور ، پرشنگ مەمەند ( خوشکی کاک حەمە مەمەندی دانساز ) دلێر تاهیر (برازای عومەر دەبابە) عەبدوڵڵە حاجی سەعید ، جەمال عەلی باپیر ، ئیبراهیم خەلیل ، عارف کەریم .

چالاکی مانگەکانی یەکەم بریتی بوو لە ڕاکێشانی خەڵکیی بۆ ناو ئەلقە ڕۆشنبیرییەکان، من چەند ئەڵقەیەکم هەبوو کە هەفتانە چاوم پێیاندەکەوت و بە پێی ئەو بەرنامەیەی دامانابوو ، قسەو لێدوانمان دەکرد کە زیاتر بۆ فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی ئەوان بوو ، ئەوکاتە کێشەی کچێکمان هەبوو کە براکەی دەیویست ڕێگەی لێبگرێ و کارمان لەگەڵنەکات ، نامەیەک ئامادەکرابوو بەناوی کۆمەڵەوە کە خۆم بردم بۆ

براكەی بۆ شوویێنی كارەكەی ، قسەم لەگەڵ كرد و نامەكەی خوێندەوە و هەر لەویَ نامەكەم سووتاند .

لەلایەكی ترەوە ( نەختێك درەنگتر ) سەرقاڵی گرووپە یاخیبووەكەی دژ بە مەكتەبی سیاسی بووین كە پێشتر ناویانم بردو ئاوات عەبدولغەفور پەیوەندی پێوەدەكردن بۆئەوەی خۆیان ساخ بكەنەوە بە هاتنە ناو كۆمەڵە یان دوورەپەرێز وەستان ، لەدواجاردا نەوشیروان مستەفا ، شازاد جەمیل سائیب ، محمد سابیر ( ئاوەڵ زاوای مام جەلال )بریاریاندا بێنە ناو كۆمەڵەوە و ئەوانی تریش ، مەحمود مەلا عیزەت ، رەفعەت مەلا ئەورەحمان ، حەمە چاوشین ، بەرەو پارتی رۆیشتن و هەندێك لەوانە بوونە ئەندامی لقی پارتی ، ئەمە ئەو كاتەیە كە هەردو باڵەكەی پارتی یەكیانگرتبۆوە . نەوشیروان مستەفا پەیوەندی فەردی هەبوو بە كۆمەڵەوە ، ئاوات زەكی عەبدولغەفور هاتوچۆی دەكرد بۆ ماڵەوە ، دەستووری كۆمەڵەی بۆ دەبردو پیشانی دەدا و دواتریش ئاگاداریدەكرد لە هەموو دەنگوباسێكی كۆمەڵە . بەڵام حەمە سابیر و شازاد سائیب هاتنە ناو ریزەكانی كۆمەڵەوەو كاریان لەگەڵ دەكردین .

ناكۆكی و ململانێكانی ترمان لەگەڵ عێراقچییەكان بوو كە پێكهاتبوون لە : فوئاد قەرەداخی ، فازیل



مەلامەحمود ، ئەشرەف شەرەف تاڵەبانی ، ئەورەحمان حاجی مەلا سدیق . حەسەن حەمەخان ، ئەكبەر عەلی ( زاوای ئەشرەف تاڵەبانی ) . لەناو ئەمانەدا تەنها فوئاد قەرەداخی كەسێكی لەسەرخۆو رۆشنبیر بوو و خۆی دووردەگرت لە موهاتەرات و قسەی بێتام ، من چەندین جار بیرورام لەگەڵ گۆریوەتەوە بەبێئەوەی ئازاری یەك بدەین ،

برادەرێكی تر هەبوو ، دكتۆر عەبدوڵڵە دەباغ ، (پێشتر مامۆستا لە كۆلیجی ئادابی زانكۆی سلێمانی و ئیستاش لە زانكۆی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو) زۆردۆستی من بوو ، دڵنیانیم لەوەی لەگەڵ ئەم گروپە كاریدەكرد یان نا ، چونكە قەت لەگەڵ یەكێك لەمانەدا نەمدەبینی ، جارجار لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور دەمبینی ، ناوبەناو بەماشێنەكەی خۆی دەرۆیشتین بۆ شوێنێكی چۆڵ لەدەرەوەی شار ( كەزیاتر سەرچنار بوو ) ، لەویَ لەسەر كورسییەكی رەق و تەقی چایخانەكانی ئەویَ دادەنیشتین و دەستمان دەكرد بە وشە گۆرینەوە ، جارجاریش شەوان دەهات بۆ ماڵی ئێمە و لەویَ دەمایەوە و هەتا درەنگانیَ قسەماندەكرد بەبێئەوەی دڵی یەك بیەشێنین بەیانی زوو پێكەوە دەچووین بۆ زانكۆ ، ئەمیش كەسێكی رۆشنبیر بوو ، عێراقچێتی دەكرد . بەڵام برادەرەكانی تر قسەی

بێتامیان دەکردو هەندێ خەسڵەتی مام جالالیان کردبوو بە چەک و لە ئێمەیان پێدەدا ، هەندێکیان دەیانوت : مام جەلال ئامادە نییە ڕەخنە لەخۆی بگرێت ، بۆرژوازییە و بروای بە مارکسیزم لینینیزم بیروباوەڕی ماو نییە ، لەماڵەوە سەگ ڕادەگرێ و بەخێوی دەکات ، ئامادە نییە لاڕوومەتی منداڵێکی باوک هەژار ماچ بکات .

فازیلی مەلا مەحمود کە بە دوای ئێمەوە بوو دەیوت: من بەزۆر مام جەلال سواری تروحەکان دەکەم لە بەغدا ، تاکسی نەبێ ئەو سواری نابێت ، چێشتخانەی ناودار نەبێت نانی لێناخوات، مام جەلال قەت نابێتە چەپ ......و زۆریتر .

بەهەر حاڵ ئەم برادەرانە لەگەڵ ڕێزم بۆیان بە تایبەتی ئەوانەی لە ژیانا ماون ، هیچیان پێنەکرا لەگەڵ ئێمەدا !!.

هەوڵوتەقەلای ئەوان بۆئەوەبوو ئێمە کەسپ بکەن و بەرەو قیادەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقمان بەرن کە بڕوامان پێیان نەبوو چونکە لەوکاتەدا حزب و ڕێکخراوی تر ناوی نەبوو .... ئەگەر وانییە ، ناوەکەی چیبوو ؟ کوانێ بەیانی دامەزراندنەکەی ؟ کوانێ بەیانی هەڵوەشآندنەوەکەی ؟ کوانێ ئەدەبیاتی ئەو حزب و ڕێکخراوە ؟



لە کۆتایی‌ساڵی ١٩٧٢ دا دیراسەیەکم نووسی لەسەر شۆڕشی دیموکراتی نوێ بەناوی (شۆڕشی نوێی گەل ) کە ئێستا لەبەر دەستمدایە ، وتارەکەمان نارد بۆ شەهید ئارام کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاریدەکرد ، ئەویش ناوەکەی خۆمی لێ لابرد و بەناوی هوشیارەوە بڵاوی کردەوە لە ژمارەکانی ١٤٥–١٥٠ ( ڕۆژنامەی هاوکاری ) بە شەش ئەڵقە و ڕیکخستنەکانی ئەوسای کۆمەڵە سوودی زۆریان لێوەرگرت . لەپێشەکی وتارەکەدا ڕوونمکردبۆوە کە ئەوە باسێکی تیۆرییە و ڕووی دەم لە هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نییە ، لەدوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە دوان لەبرادەرە جەلالییەکانی خۆم کە یەکێکیان ئێستا لەکەسە نزیکەکانی مام جەلالە ، سەرجادەیان پێگرتم و وتیان : ئێستا کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بیروباوەڕانە نییە !! منیش لەڕاستیدا زۆر تووڕە بووم و وتم : ئاخر من لە بەکرەجۆ بەدەم هەڵوەشاندنی گیپەوە فێری نەبووم !، من لەماڵی خۆم فێری بووم ! . ئەوانیش بێدەنگ بوون و ڕۆیشتن چونکە لەوانەبوون کەکاتی خۆی بەشدارییان دەکرد لە ئەلقە ڕۆشنبیرییەکەی مام جالال لە بەکرەجۆ بە بەشداری برادەرانی سازمان انقلابی حزب تودە ایران . دەبوایە

شەرمیان بکردایە و لەو جۆرە متمانەیان لەڕووی مندا نەکردایە!!

لەدوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەم لقی چواری پارتی دەیانویست بزانن کێ نووسەرەکەیەتی . پێم وابێ برادەرە خێرخواکانی خۆم بەڕەیان لەمزگەوت داخستبوو ، پێیان وتبوون ، ئیتر لەو ڕۆژەوە من کەتمە ژێر چاودێری دەزگای پاراستنەوە ، بەردەوام خەڵک بەدوای منەوە بوو ، تەنانەت بەرماڵی خۆشمان کەسێکی بۆدانرابوو ، بۆیە ئەگەر بمویستبا بۆ کارێک بڕۆمەدەرەوە ، ئەوا بەسەربانـدا بە ماڵە دراوسێکاندا دەچوومەدەرەوە . ژمارەیەک لە خەڵکانی سەر بەو دەزگایە کەبرادەری منیش بوون ، لەپڕ بەبێ ئاگاداری من و بەبێ مەوعید دەهاتنە ماڵەوە بۆلام و دەیانویست بزانن بە چییەوە خەریکم !! . هەر لەوکاتانەدا دەزگای پاراستن ئەو هەواڵانەی دەستکەوتبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانی ماوتسی تونگ ن و ئاڵوگۆڕی کتێب دەکەن لەناو یەکدا و پێیان وابوو ئەمە شتێکی بەدەمەوەیە ، لەبەرئەوە دەیانویست خەڵک بچێنن لەناوماندا ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون . بەڵگە بۆ قسەکانم فڕاندنی کاک عومەری سەید عەلی بوو ( کارگێڕی ئێستای مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک ) کەبردیان



بۆ دەرەوەی شاری سلێمانی و ئێمەیش لەڕێگای ڕێکخراوەکانی قوتابیان ، مامۆستایان ، کاسبکاران ، ئافرەتان هەروەها لە ناوەندەکانی زانکۆ و پەروەردە کردمانە هەراو دەنگە دەنگ هەتا ئازادیانکرد .

پاراستن لەوسەردەمەدا دەستی زۆر دەرۆیشت بەهۆی کۆمەک و هاوکاری نێودەوڵەتییەوە ، ناوجەرگی پارتی خواردبوو ، پارتی تەنها قاوغەکەی مابۆوە و لەو ڕۆژانەی دواییدا بارزانی خۆیشی ئەوەندە دەسەڵاتی نەمابوو بەسەر لەشکرو حزبەکەیدا و هێزی دەرەکی زیاتر بریاری لەدەستدا بوو ، پاراستن ئەوکاتە دەیویست خۆی بکات بە هەموو کۆڕو مەجلیسیکدا ، بەهەموو ماڵێکدا ، بە قوتابخانەو زانکۆدا ، تەنانەت بە مزگەوتەکاندا ، دەیویست زانیاری جۆراوجۆر کۆبکاتەوە ، تەنانەت وای لێهاتبوو دەیتوانی مەحزەر جەلسەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دەست بکەوێت . حزبی بەعس شاخ و گوێی لێڕوابوو و نەیدەتوانی کەناڵەکان بدۆزێتەوە . هەر بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەساڵی ١٩٧٤دا ، حزبی بەعس قورسایی خۆی خستە سەر ئەوانەی کە پاراستن بوون و لە شاردا مابوونەوە و ژمارەیەکی زۆری لێ ئیعدام کردن . من دوان لەوانەم

بیر دێتەوە لە شاری سلێمانی ، مەرحوم رەئوف مستەفای پارێزەر و مەرحوم ساڵح هێتلەر.

ساڵح لەگەرەکی ئێمەبوو زوو زوو سەردانی دەکردم بۆ ماڵەوە ، ئەو لای من بە کاژیک و منیش لای ئەو بە جەلالی ناسراوبوین ، کەچی کەقسەی دەکرد ، دەمزانی شتێکی لێ ون بووە و بە دوایدا دەگەڕێ !!! جەزی دەکرد زانیاری کۆبکاتەوە.

لەسەرەتای ١٩٧٣دا دەبوایە ئیمە (ئەندامانی کۆمەڵە) هەڵسەنگاندن بکەین لەسەر حزب و ڕێکخراوەکان ( پارتی دیموکراتی کوردستان ، کاژیک ، حزبی شیوعی عێراقی ، بەهەردوباڵەکەیانەوە _ لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی ، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ، ئینجا خۆمان _ کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان ) بەبیرم دێت هەڵسەنگاندنەکان بە نووسین و ڕاپۆرت بوو ، من ڕاپۆرتێکی دوورودرێژم نووسی لەسەر حزبەکان ، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بڕوام وابوو کە ئەوان لەبەرەی میللەتدان و نابێ لە خانەی دوژمندا حسابیان بۆ بکرێت و بکرێنە ناکۆکی سەرەکی ، و ئەم بۆچوونە ڕای هەموو ئەندامانی ئەوسای کۆمەڵە بوو نەک من بە تەنها .

کەگەیشتمە سەر کۆمەڵەیش پێمداگرت لەسەرئەوەی ڕێکخراوەکەی ئێمە نابێ درێژەدان بێت بە پارتی



شۆڕشگێڕی کوردستان چونکە کارەکان هەموو ئاڵۆزدەبن و تێکدەچنەوە و ئەگەر وابڕوات ئەوا من نامەوێ ئەندام بم لەم ڕێکخراوەدا ! جگەلەوە بەبێ ئەو ڕاپۆرتەش من ڕام وابوو کە دەتوانین سوود لە کەسایەتی مام جەلال وەربگرین و لەگەڵماندا بێت ، بەڵام ئەو هەموو شتێک نەبێت و هەموو ملکەچی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ و بریاری ناوەند بین نەک تاکەکەس !!!!!!

بەم بۆنەیەوە دەمەوێ لێرەدا ئەوە ڕوونبکەمەوە کە من چ ئەوسا چ ئێستا شتێکم لەدژی شەخسی مام جەلال یان سەرکردەیەکی کۆمەڵە یان ی.ن.ک نەبوە و نییە ، بەڵام بە ئازادی لەدایک بووم و کەسێکی ئازادم و دەمەوێ ڕێز بۆ بیروڕای خۆم و بەرامبەرەکەم دابنێم و چی خێری گەلەکەمانی تێدایە ئەوە بڵێم ، من دوای دەستکەوت و قازانجی شەخسی خۆم نەکەوتووم ، لەگەڵ دیکتاتۆر و دەسەڵاتی باوک سالاری و تاکەکەسیدا ئیدارە ناکەم و ناتوانم بژیم ، لەگەڵ ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتندام ، دژی گەندەڵی و کەسانی گەندەڵ و ناپاکم بە هەموو شێوەکانی ، کولتووی تۆڵەسەندنەوە و سزادانی نابەجێ ڕەتدەکەمەوە و ئەوانەی بەم کارەش هەڵدەستن بە کەسانی نەخۆش و خێڵەکی و نەخوێندەوار لەقەڵەمیان دەدەم........ !

لەدوای ئەم ڕاپۆرتە هەستم کرد سەرو زگی کەسانێک لەناو کۆمەڵەدا هاتۆتە ژان ، بۆیە دەستبەجی یەکێکیان هاتەلام بۆ ماڵەوە و ( دەستوورەکەی کۆمەڵە ، لیستێک بەناوی ئەندامانی کۆمەڵە ، دەمانچەیەک و هەندێ شتی تر ) کەلای من بوون هەموویانی لێسەندمەوە و دایان بەزاندمە شانەیەکی خواری خوارەوە و پێمیان وت : برۆ خۆت بینا بکەرەوە ! وتم: بۆچی من دیواری خشتم ؟!! فەرموو ئەوە خۆتان وکۆمەڵەکەتان! ، من خوا حافیز ! دوای ئەمە چەندکەسێکم تێوە ئالاّ و قەناعەتیان پێهێنام کە جێیان نەهێڵم و لەگەڵیاندا بمێنمەوە.

ئیتر لەو کاتەوە من گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ڕێکخراوەکەی ئێمە درێژەدانە بە بە ڕێکخستنە کۆنەکە و ئەوان خەڵکی وەکوو منیان نەدەویست کەڕەخنە بگرێت و ڕاست بڵێت و هەر ئەم کاروکردەوانە وایکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مام جەلال و نەوشیروان مستەفا درووشمەکانی کۆمەڵە بپێچنەوەو دواتریش ڕێکخراوەکە هەڵبوەشێننەوە و کەسیش نەیتوانی وشەیەک بڵێت!!! .

ساڵی ١٩٨٩ چوومە ئێران ، مەکتەبی سیاسی دەرگای زیندانی بۆ من و هاوسەرەکەی مەلابەختیار ( ڕووناک ) کردەوە لە قاسمە ڕەش ، ئەوکاتە من دەنگم لەپاڵ ئەو



دەنگانەدا بوو کە داوای ئازادییان دەکرد بۆ مەلا بەختیار. مەلا بەختیار لەو زیندانەدا بوو .

هەرلەو کاتەدا کۆمەڵە پلنیۆمێکی بەستبوو ، بەزۆربەی دەنگ بریاری ئیعدامکردنی مەلا بەختیاریان دابوو . من هەواڵەکەم پێگەیشتەوە و پێم وتن : نەگبەتی نا ! ئێوە چین تا ئەو بریارە بدەن !! مام جەلال بریار دەدات و دووهەفتەی تر نابات مەلاّ بەختیار بەردەبێ !! ئەوان گاڵتەیان بە قسەکەی من دەهات و ١٠ ڕۆژی نەبرد مەلاّ بەختیار ئازادکرا ! لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە کۆمەڵە لەپاڵ ئەو هەموو قوربانیدانەدا ، نەی توانی ببێتە ڕێکخراوێکی عەقائیدی و خۆی ڕزگاربکات لە دەسەلاّت و بریاری تاکە کەس ، خەباتی کۆمەڵە خەباتێکی دەروێشانە بوو هیچیتر . دەتوانم بڵێم لەسەدا حەفتای ئەندامانی کۆمەڵە کتێبێکیان نەخوێندبۆوە لەسەر بیری چەپ .

# هەڵوێست لە پرۆژەکەی حکومەتی بەعس

هەر لە ساڵی ١٩٧٣ دا نامیلکەیەکی دەستخەت هاتە خوارەوە بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە لەسەر خۆماڵیکردنی نەوت ( تامیم النفط ) کە پێشتر حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کردی بە دەستکەوتێک و بڕیاری لەسەر دابوو ، نامیلکەکە بۆ دیراسەکردن بوو لەڕیزەکانی ڕێکخستنندا ، من زوو زانیم کەئەوە خەتی مام جەلالە ، بەڵام قسەم نەکرد ، پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک پرسیم : کێ ئەمەی نووسیوە ؟ ، وتیان ئەوە لەسەرەوە هاتۆتە خوارەوە !..... وتم: ئێمەی کۆمەڵە ، حکومەتی مەرکەزی ( بەعس ) بە ناکۆکی سەرەکی دادەنێین وململانێی لەگەڵدا دەکەین ، ئێستا



چۆن چۆنی بە شان و باڵی خۆماڵیکردنەکەی ئەودا هەڵبدەین و چۆن ئەو دوو شتە پێکەوە کۆبکەینەوە ؟! ئەوان نوێنەری بۆرژوازی دەوڵەتن و خۆماڵیکردنەکەش لەقازانج و خزمەتی توێژێکی تایبەتدایە و بە دەستکەوتێک ناژمێردرێ بۆ میللەت ....

من ئێستاو ئەوسا نەچوومە ژێری و بەتوندی ڕەخنەم لێگرت ، چونکە بەعسم دەناسی . لەمەشیاندا برادەران سەرو زگیان هاتە ژان ! لە سوریاش کە دەرفەتم بۆ ڕەخسا ، ئەمەم دایەوە بە ڕووی مام جەلالدا . ئەوانەی دەیانەوێ بەزۆر شتی خۆیان بسەپێنن بەسەرتا ، ئەوانەن کە ئیفلاسی سیاسییان کردووە و پڕن لە بەتاڵ .

حزبی بەعس لەکۆتایی شەستەکاندا گۆڤارێکیان هەبوو بە ناوی ( الثوره العربیه ) کە تایبەت بوو بە ئەندامەکانیان وجارجار دزەی دەکردو لە بەغدا دەست برادەرە جەلالییەکان دەکەوت و منیش بەهۆی ئەوانەوە دەستم دەکەوت و دەمخوێندەوە ، لەم گۆڤارەدا شتی ئاشکراو زەقی زۆری تێدابوو لەسەر کوردو حزبە کوردییەکان و سەرکردایەتی کود ، لەیەکێک لە ژمارەکانیدا سنووری دەوڵەتە عەرەبییەکان و خاکی عەرەب-ی دەستنیشان کردبوو ، گوایا لە شاخەکانی زاگرۆسەوە دەستپێدەکات هەتا دەریای گەورەی

ئەتڵەس . ئەمە ئەوەدەگەیەنی کە ئەوان بڕوایان بە کوردو نیشتمانەکەی ( کوردستان ) نەبووە . هەر بۆیە من هەموو دۆستایەتی و نزیکبوونەوەیەکم لە گەڵ بەعسدا بە یاریکردن بە ئاگر لەقەڵەم دەدا !!

## بردنەدەرەوەی ئەندامانی کۆمەڵە بۆ ناو شۆڕشی کورد.

لەساڵی ١٩٧٤دا شەڕ دەستیپێکردەوە لە نێوان پارتی و حکومەتدا ، سەرکردایەتی ئەوسای کۆمەڵە ( دەتگوت ڕۆن و هەنگوینیان بۆ ڕژاوە ) ، بڕیاریاندابوو گەورەترین ژمارە لە ئەندامەکانی کۆمەڵە ببەنە دەرەوە بۆ ناو شۆڕشی کورد و قسەی زلیان دەکردو دەیانوت پێویستە ئیلتیحام بە جەماهیرەوە !!!! بکەین و میللەت لەکوێ بێت دەبێ ئێمەیش لەوێ بین و هاتن هەرچی دەنکە جۆیەکی پاشای خواردبوو لەگەڵ خۆیان بردیانە دەرەوە و بەم کارەیان تووشی هەڵەیەکی سیاسی گەورە بوون ، لەمنیان دەپرسی : خۆت ئامادە کردووە بۆ چوونە دەرەوە ؟ پێیانم وت: پێشکەون واهاتم ! بەڵام من یەکێک بووم لەوانەی نەچوومە دەرەوە ، چونکە



دەمزانی لەوەزیاتر کەدەبینە ئەرک و بار بەسەر ئەوانی ترەوە ، هیچی ترمان پێناکرێ، لەلایەکی ترەوە سەدان کەسی سەر بە پارتی وا تێگەیشتبوون بۆ گەشتوگوزار و سەیران دەچنە دەرەوە و زۆرێک لەمانە خۆیان لەتەل دابوو ، مەنجەڵە یاپراخ و کفتە و کوبەیان لەگەڵ خۆیان بردبووە دەرەوە ، گوایا پاش هەفتەیەکی تر ئاڵای سەرکەوتن دەشەکێتەوە و بە دەهۆڵ و زورنا لێدان خۆیان دەکەنەوە بە ناو شاردا و کلکی ئەوانەش دەبڕن کە نەهاتبوونە دەرەوە و لەقەبی جاشیان پێدەدەن!!! . ئەم عەقلیەتە خێڵەکییە دواکەوتووە هەتا ئێتایش چارە سەر نەکراوە و مەبدەئی ( لەگەڵ مندایت کوڕی باشیت ) (لەگەڵ مندا نیت ، لەخانەی دوژمندا حسابت بۆدەکەین )!!!هەتا ئێستایش هەر باوە. برادەرەکانی خۆشمان ئیلتیحامیان بە جەماهیرەوە نەکردو بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە و ئەم جارەیان گلەییان نەبوو !

ساڵی ١٩٧٤ بە کەوتن و نووچدانی شۆڕشی کورد کۆتایی هات ، حکومەتی عێراق پاش زەرەرو زیانێکی ماڵی و گیانی ، پەنای بردە بەر سەوداو سازشکردن لەگەڵ حکومەتی ئێراناو پێشتریش شتێکی لەم بابەتەی دابوو بە گوێی پارتیدا ( مەبەست سازشکردنەکەیە ) بالام پارتی گاڵتەی پێهاتبوو ! .

سەرۆکی جەزائیر هاواری بۆمیدیەن کە میواندارى سەرانی ئۆپیکی دەکرد لە جەزائیر ، بوو بە ناوبژیوان لە نێوان سەددام و شای ئێراندا و توانی هەردووکیان پێکەوە دابنێ و لە ٦/ی ئازاری ١٩٧٥ دا ڕێکیانبخات و ئەندامانی ئۆپیک- یش ئاگاداربکات . بێگومان ئەم ڕیککەوتنە هەروا بە ڕێکەوت و کوتوپڕ نەبوو ، پێشتر قسەی لەسەر کرابوو ، نەخشەیان بۆ کێشابوو ، چونکە پێش ئەوە سەرۆکی میسر انور السادات و ڕۆژنامەبووسی ناودار محمد حسنین هیکل ئاگاداری مەرحوم سامی عەبدولرەحمان یان کردبوو کە شتێکی وەها بە ڕێوەیە بەڵام پارتی نە خۆی بۆ ئامادەکردبوو نە بڕوایشی پێکردبوو.

ساڵی ١٩٧٥ ساڵێکی ڕەش و شووم بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ، هەرچی سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبوو کە خۆی لە ٥٠ هەزار چەکدار زیاتر دەدا ، لە شەو و ڕۆژێکدا وەکوو بەفر توانەوە و سەرکردایەتی ئەوسا نەیدەزانی چی بە خەڵکەکە بڵێن!! ، ئەمە کارەساتێکی نەتەوەیی گەورە بوو بەسەر کورد هات ، هەرەسەکە ئەوەندە کاریگەر و بەهێز بوو ، خەڵک لەداخانا خۆیدەکوشت ! مەرحوم بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی ڕوژنامەوانیدا لەگەڵ محمد حسنین هیکل و ئەمیری



تاهیری، شتێکی تازەی پێنەبوو دەربارەی بەرگری و درێژەدان بە شۆڕش و تێکۆشان هەرزوو بە ڕۆژنامەنووسەکان ووت: (کاری من تمام شد) کاری من کۆتایی هات.

بەلێشاو ئەفسەرەکانی سوپا و پۆلیس و ئامیر ( هێز و بەتالیۆنەکان ) ، سەرلق و سەرپەل و پێشمەرگەکان بەچەکەکانیانەوە دەگەڕانەوە و خۆیان تەسلیمی حکومەت دەکردەوە ، ئەندامانی کۆمەڵەیش بەشێک بوون لەو خەڵکە .

## پەلاماردانی کۆمەڵە لەلایەن بەعسەوە.

ئێمەی کۆمەڵە دەمانزانی ئەمجارەیان نۆرەی ئێمەیە و بەعس خۆی ئامادە دەکات بۆ لێدانمان ، ئەگەر چی بەعس شتی لەسەر ئێمە نەدەزانی ، بەڵام حسابی خۆمان هەرکردبوو . زۆری پێنەچوو دوو ئاندامی چالاکی ئێمە ، دلێر تاهیر – قوتابی زانکۆ ( برازای عومەر دەبابە ) و جەمال عەلی باپیر لەلایەن ئاسیشەوە ڕاونران و ویستیان بیانگرن ، بەڵام ئازایانە دەچوون و خۆیان نەدا بەدەستەوە . پاش ماوەیەک ئاسۆی شێخ نوری یان گرت و بردیان بۆ لێکۆڵینەوە . لەسەروبەندی ئەم گرتنانەدا قاوە قاوێک پەیدا بوو گوایا مام جەلال نامەیەکی بە دۆستێکی خۆیدا ناردووە بۆ بەغدا و دەستی حکومەت کەوتووە و



حەملەی گرتنەکانیش لەدوای ئەو نامەیەوە بوو . کاتی خۆی بەدرێژی دەربارەی ئەو نامەیە قسەیان بۆکردم کە چەند زەرەری دا !.

گرتنەکان هەر بەردەوامبوو ، لەجارێکی تردا ئەنوەر زۆراب و دارا شێخ نوری گیران . هەرلەو کاتانەدا



ڕۆژێک مەرحوم شازاد جەمیل سائیب کە پێکەوە کارماندەکرد و دۆست و برادەرێکی نزیکی من بوو ، هات بۆلام و وتی : ئەزانی برادەران خۆیان شاردۆتەوە و بە نیازن بچنە ئێران و لەوێوە برۆن بۆ سوریا و داوای ٣٠٠ دینار دەکەن ! وتم : کێ وکێن ؟ وتی : شەهاب شێخ نوری ، فەرەیدون عەبدولقادر ، عومەری

سەید عەلی ، عەلی محەمەد عەسکەری ( عەلی بچکۆل ) ، ئـەرسـەلان بـایز ، ئـاوات زەکـی عـەبدولغـەفـور ، جەعفەر عەبدولواحد . منیش وتم : لەم کاتـەدا چـوونی ئەوان بۆ ئێران و ئاوا بەکۆمەڵ شتێکی باش نییە! .

کاک شازاد بەدەست بوو ، خێرا پارەکەی پەیدا کـرد و بۆیانی برد .

هەڵمەتی ڕاونان و گـرتن بـەردەوام بـوو ئیتـر بـەعـس ئێمەی بە پارووییەکی چەور دەزانی و بـەدوامانـەوە بـوو ، زۆری پێنەچوو چەند کەسێکی ترمـان لێگیـرا لـەوانـە ئەگەر سەرم لێتێکنەچووبێ ، حەمەی عەتـێ و کـەمـال عەلی ( کەمالێ ئەلە ) بوو .

لــەتــشرینی دووەمــی ١٩٧٥دا پاسـپۆرتێکم دەرهێنـا و کـارەکـە زوو خـۆی دا بـە دەسـتەوە . پێـشتر سـەرۆکـی زانکۆ ناردی بەدوامدا و بەڵێنی لێوەرگـرتم کـە سـەفـەر نەکەم ئەوجا ئـەمری ئیجـازەکـەم بـۆ دەردەکـا چونکـە ژمـارەیـەکـی زۆر لـەکارمـەدەکـان چووبوونـە دەرەوە و دوایی ڕەوانەی ناوەڕاست و خواروی عێـراق کرابـوون و زانکۆ پێویستی بە کامەند هەبوو .

## ئەمری گرتنی من و حەمەسەعیدی برام و سەفەرکردنم بۆ سوریا

لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٧٥دا من و حەمەسەعید ی برام لەیەک ڕۆژدا نۆرە هاتە سەرمان و خۆمان شاردەوە ، دواتر بیستم کە حەمە سەعیدیان ڕەوانەی لادێ کردوە بۆ لای خزمەکانمان و لە گەوڕی ئاژەڵ و ڕەشە وڵاخدا شاردبوویانەوە و دووساڵێک بەم شێوەیە ژیانی بردبوەسەر تا پێشمەرگە سەری هاڵداو یەکتریان دۆزییەوە .

کێشەکانی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان لەوکاتەدا ئەمانەبوو :

**یەکەم/** نەبەتەمابوو ، نە خۆی ئامادە کردبوو ئاوا زوو بەر زڵلەی رۆزگارو شەقی زەمانە بکەوێت و بەزۆر بیهێننە مەیدان ، کۆمەڵە هێشتا ساوا و ناسک بوو .



**دووەم/** هێچ نەخشەو پلانێکی نەبوو بۆ ڕۆژی تەنگانە و هەر بەوەدا دەگەیشتن بەخەڵک بڵێن: مشوری خۆت بخۆ ! نۆرە هاتە سەرت ! لەبەر ئەوە نەکەسی پێدەشاردرایەوە و نە کەسیشی پێ بەخێو دەکرا ، نەناوچەیەکی ئازاد و نە بنکەیەکی پێشمەرگەیش هەبوو خەڵک ڕووی تێبکات ، لەبەر ئەوە خەباتی ئەوکاتە



هەتا بڵێی سەخت بوو ، هەموو کەس بەرگەی نەدەگرت . هەموو کەسیش ئامادەی ئەوە نەبوو خەڵک بگرێتە خۆی و بیشارێتەوە ، بۆیە بە ناچاری بڕیاری چوونەدەرەوەی وڵاتم دا بەبێئەوەی ئەمری ئینفیکاک بۆ من دەرچووبێ کە زۆر گرنگە بۆ ئەو کارمەندەی

سەفەردەکات بۆ دەرەوەی وڵات ، هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە پاسپۆرتم دەرهێنا.

ئەوکاتانە من ژمێریاربووم لە کۆلیجی کشتوکاڵ و ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار لە قاسەکەمدا هەبوو ، هەرئەوڕۆژەی خەبەرەکەم وەرگرت ، بۆ دوای نیوەڕۆ پەیوەندیم کرد بە عەمیدی کۆلیجەوە کە دوو کارمەند لەگەڵ خۆی بهێنێ تا دەورو تەسلیمی پارەکەیان لەگەڵدا بکەم بە ناوی ئەوەی نەخۆشمان هەیەو دەبێ بیگەیەنمە بەغدا ، ئەوان هاتن بەئیمزای خۆیان پارەکەم بۆ خەرج کردن ، زۆری پارەکە هی ئەو کرێکارانە بوو کە لە کێڵگەکانی کۆلیجی کشتوکاڵ کاریاندەکرد . خۆشم لەبەرئەوەی پارەی ڕاکردنم پێنەبوو ، لەو پارەیە سلفەیەکی ١٥٠ دیناریم بۆ خۆم کردو پاش چەند ساڵێک پارەکەم بۆ ڕەوانە کردنەوە . دوایی بیستمەوە سەرۆکی زانکۆ ،کە بەعسی بوو ، دەچووە هەر جێگایەک ، باسی ئەو پارەیەی منی دەکرد .

شەوی ٥/٤ –١٩٧٥/١١ چوومەبەغدا ، بلیتی ئوردونم بڕی و بە بێ ئەمری ئینفیکاک بەرەو رطبە کەوتمە ڕێ و لەوێ ڕایانگرتم و دەیانویست بمگێرنەوە، بەڕێکەت قۆمیسەررێکی پۆلیسی عەرەبی ئاشنا کەکۆن



لەسلێمانی بوو و بەهۆی خزمێکمەوە دەمناسی ڕزگاری کردم و پاسپۆرتەکەمی مۆرکرد .

کەلەخاڵی پشکنینی کۆنترۆڵی عێراق پەڕیمەوە خاکی ئوردون، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و بەرەو عەممانی پایتەختی ئوردون کەوتمە رێ و لەوێشەوە بۆ شام ( دیمەشق ) ی پایتەختی سوریا .

ئەمە یەکەمجاربوو ژیانی من ڕاوبنرێ و لە دنیایەکی ئاوارەدا خۆم ببینمەوە . ئەوکاتە تازە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزرابوو کە دەیکردە کۆتایی مانگی نیسان و یەکەم بەیانیان لە رادیۆی دیمەشق بڵاوکرایەوە .

لەشام چوومە میوانخانەیەکی هەرزان بەها و دەستم کرد بە پەیوەندیکردن ، یەکەم وەجبەی خەڵک کەهاتن بۆلام ، عادل موراد ، عەلی سنجاری ، مونذر نەقشبەندی بوو و هەواڵی مام جەلالم لێیان پرسی ، وتیان سەفەری کردووە و بەم زوانە دەگەرێتەوە ، دووبرادەری تریش هاتن بۆلام ئیبراهیم عەبد عەلی و بەهزاد کە ئەندامی کۆمەڵەبوون .

بەدرێژایی ئەوکاتانەی من لەسوریا بووم ، میوانخانەیەک هەبوو بەناوی ( فندق البرج الفضی ) کەبەرەوڕووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرابۆوە بۆ ئەو کەسانەی بە ( کار ، پەیوەندی ، میوانیی )

یەکێتی دێنە شام و لەوێ دایاندەبەزاندن و مەسرەفیان دەکردن و پارەی ڕێگاو بلیتی تەیارەشیان بۆ خەرج دەکردن ، بەلاّم من لەسەر حسابی خۆم دەژیام و کەس فەرمووی چایەکیشی لێنەکردم !! دەیانویست تۆڵەی ڕەخنەکانی ڕابوردوو بکەنەوە !!!

ڕۆژی دووەم نامەیەکی دووروودرێژم نووسی بۆ نەوشیروان مستەفا لە ڤیەننا کە وێنەیەکی لەبەر دەستمدایە و دوا دەنگوباسی ئەو کاتەی کوردستان ، پەلاماروشاڵاوەکانی بەعس ، تەعریب و تەبعیس و ڕاگوێزان و .....تاد بۆ نووسیبوو ، لەبەشێکی نامەکەدا ( پاش ئەوەی گوێم هەڵخست لێرەو لەوێ ) نووسیبووم : مام جەلال وادەزانێ مەلیک ماوە و وەکوو شەستەکان بیردەکاتەوە و گلەیی زۆری لەسەرە و گوێ ناداتە برادەرەکانی خۆمان ......تاد ئەگەر ئەو لەسەر ئەم کارانە بەردەوامبێ ، ئەوا من بەرەو خەلیج دەڕۆم و لێرە نامێنمەوە . نەوشیروان وەلاّمێکی منی دایەوە و لەبەشێکیدا دەڵێ: ئێمە هەریەکەمان بە ئەندازەیەکی کەم یان زۆر گۆڕاوین و کەسمان وەکوو جاران بیر ناکەینەوە و تۆیش پەلە مەکە ، من خۆم بەم زوانە دێمە سوریا.

لەگەڵ نووسینی نامەکەمدا لەوە گەیشتبووم کە مام جەلال بە ئارەزووی خۆی کاردەکات و حساب بۆ کەس



ناکات ! بۆیە کەسانێکی کۆکردبۆوە ، دەیویست قوتی بکاتەوە بەسەر ئێمەدا کە ڕەنگە بەدەیەکی ئێمەمانان ماندوو نەبووبن و قوربانییان نەدابێ . من کەلەساڵی ١٩٥٨ دا چوومەتە ڕیزی کوردایەتی و دوو جار گیراوم و قوربانیم بە خوێندنی بالاّ داوە ، پاش ئازارو ئەشکەنجەی زۆر دراومەتە مەحکەمەی ( امن الدولە ) و دواتریش وازم لەوەزیفەو دەستکەوتی تایبەتی خۆم هێناوە و خێزانەکەمان برسێ کردووە و لەبەری خەباتی خۆم نەخواردووە و وپێنج ساڵیش لەسلێمانی کارم بۆ کۆمەڵە کردوەو بەردی بیناغەمان داناوە ، ئەمە جگەلەوەی ماڵەکەمان لە شۆڕشی ئەیلولەوە وەکوو بنکەو بارەگایەک وابوو ، جێی( کۆکردنەوەی خۆراک ، دەرمان ، جلوبەرگ ، کۆبوونەوە ، حەوانەوەی خەڵک ، چاپخانە) ...تاد بووە و بەدراژایی ئەو ساڵانە نانێکی خۆمان کردوە بە دووکەرتەوە.......لەبەرئەوە من قەبووڵم نەبوو ئەوانەی لە شام بینیمن سەرکردەی داهاتووی من بن !!!

لەڕاستیدا کەمن ئەونامەیەم بۆ نەوشیروان مستەفا نووسی ، نەمدەزانی ئەو ئەندامێکی دەستەی دامەزرینەری یەکێتییە و ئەوەندەی تر خوێنم دەڕژێتە کاسەوە! . من وەکو دۆست و برادەرێکی کۆن ئەوەم بۆ نووسیبوو ، چونکە پێشتریش لە کوردستان نامە

گۆڕینەوە لە نێوان من و ئەودا هەرهەبوو جارجاریش کتێب و بڵاوکراوەی جۆراوجۆرم بۆ دەنارد. جگە لەوانە من کەسێکی دووڕوو نەبوم و ئەوەی لە پشتەوە دەموت ، بە ڕووبەڕووش دەموت ، بۆیەدواتر هەر لە شام ئەو قسانەم دایەوە بە ڕووی مامجەلالداو ئێستایش ئامادەم ڕووبەڕووو ببمەوە و دووئەوەندەی تری بخەمە سەرو هەمووی دووپاتبکەمەوە! .

دوای ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک منیان گواستەوە بۆ خانوویەک کە چەند کەسێکی تری لێبوو لەوانە ئیبراهیم عەبد عەلی ، ئیبراهیم عەزۆ ، بەهزاد ( کەزۆر دڵنیانیم لە ناوی باوکی ) .

لەو ڕۆژانەدا مام جەلال گەیشتەوە شام ، چووم بۆ بارەگای ( التجمع الوطنی العراقی ) تا لەوێ چاوم پێی بکەوێت و قسەی بۆ بکەم ، بینیم ساردەو خوار سەیردەکات ، دەتگوت سواڵکەرێک لە قاپێکەی دەدا و داوای نانی لێدەکات ! وەکوو جامێک خۆڵودۆ بکەن بەسەرمدا وەهابوو ، ئەو مامجەلالەی کاتی خۆی لە بەغدا بە پێکەنینەوە بەرەوپیرم دەهات و باوەشی پیاما دەکرد ، بینیم ئەمجارەیان ئەوە نەبوو و خواخواییبوو قسەکان تەواو بکەم و لە کۆڵی ببمەوە ، وردە شەڕێک لە ناوچەوانی دەباری بەڵام دەرینەدەبری ، بەڵێ کەوتمە قسەکردن و ورد ورد هاتمە سەر کاک شەهاب و



هاوڕێکانی کە بەرەو ئێران ڕۆیشتبوون و گیرابوون ، وتم : پێش ئەوەی بکەومە ڕێ بۆ شام ، چاوم بە کاک سالار عەزیزو هەندێ برادەری تر کەوتووە و وتیان بەڵکو لە ڕێگای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە کە ئێستا لەتارانە ، شتێکیان بۆبکەیت تا تەسلیم بە عێراق نەکرێنەوە . لەوەڵامدا هاتەوە بە گژ دەمما و وتی: ئەسڵەن شتی وا نییە !! کێ دەڵێ ئەوانە لە ئێرانن ؟ وتم : من دەڵێم و کاک شازاد بە ئاگاداری من پارەی بۆ پەیداکردوون و بۆی بردوون ! وتی: شتی وانییە !!

ئەوەی نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا ( لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ) لاپەڕە ٤٨نوسیویەتی گوایا نەیانزانیوە ئەمان گیراون هەتا حکومەتی ئێران لە پێنجوین تەسلیمی عێراقی کردنەوە ، ئەمەیان ئەسڵ وئەساسی نییە و قسەی گیرفانی خۆیەتی ! من زوو پێش تەسلیمکردنەوەیان ئەوەم ئاشکراکرد لای مامجەلال !!!! . دوای تەسلیمکردنەوەش دەبوایە یەکێتی بێدەنگ بوایە و هیچیان نەوتایە و نەکردایە ، کەچی بە پێچەوانەوە هاتن کردیان بە هەراو دەنگە دەنگ و بەیاندەرکردن !! کەئەوە هەڵە بوو .

## بۆچی ١٣ مانگ لە شام مامەوە و زووتر بەجێم نەهێشت.

کەمن گەیشتمە شام ئەوەم لا گەڵاڵە بوو بوو ، شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەبێ شۆڕشی هەموو ئەو کەسانەبێت کە خەباتدەکەن لەدژی حکومەتی بەعس ، بەجیاوازی بیروڕاشەوە ، ڕای من وەهابوو ئەگەر قەحبەیەک ڕازی بێت دژایەتی بەعس بکات ، دەبێ باواشی بۆ بگریتەوە و هاوکاری بکەیت ، ئینجا نەخوازە کەسانی نیشتمانپەروەری سەربەم حزب یان ئەو حزب ، دیسان ئەوە لای من گەلالە بوو بوو کە ڕێگە نەدەین جەلالی و مەلایی زیندوو ببێتەوە ، یان زیندووی بکەینەوە ، بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ دووپات نەبێتەوە ( بەخێرێ ئێستا مامە تازە بەتازە خەریکە



ئەوانە جێبەجێ دەکات کە من ٣٣ ساڵ لەمەوبەر شەڕم لەسەر دەکرد !!).

لەلایەکی ترەوە بینیم ی.ن.ک وەکوو ڕیکخراوێکی نوێ دامەزراوە و پەیامێکی نوێی پێیە جیاوازتر لە پەیامە کۆنەکانی سەردەمە کۆنەکان و بانگەشەی دیموکراتی دەکات و دەیەوێ کولتووری فرە حزبی بهێنێنە گۆرەپانی تێکۆشان و مژدە و بەڵێن دەدات بە خەڵکی کوردستان ، ئازاد بن لە هەڵبژاردن و دیاریکریدنی ڕێبازی سیاسی خۆیان و درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن بەو شێوەیەی بڕوایان پێیەتی . ئەمە لای من مانای دامەزراندنی دامەزراوەی سیاسی و دیموکراتی بوو بۆ خەڵکی کوردستان کە دڵی منی خۆشدەکرد . ئەوەی نامیلکەی( یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی ؟ ) بخوێنێتەوە ، تێدەگات کە یەکێتی شتی باشی داڕشتووە و مژدەی باش دەدات بە خەڵک .

بەڵام داخەکەم ئەمە تەنها ناونیشانێک بوو بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و خراپ بەکاریانهێنا وبەناونیشانێکی تر دەستیان پێکردەوە کەبرێتی بوو لەوەی بەزووترین کات بگەنەوە کوردستان و بە خەڵکەکە بڵێن ئێمە پاڵەوانی میللەتین و ئەوانی تریش........و هیچ !!! .

ئەم سیاسەتە پێی دەڵێن سیاسەتی بەرزفرێن و خۆبەزلزان کەلە ساڵی ١٩٦٤ وە بوو بە میرات بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و هەزارەهای لەسەر بەکوشت درا هەتا ساڵی ١٩٩٧ و دوای ئەوەش ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە ، ئەوا بەیەکدادان و خوێن ڕشتن جارێکی تر و دەیان جاری تر مومکین بوو چونکە کۆمەڵگاکەی ئێمە کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە و عەقڵی خێڵەکی دەیبات بەڕێوە و هەتائێستاش هیچ بەرپرسێک پەیرەوی سیاسەتی هاوچەرخ ناکات!!! .

جگەلەمانە هەندێ برادەر ، بەتایبەتی نەوشیروان مستەفا پێیان وابوو کە سوریا گۆڕەپانی تێکۆشانە و لەوێوە خەڵک تاقیدەکرێتەوەو لەفیلتەر دەدرێت و ڕەوانەی کوردستان دەکرێتەوە !! بەپێچەوانەی ئەمەوە من بروام بە ڕەوانکردنەوە یان ناردنەدەرەوەی شۆڕش نەبوو لە سوریاوە بۆ کوردستان و پێم وابوو ئێمە هەموو میوانین لە سوریا و ڕۆژێک لەڕۆژان هەموومان دەگەڕێینەوەبۆ کوردستان و ئیتر ئەوێ گۆڕەپانی سیاسەت و تێکۆشانە و لەوێ تاقیکردنەوەکان دەست پێدەکات و سەرکردەی نوێ دەستنیشان دەکرێت نەک لە شامەوە بریاری بۆبدەیت . لەسەرەتادا تا ماوەیەکی درێژ کەس بەرپرسی کەس نەبوو لەشام وبەڕەڵاییەک



هەبوو ، لەو دواییانەدا دەستکرا بە ڕێکخستن ، من ئەفسەرەکانم ڕێکدەخست .

ئەوکاتە شام کۆمەڵە خەڵکێکی لەیەکنەچووی لێبوو ، پێش من کاک ئەنوەر ( فەرهاد) شاکەلی ، کاک ئیبراهیم عەزۆ ، کاک ئیبراهیم عەبد عەلی ، لەدەستی بەعس هەڵاتبوون و خۆیان نەدابوو بەدەستەوە و سنووری عیراق و سوریا و بیابانەکانی نێوان هەردوو وڵاتیان بەپێ بڕیبوو هەتا گەیشتبوونە شام ، کەئەوە بۆخۆی بەشێکە لە تێکۆشان . مام جەلال فەرهاد شاکەلی کردبوو بە بەرپرسی بارەگای دێرکی نزیک قامیشلی لای سێگۆشەکەی عیراق،سوریا،تورکیا کە ژمارەیەک پێشمەرگەی لێبوو . ئیبراهیم عەزۆ و ئیبراهیم عەبد عەلی دەچوونە شوێنێک بۆ مەشقی سەربازی لەدەرەوەی شام . ئەم سێ کەسە ئەندامی کۆمەڵەبوون.

خۆشم ئەوکاتە و ڕۆژانی دواییش ، ڕۆژی چەند سەعاتێکم دەبردەسەر لە کتێبخانەی نیشتمانی شام و بەکەسیشم نەدەوت کە هاتوچۆی ئەوێ دەکەم بۆئەوەی چاوسوور و لەخۆبایی بووەکان (کەیەکێکیان نەوشیروان مستەفابوو) گاڵتەی پێنەکەن و لێمی تێکنەدەن چونکە کەسم نەدەبینی لەبرادەرەکانی خۆمان

هاتوچۆی ئەو کتێبخانەیە بکات . جگەلەوە پێشیان خۆش نەبوو خەڵک خۆی فیربکات .

زۆری پێنەچوو کاک سەلامی مەلا ئەحمەد گەیشتە شام و ئەویشیان لە میوانخانە گواستەوە بۆ ماڵەکەی ئێمەی لێبووین . پاش ماوەیەک نەوشیروان مستەفا لە ڤیەنناوە گەیشتە شام و لە میوانخانەی ( البرج الفضی) میوانداریيان کرد ، هاتنەکەی ئەو بۆ ماوەیەکی کورت بوو ، پێدەچوو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی کۆبوونەوەیان هەبێ کە ئەو یەکێکیان بوو ! بەڵام رۆژانە لەگەڵ ئێمەبوو . دواتر پاش ماوەیەکی کورت ئەو بە یەکجارەکی هاتەوە سوریا .

ئەو خەڵکەی لەشام بوون ماوەیەکی زۆربوو پەرت و بڵاوبوون ، هەرکەسە بە ئارەزووی خۆی بەرنامەی دادەنا بۆ کاتبردنەسەری خۆی ، ژمارەیەک لەوانە ئەفسەری سوپا و پۆلیس بوون و بەیەکەوە دەژیان ، هەندێکی تر مووچەخۆر و دکتۆر و ئەندازیار و کاسبکار و خەڵکی جۆراوجۆر بوون ، ژمارەیەک لەوانە خەریکی قەحبە و نێربازی و قومارکردن و خواردنەوە بوون و دەتگوت بۆ ئەوە هاتوونەتە شام و ئەمانەیان کردبووە پیشە ی خۆیان ، زۆر شت دەبیسترایەوە بەڵام کەسێک نەبوو ئاگاداریان بکاتەوە و پێیانبڵێت عەیبە ئەمە مەکەن !



جگەلەکورد و کەسانێکی ناسراوی وەک دکتۆر مەحمود عوسمان ، شەمسەدین موفتی ، ژمارەیەکی تر لە عەرەبی عێراقی لە شام کۆبوبونەوە و ڕێکخراوی جوراوجۆرویان هەبوو وەکوو بەعسیيەکانی سەر بە سوریا ، ناسرییەکان و شیوعییەکان و جەیشی شەعبی و هەندێکی تر .

بەشێکی زۆر لە چالاکییەکانی ئەوسای مام جەلال لە ناو ئەمانەدا بوو ، هەروەها کاربەدەستانی سوریا کە زوو زوو بەسەریدەکردنەوە و هاتوجۆی گەرمی شوێنی کار و ماڵەکانیانی دەکرد و لەگەڵیاندا هەڵدەستا و دادەنیشت ودەعوەت و دەعوەتکاریش لە نێوانیاندا هەبوو . ماڵی مام جەلال بوو بە ناوەندێک بۆ پەیوەندی ، دەنگوباس، فەرماندەرکردن، ڕاگەیاندن، کۆبوونەوە ...تاد ژمارەیەک لەبرادەرانی یەکێتی ڕۆژانە مام جەلالیان دەبینی ، قسەیان دەهێناو قسەشیان دەبرد ، ژمارەیەکی تر ڕۆژانە یان تەلەفۆنیان بۆ دەکرد یان لە قاپێکەی ئەویان دەدا ، ناوبەناویش کۆڕومەجلیسی ئێواران هەبوو کە مام جەلال بە بێئەوە ئیدارەی نەدەکرد و ئیتر لەوێ کاسەیان لە کەللەسەری زۆر کەسدا دەشکاندەوە و قور بەسەر ئەوەی ناوی بکەوتایەتە ناو ناوان !!!

جگەلەمانە من بەشبەحاڵی خۆم مام جەلالم وەها دەخوێندەوە کە نایەوێ بە هیچ جۆرێک کۆمەڵە بە بەشێک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بزانێت و نەک هەر ئەمە ، گاڵتەیشی پێدەهات و ئەگەر سەم لێتێکنەچووبی لای دکتۆر مەحمود عوسمان وتبووی ئەمانە منداڵە ورتکەن !! و لەگیرفانی خۆمدان !! بێگومان نەوشیروان مستەفاش کە دوژمنی سەرسەختی کۆمەڵە و بیروباوەڕی چەپ بوو ، بەگەرمی و دەرویشانە لەگەڵ هەنگاوەکانی مام جەلالدا بوو ، تا ئەو جێیەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەیان لەسوریا دەرپەڕاند و دواتریش لەشاخ ڕێکخراوەکەیان هەڵوەشاندەوە و چۆنیان ویست وایان لێکرد . من خۆم یەکێک بووم لەوانەی کرامە ناکۆکی سەرەکی و لەبەر من زۆرشتی تریان بیرچووبۆوە ، دەیانویست بەهەر نرخێک بێت دەستم پێ بەرزبکەنەوە ، یان ئەوەتا دەبێ خۆم ئامادە بکەم بۆ هەموو هێرش و سووکایەتیپێکردنێک و سزادانێک ، مام جەلال بەئاشکرا بەمنی دەوت : دەمانەوێ وەکوو جاران بیت ! .

مام جەلال مەناعەتی نەبوو ، نەک کۆمەڵە ، بەڵکوو دەیان ڕێکخراوێ تر بێتە ناو یەکێتییەوە ، بەڵام بەومەرجەی بەرگێ جەلالی لەبەربکات و فەرمانەکانی



ئەو جێبەجێبکات . ئەمە تەواو بەپێچەوانەی پەیامەکەیان بوو کە دایانڕشتبوو سەبارەت بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ .

بەگەڕانەوەی یەکجارەکی نەوشیروان مستەفا بۆ سوریا ، کارەکان ئەوەندەی تر ئاڵۆزو خراپ بوون چونکە :

**یەکەم** / لەگەڵ ئەوەی ئەو کاتی خۆی پەیوەندی فەردی بەکۆمەڵەوە هەبوو ، سەعاتێکیش خۆی ماندوو نەکردبوو بۆ کۆمەڵە و کوردستانی جێهێشت و دوایی مام جەلال لە ڤیەننا هانییەوە و دایمەزراند بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دواتریش کردی بە سکرتێری کۆمەڵە ! ، لەگەڵ ئەمانەدا ئەو خۆی بە سێبەری خودا دەزانی لەسەر زەوی ، چاوسوور ، خۆبەزلزان ، مەغرور ، بەرچاوتەنگ ، بێوەفا ، قسەڕەق ، ڕق ئەستوور ، دوڕوو...تاد  من ئەم پیاوەم وەکوو (حسن البنا) دەهاتە پێش چاو کەکاتی خۆی لە میسر ئیخوانی درووست کرد و ورد ورد دەیویست جێی خەلیفەی ئیسلامی بگرێتەوە و خەڵک بەیعەتی پێبکات ، تالەدوایین جاردا بەهۆی کارە توندڕەوەکانیەوە سەری خۆی خوارد . من ٣٠ساڵ لەمەوبەر وتوومە کە نەوشیروان مستەفا بە کەڵکی سیاسەت نایەت ، بچی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکات سوودی زۆر زیاترە .

**دووەم /** لەگەڵ ئەوەی ئەو زانستە سیاسیەکانی خوێندبوو لە زانکۆی بەغدا ، کەچی وەکوو سەرەک هۆزێک ، کوێخایەک هەڵسوکەوتی دەکرد و ڕێزی لە خۆی نەدەگرت و یەکێتی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردی بە موڵکی خۆی دەزانی و ئەوانی تریش بە مووچەخۆری خۆی .

**سێیەم /** ئەو چاوساخ و ڕاوێژکارێکی توندڕەوی مام جەلال بوو ، لە زۆر شتدا ئەوی بەهەڵەدا دەبرد و لێکدانەوەکانی بەکەڵکی خەبات و تێکۆشانی ئەو سەردەمە نەدەهات کە دەبوایە لەسەر بنەمای ( کێ دەیەوێ خەبات بکات دژی ڕژێمی دیکتاتۆر بە خێر بێت) بنیات بنرایە . ئەو بروای بە ( کێ سەرکردایەتی ئێمەی قەبووڵە و بەفەرمانی ئێمە کاردەکات بەخێربێت ) هەبوو .

ئەمە وایکرد ماڵی مەلامستەفا و بنە ماڵە تووڕە ببن و خەڵکێکی زۆر لە یەکێتی جیا ببنەوە و ڕێکخراوی نوێ سەر هەڵبدات و بێتە مەیدان و دواتریش شەڕی ناوخۆی لێبکەوێتەوە.

مام جەلال لەسەرەتادا زۆر توند نەبوو لەگەڵ مندا ، بەڵام دوایی زانیم کە کاک نەوشیروان و هەندێکیتر چۆنەتە بنکلێشەیەوە و دەیەوێ لەگەڵمدا ناخۆشی بکات، چونکە ئەو قسانەی دەدایەوە بە ڕووی مندا کە



ئەساسی نەبوو ، دروست کراوبوو ، ئەم و ئەو چپاندبویان بە گوێیدا :

تۆدەتەوێ حزبی شیوعی بۆ من دروست بکەیت!! ، تۆ هەر خەریکی نوستنی!! ، تۆ لە بەیروت موناقەشەت لەگەڵ فلان کەس کردووە کە جاسووسێکی عێراقە!! ، قسەکردن لەگەڵ تۆدا عەقیمە و گەلێکی تر!! . بێگومان من کاتی خۆی وەڵامی ئەمانەم هەموی داوەتەوە ، بەتایبەتی دروستکردنی حزبی شیوعی ، چونکە من ئەوەندەی خۆم دەناسم (لە حزبێکی شیوعیدا کارم نەکردووە ) . من لەوەتی چاوم لەگەڵ سیاسەتدا کراوەتەوە هەر کوردستانی و نەتەوەیی بیرم کردۆتەوە و ئەگەر بیروباوەڕێکی تریشم هەڵبژاردبێ ، تەنها بۆ ئەوە بووە خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتی پێبکەم و هیچیتر . لەمێژیشەوە لەوە گەیشتووم کورد تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی هەیە و کۆمەڵگای ئێمە کۆمەلگایەکی جوتیارییە.

## ڕۆژنامەیەك بە ناوی ڕێبازی نوێ

لەوکاتانەدا من هاتوچۆی بەیروت م دەکرد و سەرپەرشتی چاپکردنی ڕۆژنامەیەکم دەکرد بە ناوی ( ڕێبازی نوێ ) کە زوبانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو ، کاری منیش نەبوو ڕۆژنامەیەکی وەها بەرهەم بهێنم چونکە قەت لەو بوارەدا کارم نەکردبوو ! . پێشەکی دەمەوێ بڵێم هەر وتارێک من بمنوسیبا بەهۆی ئەوەی ( بیروڕای جیاوازی تێدابوو کەلەگەڵ ئەوانەی ئەوان یەکی نەدەگرتەوە ) ، دەستبەجێ خەتێکی ڕاست و چەپیان بەسەردا دەهێنا و ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژاردو دەیاندا بەمن کە لە بەیروت چاپی بکەم و



بیکەمە ڕۆژنامە . پێش ئەوەی بچمە بەیروت ، پێکەوە لەگەڵ مام جەلال دادەنیشتین و لەسەر مونتاجەکەی ڕێکدەکەوتین .

ئەوکاتانەی من دەچوومە بەیروت شەڕی ناوخۆ هەبوو ( کاتی شەڕەکانی – تل الزعتر – کە سوپای سوریاش بەشداری تێداکرد ) ، من لەوێ کارم دەکرد ، شوێنی حەوانەوەم لە حەمرای ڕۆژئاوای بەیروت بوو ، شوێنی کارەکەشم لە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی مەسیحی بوو کە شەڕی زۆری تێدابوو . جاری وا هەبوو لەبەر دەسڕێژ و RBG و گوللە هاوەن ئەمبەرو ئەوبەری جادەت بۆ نەدەکرا عامودی شەقامەکان وەکوو پێژنگیان لێهاتبوو ، ڕۆژ نەبوو بە دەیان کەس لەیەکتر سەرنەبڕن کە لاشەکانیان لەسەر جادە فڕێدەدرا . دووجار لەبەر شەڕو دەسترێژ لە چاپخانەکە نوستم و هەموو لەشم ڕەش دەبوو بە هۆی ئەوەی هەمووی مەرەکەب و کاغەزی پێس بوو ، شوێنی نوستنیان نەبوو . جارێکیشیان گرتمیان ، بەڵام کە وتم لوبنانی نیم ، پاش یەکدو پرسیار ئازادیان کردم .ئەگەر بشکوژرامایە وەکوو تری بن گۆم دەڕۆیشتم! .

کارەکەشم هەتا بڵێیت زەحمەت بوو چونکە لە بەیروت پیتی کوردی نەبوو ، دەبوایە لە پێشانا هەموو وتارەکان سەرلە نوێ بەخەتی گەورە گەورە

بنووسمەوە (کەکاتێکی زۆری دەویست) بۆئەوەی کابرای چاپخانە کەلەسەر( لاینۆ تایپ ) کاری دەکرد لەپیتەکان بگات و بەعەرەبی لێیبدا و منیش ڕاستی بکەمەوە و دوایی بیبەمەوە ماڵەوە و هەتا بەرە بەیان خەریکی ڕەتووشکردنی بم و بیکەمە کوردی و چارێکی تر بۆ بەیانی بە ئۆفسێت ڕامدەکێشاو گۆڕانکاریم لەسەر دەکرد .

ئەوانەی ئەوکاتە کاری چاپەمەنییان کردووە یان شارەزاییان هەبووە بوون ، دەزانن ڕۆژنامەیەک چەند کەس کاری تێدا دەکرد هەتا دەبوو بە ڕۆژنامە ، من تەنها هەفتەنامەی هاوکاری بە نموونە دەهێنمەوە کە دەیان کەس کاری تێدا دەکردو هەفتانە بڵاو دەکرایەوە ، بەمەرجێک پیتەکانی بەغدا هەمووی کوردی بوو !!!

ئەم کارەی من ١٣–١٧ ڕۆژی دەخایاند و دوایی دەگەرامەوە شام . لەباتی ماندوو نەبوونی لێکردن ، پەلاماریان دەدام و دەیان وت تۆ زۆرت پێچووە !! لە جارێکیاندا چوومەوە بە گژ دەمی دکتۆر فوئاد مەعسومدا و پێیم وت : فەرموو ئەمجارەیان خۆت بچۆ بیکە ! من قەت لەمە باشتر نابم !! من ئەوەندە تینووی چوونە بەیروت نیم ! لەدوای وازهێنانی من ، یەکێتی و دکتۆر فوئاد کەسێکی تریان چنگ نەکەوت ئەم کارەیان بۆ هەڵسوڕێنێ .

## سەلام ئەحمەد دەبێتە حیمایەی مام جەلال و دوایی لە ماڵەکەی دەریدەکات.

هەر لەو کاتانەدا نەوشیروان مستەفا ، کەلەگەڵ ئێمەدەژیا ، پێشنیاری کرد کە سەلامی مەلا ئەحمەد وەکوو حیمایە لەگەڵ مام جەلالدا بێت و ئەویش قەبووڵی کرد . دیاربوو پێشتر قسە کرابوو لەگەڵ مام جەلالدا . سەلام خۆی و جانتاکەی گواستیەوە بۆ ماڵی مام جەلال ، لەوێ دەنوست و کاری سەرپێیی بۆ مام جەلال دەکرد و زۆر مورتاح بوو ، هەرکەسێک بهاتایەتە شام ، هەندێکیان ئەم چاوی پێیاندەکەوت و لەمنیان دەشاردەوە نەوەک ( زماندرێژی بکەم!!! ) ، بۆ



نموونە هەردو مەرحوم مامۆستا عەزیز مەحمود و جەمالە ڕەش هاتنە شام بەڵام نەیان ویست چاوم پێیان بکەوێت ، بەمەرجێک هەروکیانم دەناسی ، جگە لەوەی خەڵکی شارەکە بوون و بە دیتنی ئەو جۆرەکەسانە دڵم دەکرایەوە ( کێ بزانێ چەند کەسی تر هاتبنە شام ومن نەمزانیبێ !! ) . لەجارێکی تردا بیستم کاک شەکیب عەقراوی و مەرحوم ناهیدە شێخ سەلام هاتوونەتە شام و چاویان بە مام جەلال کەوتبوو ، لەمام جەلالم پرسی ئەوانە چیدەکەن لەشام ؟ وەکوو هەموو جارێکیتر هاتەوە بە گژ دەمما و وتی دێمەشق پایتەختێکی نێودەوڵەتییە و خەڵک هاتوچۆی لێوەدەکات و دەتەوێ ڕێگە لە خەڵک بگرین و نەیەنە شام ! من چوزانم بۆچی هاتوون بۆ شام! .

زۆری پێنەچوو مام جەلال تێکی دابوو لەگەڵ سەلامدا و دەریکردبوو لە ماڵەکەی خۆی ، بە قەولی ئەوسای سلام قسەیشی پێوتبوو . لەولایشەوە نەوشیروانی کردبوو بە بەرپرسی بارەگای دێرک لە ناوچەی قامیشلی و ئەنوەر( فەرهاد) شاکەلی خستبووە لاوە ، ماوەیەک فەرهاد و نەوشیروان ململانێیان کردبوو لەسەر ئەوەی کێ بەرپرس بێت ، نەوشیروان پێی وتبوو ئاخر من ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرم ، ئەی تۆ چیت !؟ . دوایی فەرهاد بە دڵشکاوی هاتەوە شام و

لەویّ دایکوتا و مام جەلال دڵی هێنابوەوە جێی خۆی و لەجارێکی تردا  پێم وابێ دیاری دابویە .

# مەفرەزەکانی یەکێتی
# لە سوریاوە بۆ کوردستان

بەدرێژایی ئەوکاتانەی نەوشیروان لە دێرک بوو دووجار مەفرەزەی پێشمەرگە ڕێکخراو و ڕەوانەی کوردستان کرانەوە ، بەڵام هەموویان دەست قیادە موەقەتە کەوتن و تیاچوون ، سێیەم جار نەوشیروان خۆی و ئەفسەرەکان و چەند کەسێکی تر لەشیوەی چەند مەفرەزەیەکدا ڕۆیشتنەوە ، بەڵام لەبەر کێشەی نێوان خۆیان نەگەیشتنەوە کوردستان و حەملەکەیان فەشەلی هێنا و گەڕانەوە بۆ سوریا . دوای ئەمە نەوشیروان لەوناوە نەما و گەڕایەوە بۆ شام و ئەم نووچدانەی پێوە دیار بوو . پێش حەملەکە سەردانێکی ئەوم کرد لەدێرک، تەنها بۆئەوەی بایەکی باڵی خۆم بدەم و هیچیتر ،پێش منیش خەڵکی تر چوبون بە میوانی ، لەویّ ناو نە بە ناو قسەم بۆ پێشمەرگەکان دەکرد و باسی شۆڕشی نویّ و قۆناخی داهاتووم دەکرد



، هەروەها باسی یەکێتی و برایەتی ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانم بۆ دەکردن ، من لەبەر ڕۆشنایی پەیامەکەی یەکێتی قسەم دەکرد نەک وەکو جەلالییەک ! بەتایبەتی بەتوندی دژی شەڕی کورد کوشتن بووم و بۆئەوە کارم دەکرد کە دووپات نەبێتەوە . دوایی هەرلەویّ پێیان وتم : کاتێک تۆ قسەدەکەیت بۆ پێشمەرگەکان ، کەسێک لەپشتی دەرگاو پەنجەرەکەوە گوێت لێدەگریّ !!!.

ئەم کارە شارستانی نەبوو ، عەیب بوو ، چونکە ناسنامەی سیاسی من لەیەکەم ڕۆژی درووستبوونی کۆمەڵەوە وەکوو مانگی چواردە دیاربوو کەجەلالی و مەلاییم ڕەتدەکردەوە و بڕوام بە ڕێبازێکی سیاسی نویّ هەبوو .

نامەویّ تڕومنەت بەسەر کەسدا بکەم ، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێم : ئەگەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوکاتە پەیرەوی پەیامەکەی خۆی و مەبدەئەکانی شۆڕشی دیموکراتی نویّ و قسەکانی منی بکردایە ، ئەوا گەورەترین سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا و خۆشی دووردەگرت لە شەڕی ناوخۆ و لەوانەبوو کارەساتی گەورەش بەسەر میللەتەکەماندا نەیەت .

بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئاوابوونی فەلسەفە و بیروبۆچوونی بەکەڵک و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی

تاکەکەس و پەیدابوونی دەیان دەرویشی وەکوو نەوشیروان مستەفا و لەباربردنی شتەباشەکان و ... و...و.... ئەوا کارەکان هەمووی تێکدەچێ و لەدەست دەردەچی و بەکەس ناگیرێتەوە !!! . ئەم چەند وشەیە ئەوە بە بیری من دێنێتەوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ دا لە ژمارە ٨٤ ی ڕۆژنامەی بەرگریدا وتارێکم بڵاوکردەوە لەژێر ناوی ( تەکەتتولەکەی ناو پۆلیتبیرۆی یەکێتی نیشیمانی کوردستان بۆچی و بەرەو کوێ ) . ئەوکاتەخۆشم لە سلێمانی بووم . بێگومان بەهۆی ئەم وتارەوە ڕۆژنامەکەیان داخست بەناوی ئەوەی پارە نییە و باش چەند مانگێک کەوتەوە کار . وەزیرەخانی خوشکی شەهید ئارام خاوەنی ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە بوو.

لەم وتارەدا ڕووی دەمم لە نەوشیروان مستەفابوو ، ویستم پێی بڵێم :

تۆ ورگی خۆت هەڵدەدڕی لەسەر مام جەلال ئەگەر بهاتایەو کەسێک بە جۆرێک قسەی بکردایە و ٣٠ساڵی رەبەقە کار بۆ جەلالیزم دەکەیت و یەکێکیت لە کۆڵەکە هەرە بەهێزەکانی و خەلکی بۆ کۆدەکەیتەوە و شەڕی ( ئێران ، عێراق ، کۆمەڵەو دیموکراتی ئێران ، حزبە کوردستانییەکانی باشوور ) تی بۆ کرد و کۆمەڵەت بۆ سەربڕی !!! .



ئەوکاتانە مام جەلال سەرۆک کۆمار نەبوو ، پارەی زۆری لەبەردەستدا نەبوو ، پشتیوانی نێودەوڵەتی نەبوو ، وەکو ئێستا نزیک نەبوو لە خێڵ و هۆزەکان ، پەیوەندی لەگەڵ پارتی باش نەبوو ، یەکێتی وەکوو ئێستا دانەوەشابوو ، تەکەتتولات ناوجەرگی نەخواردبوو ...... ئێستا پاش ئەم هەموو دەرویشی یە تازەبەتازە دەتەوێ دەسەڵات لە مام و هێرۆخان بسێنیتەوە ؟!!!

باشتر نەبوو تۆ هەر لە مەکتەبی سیاسیدا بمێنیتەوە و کار بکەیت بۆ ئەوانەی خۆت بڕوات پێیەتی ؟!!!

ئێستایشی لەگەڵدا بێت من بە ڕاشکاوی پێتانی دەڵێم : تۆو مامجەلال و کوتلەکانی تر ، بەهەرهەمووتان یەکێتی تان سەربڕیوە و لەدەوری لاشەکەی هەڵدەپەڕن و مومکین نییە بەم شێوەیە یەکێتی ڕزگاربکەن لەو کێشانەی دەوری داوە ، ئەگەر مام جەلالیش لەژیاندا نەمێنێ ، ئەوا زۆر زەحمەتە ئێوە یەکێتی لە هەڵوەشانەوە ڕزگار بکەن ، بێگومان من دەستکەوتێکی تایبەتیم نییە لەم قسانە و کەسیش شک نابەم چەپڵەم بۆ لێبدات و خەڵاتم بداتێ ، ئەوەی ئێمە دەناسێ ، دەزانێ کە هەتا ئێستایش بنەماڵە کەمان (لەگەڵ ئەوەی ڕەنجی هەموومان بەبا چووە) ،

هەر سەربازێکی ونبووی ئەو میللەتەین و ڕێگای خراپ ناگرینەبەر !!!

بێگومان ئەگەر تەعلیقێک ، قسەیەک ، بۆڵەبۆڵێک ، ناڕەزایی یەک هەبێ لەسەر ئەم وتارە ، ئەوا ئامادەم ڕووبەوو ببمەوە و بەپەنابردنە بەر حیوار و دیالۆگ و مەبدەئی ڕێزلێنان لەیەک بیسەلمێنم کە بۆچوونەکانی من قسەی گیرفان نییە و مەنتیقی زۆری تێدایە !!

لەدوای ئەوەی نەوشیروان مستەفاو ئەفسەرەکان ناوچەی قامیشلی یان جێهێشت و بەرەو دیمەشق گەرانەوە ، ڕۆژێکیان کاک عەبدولرەزاق میرزا عەزیز فەیلی کە ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییە هاتە لام و وتی: ئەزانی زابتەکان تەگبیریان کردووە لە نەوشیروان مستەفا بدەن ! من لەگەڵ ئەو هەموو کارە خراپانەی ئەو لە پشتی منەوە کردبووی ......کەچی هێشتا ئەو قسەیەم پێناخۆش بوو . عەبدولرەزوق دەزانێ هەڵوێستی من چی بوو کە نامەوێ بیخەمە سەر کاغەز و خۆمی پێوە بابدەم ! .



## شەڕەکەی مام و نەوشیروان لەگەڵ فەرهاد شاکەلی و سەلام ئەحمەد

کە فەرهاد شاکەلی لە قامیشلی نەما و گەرایەوە بۆ شام ، پەیوەندی بە سەلامی مەلا ئەحمەدەوە کردبوو ( نازانم بۆ خەڵکی تر ) گوایا هەردوکیان دڵشکاون و بەڵکو تەگبیری گەڕانەوە بۆ کوردستان بکەن بە دزی یەکێتییەوە . ئەگبیرەکەیان دەم مام جەلال و نەوشیروان دەکەوێتەوە . بۆ ئەم مەبەستە نەوشیروان هاتەلام و وتی: شتێکی وا هەیە ، ئایا فەرهاد پەیوەندی بە تۆوە کردووە ؟ وتم : نەخێر ! . هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی دواتر چوبوون کلیلی ماڵەکەی کاک عادل مورادیان وەرگرتبوو ، ئەو دوانەیان بانگ کردبوو بۆ ئەوێ ، مەگەر خوا بزانێ چییان پێکردوون چییان پێوتوون !!!!!

ئەم کارە کارێکی جوامێرانە نەبوو ، باشتر ئەوەبوو هەر پەیوەندییان پێوە نەکەن و مەسەلەکەش زل نەکەن ، بابڕۆشتنایەتەوە ! چی دەبوو؟ چێیان دەکرد؟ ئەوپەڕەکەی ڕەخنەیان لە مام جەلال دەگرت ! خۆ دنیا بەوە کاول نەدەبوو !

ئینجا خۆش لەوەدایە کە مام جەلال کارێک یان شتێکی نابەجێ دەکات بەرامبەر بە کەسێک ، دوای ئەوە بە ماوەیەک پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێ بە دیاری و قسەی خۆش و دەعوەت و دەعوەتکاری دڵی ئەو کەسە بهێنێتەوە جێی خۆی ! فەرهاد و سەلام دوان بوون لەوانەی ڕەوانەی ئەوروپایان کردن .

## فراندنی من لەلایەن موخابەراتی سوریاوە

بەیانییەکیان سەعات ١٠–١١ ی سەرلەبەیانی لە چاپخانەیەک بووم بە ناوی ( مطبعە کرم ) بۆ کۆکردنەوەی هەندێ زانیاری لەگەرەکێکی کۆنی دیمەشق ، سەیرم کرد لە ناکاو دووکەس هاتنە ناو چاپخانەکەو یەکێکیان بە خێرایی ناسنامەکەی خۆی پیشاندا بە بێئەوەی لێی تێبگەم ، وتی فەرمو با بڕۆین ! دەستم دایە تەلەفۆن پەیوەندی بکەم ، دەستمیان گرت و نەیان



هێشت تەلەفۆن بکەم و یەکێکیان لای ڕاست و ئەویتریان لای چەپ ، بردمیانە دەرەوە ، سواری لاندرۆڤەرێکمیان کرد ، من لە ناوەڕاستدا دانیشتبووم و ئیتر زانیم ئەمانە یان پۆلیسی نهێنین یان موخابەراتن و لەبەرئەوەی چاوی منیان نەبەستبۆوە ، بەهەر شەقامێکدا بڕۆشتنایە دەمزانی ڕوو لە کوێدەکەن چونکە زۆر شارەزای شام بووم ، ٣ مەکەزی پۆلیسیان گێرام ، لەهەرسێکیان نەیاندەهێشت پەیوەندی بکەم ، پێشیان نەدەوتم بۆچی گیراوم، لەپرسیاری منداڵانە بەولاوە وەکوو ناوت چییە و کەی هاتویتەتە سوریا و چی دەکەیت و.....تاد شتی تریان لێنەدەپرسیم . ئازاریان نەدام و قسەی ناشیرینیان بەمن نەوت .

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت ، پاش ٩ سەعات فراندن منیان سواری ماشێنێک کرد و بەرەو ڕێگای بەیروت کەوتنە ڕێ و لەپڕ خۆیانکرد بە ساختمانی موخابەراتی سوریادا و دایانبەزاندم و بردمیانە ناو کۆمەڵێک ئەفسەری دەرەجەدار لە ژوورێکدا و هەرکەسە خەریکی کاری خۆی بوو ، هەموو بەخێرهاتنمیان کرد بەبێئەوەی کەسێک پرسیار بکات .

لەپاش سەعات و نیوێک ئەفسەرێکی سوپا هاتە ژوورەوە و ڕووی دەمی کردە من و وتی جەنابی عەقید بانگت دەکات . پێکەوە بەرەو ژووری عەقید ڕۆیشتین

( كه جێگری بەڕێوەبەری گشتی موخابەراتی سوریا بوو ) و پێشم کەوت و لەدەرگاکەی داو چووە ژوورەوە و پێی دا بەزەویداو وتی گەورەم ئەوە جەنابی عارف-ە و دوایی کشایە دواوە و من چوومە ژوورەوە و سڵاوم کرد ، کابرای عەقید لە شوێنی خۆی هەڵساو بەرەو پیرم هات و وتی ( اهلا وسهلا سید عارف ) فەرموو دانیشە ، چی دەخۆیتەوە ؟ داوای قاوەی بۆ هەردوکمان کرد و ماوەی ١٥-٢٠ دەقیقە لای دانیشتم و وتی بە چییەوە خەریکیت و کارەکانت چۆنە؟ منیش وەڵامم دایەوە بەباش و پێش ئەوەی لای ئەو جێبهێڵم وتی : حەزمانکرد لەنزیکەوە بتبینین و بتناسین ، بۆلەمەودوا ئێمە ئامادەین بۆ هەموو یارمەتیدانێکی تۆ و پێمان خۆشە ناو بەناو سەردانمان بکەیت . منیش وتم خوا بکا ! ئیتر دوای ئەم شانۆگەرییە تێگەیشتم کەمەسەلەکە بۆ کڕینی منەو هیچیتر . دوای ئەوە مام جەلالم بینی و زۆر تووڕە بووم و هەر باسی بێئەخلاقی ئەوانەم دەکرد و قسەم پێدەوتن . بۆ رۆژی ئاینده ئاغایەکی خۆشناوەتی کە نەوشیروان مستەفا هێنابووی بۆ شام ئەوەی گێرایەوە کە مام جەلال سووکایەتی بە من کردووە لە بارەگای کوردان لەسەر گرتنەکەم و منیش بەتەلەفۆن گلەیی زۆرم لە مام جەلال کردو وتم : دەزانی ئێمە قوربانی زۆرمان داوە ومالمان وێران بووە



و خێزانەکەمان برسی کردووە ، سەرەڕای ئەمانە تۆ سوکایەتیمان پێدەکەیت لە بەر چاوی خەڵک ! ئەمە کارێکی جوان نییە ! . ئەو وتی کێ پێی وتوی ؟ بەڵام من پێم نەوت چونکە بۆ من عەیب بوو ناو بڵێم ! دوایی خۆی بە ئوسلوبی خۆی کەسەکەی دۆزیبۆوە و ئەوەی من بیستمەوە، پێی وتبوو دەبێ ئەو دڕکە لەژێر پێت دەرکەم!! .

ئەم ئاغایە کەسێکی ئازا نەبوو ، لەپێش خوێندنەوەی بەیانی ١١/ی ئازاردا وەکو ئێمە جەلالی بوو بەڵام تەمەلوقی زۆردەکرد بۆئەوەی پلەوپایە بپچرێت بۆخۆی(کەدەستیکەوت) لەدوای ١١/ی ئازار و تێکەڵبوونەوەی هەردو باڵی پارتی ، هەمان شتی کرد و پلەوپایەی حزبی و حکومی چنگکەوت ، لەخۆی بایی بووبوو، چاوی سوور بووبوو ،شەو وڕۆژ بەدوای کاک عەلی عەبدوڵلەوەبوو ، کەمنی دەبینی ڕووی دەکرد بەولاوە . ناو بەناو خاڵە حاجی دەهات بۆلای ، ئەم شەرمی نەدەکرد ڕایدەکرد دەرگای ماشینەکەی بۆ دەکردەوە ، بەبیرم دێت جارێکیان بە ئەشرەف تاڵەبانیم وت : ئەم کابرایە زۆر بێ.........ە . من کەڕەتێک بۆماوەیەکی کورت کارمەند بووم لای ئەو ، چوومە ژوورەکەی بەئیشێک ، دووکەسی سەر بەپارتی لای ئەو دانیشتبوو ، خێرا قسەی گۆڕی بۆسیاسەت و

وتی : من دیفاع لە جاشایەتی خۆم ناکەم !!! . وەڵامم دایەوە و وتم: پێش خوێندنەوەی بەیانی ١١/ی ئازار ئەم قسانەت بۆ نەدەکرد؟ تۆ بتەوێ و نەتەوێ ، ئەوەبویت ! تۆ کەسێکی ترسنۆکی ! ئەویش وتی من تۆ بە دوژمنی خۆم دەزانم ! و ئیتر هەر دوژمنایەتی منی دەکرد !!! دیسان لە دیمەشق لە مانگەکانی دواییدا پێش سەفەرکردنم ، کلکی لەگەڵ کەسانێک گرێدابوو ، لەپشتەوە قسەی بە من دەوت ، دووجار بەرەو ڕووی بوومەوە ، یەکێکیان بەتەنها بوو ، خۆم دەزانم چۆن تەزاندوومە ! . نەوشیروان مستەفا هاتەلام و وتی : ئەوە من هانیومە بۆ ئێرە بۆیە وا مامەڵەی دەکەی ! .
وتم : دەستم خۆشبێت ! .

کەسێکی تر کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسییە و پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە ، ئەویشیان فێرکردبوو سوکایەتی بەمن بکات ، من ئەوم نەدەناسی ، هاوڕێم نەبوو ، هیچ ناپیاوی و زەرەرێکیشم بۆی نەبوو . ناچاری کردم وەڵامی بدەمەوە . من شاعیر نەبووم و قەتیش شیعرم نەنووسیبوو ، کەچی بۆ بەختی ئەو بەیتێک شیعری هەجوم بۆهات ، ئێستا لەبەر دەستمدایە ، نزیکی ٥٠ دێر دەبوو لە پێشاندا بوو
نەوشیروان مستەفاو پێشمەرگەکانم خوێندەوە لە (دێرک)ی نزیک قامیشلو لەسەر سێ گۆشەکەی عێراق- سوریا- تورکیا.



دواتریش بۆ برادەرانی تر لە شام. هەرلەڕێوە مەرحوم مولازم حەسەن خۆشناو وێنەیەکی برد بۆ مام جەلال . ئەم بەیتە شیعرە هەڕەشەیەکیش بوو بۆئەوانەی فیر کرابوون لە پشتەوە قسە بە من بڵێن .ئەگەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ژیاندا بوایە ئەوا خەڵات و ئافەرینی دەکردم !!! دوای ئەم بەیتە شیعرە مام جەلال تەدەخولی کرد و وتی ئیتر بەسە ! تۆهەقی خۆت کردەوە !!برادەرەکەیش کە ئەم وەڵامەی پێگەیشتەوە ، تێکچوو ، هەژا ، ڕەنگی زەرد بوو ، دەلەرزی ... ئیتر مامجەلال و نەوشیروان ئاویانکرد بە ئاگردا و وازیان هێنا .

# نامەکەم بۆ مام جەلال و
# هەوڵ و تەقەلای ئەم و ئەو
# بۆ پەشیمانکردنەوەم

لەسەروبەندی هێرشەکاندا بۆسەر من ، نامەیەکم نووسی بۆ مام جەلال و گلەیی زۆرم کردبو ئەوەم ڕوون کردبۆوە ئەگەر کەسێک ، هەڤاڵێک ، هاوڕێیەک ، برادەرێک لەڕیزەکانی یەکێتی خەتایەک ،هەڵەیەک ، تاوانێکی هەبێت دەبێ لەگەڵی دابنیشن و چارەسەری کێشەکەی بکەن نەک پەلاماری بدەن و سووکایەتی پێبکەن ، دیسان نووسیبووم کە من پێنج ساڵ تێکۆشانم کردووە لە ریزەکانی کۆمەڵەدا پێش ئەوەی ئەمری گرتنم دەربچێت، کەسێک عەیبێکی لە مندا نەدۆزییەوە ! ئێستا دەتانەوێ عەیببارم بکەن ؟! ، لەبەشێکی نامەکدا نوسیبوم ( بەداخەوە من لە



حەدیقەی حیوانات خۆم بینییەوە !! ) ، لەبەشی دوایی نامەکەدا نوسیبوم کە من بە پاکی هاتوومەتە ڕیزی کوردایەتی و بە پاکێش جێی دێڵم .

ئەم نامەیەم دا بە کاک هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد کە بردی بۆ مام جەلال . ئەمە ئەو کاتەبوو کە بریاری وازهێنانم دابوو ، بۆیە ئەویش لە١٠/١٠/١٩٧٦دا وەڵامێکی کورتی دامەوە و من بە تێکۆشەرێکی دێرین لەقەڵەم دەدات و داوای کردبوو کە بەزووترین کات چاوم پێی بکەوێت تا پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین ! .

کەمام جەلال زانی بەڕاستمە ، لێم نزیک بووەوە و کەوتە دەعوەت و دەعوەتکاری ، وەکوو منداڵێک ژیربکاتەوە و هەوڵی لەگەڵم دەدا کە پەشیمانم بکاتەوە و نەڕۆم ،ئەمە لە کاتێکدا من بە درێژایی ئەو ١٣ مانگەی لەشام بووم نەچوبومە ماڵی و ئەویش لە هەموو موناسەبەتەکاندا خەتی ڕاست و چەپی هێنابوو بەسەر مندا ، لەولاشەوە نەوشیروان مستەفا هاتە شوێنی حەوانەوەم و هەوڵی دەدا لەگەڵم کە بمێنمەوە ، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو . پێیم وت : تۆ نزیکترین برادەری من بووی لەسوریا ، من و تۆ نان و نمەک هەبوو لەبەینماندا و ئەگەر عەیبو عارێکیش لەمندا هەبوایە ، دەبوایە تۆ یەکەم کەس بویتایە کە

بۆت بپۆشیمایە ، نەدەبوو دوژمنایەتیم بکەیت و پەلامارم بدەیت چونکە من دوژمنی تۆ نەبووم ، کارێکی باشت نەکرد کە منت تووشی شەڕ وگێچەڵ کرد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکدا کە زۆریان هەر ناناسم ،جگەلەوە ئەوەم بەبیر هێنایەوە کە بنەماڵەی ئێمە زەرەرمەندین و قوربانی زۆرمان داوە وئەو خۆی ئێمە دەناسێ . لەپێشاندا وتێ : خەتای خۆتە ! وتم ڕاست ناکەیت ! ئەویش تووڕەبوو ووتی: دە من بووم ! بڕۆ چ کەلێ بەرزە بیگرە ! وتم : هەتا من لەسوریا بم، یەکێتی چی بلێ بەسەرچاو ، بەڵام کە لێرە ترازام ( دەستم دایە شقارتەیەکی بەردەمم ) ئەمەتان بۆ ناگوێزمەوە. ئەویش خێرا خێرا دەیوت : باشە تۆ بۆچی هاتی بۆ شام ، بۆهاتی ... بۆهاتی وتم ڕاونراوم و بۆ تێکۆشان هاتووم و ئێوە رێم پێنادەن و خواحافیز،کەسیش لەئێوە من بەخێو ناکات .

دواتر کە زانی هەوڵ وتەقەلاکانی سوودی نییە نامەیەکی بۆ نووسیم و بە عادل مورادا بۆمی ڕەوانە کردبوو ، لەبەشی خوارەوەی نامەکەدا داوای عەفو وبەخشین دەکات .

ڕۆژی سەفەرکردنیش لەگەڵ مولازم حەسەن خۆشناو هاتبوونە فرۆکەخانە بۆ بەڕێکردنم ، بەڵام من بە هۆی



ئەوەی لەماڵی مام جەلال بووم و درەنگ کەوتمە رێ ، چاومان بەیەک نەکەوت .

خەڵکانێکی تر کە ڕێزیان هەبوو بۆمن و نێوانمان خۆشبوو ، تکایان دەکرد کە نەڕۆم و دەیان وت : ئەگەر کەسی باش بڕوات تەنها خراپ دەمێنێتەوە ، لەوانەی لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵم کرد ، دکتۆر عادل عەبدولمەهدی- جێگری سەرۆک کۆماری ئێستای عیراق کە بەینمان خۆش بوو ، هەروەها کاک ئیسماعیل ( ایرج کشکولی ) کە یەکێک بوو لە کادرە پێشکەوتووەکانی سازمان ئینقیلابی حزب تودە ایران و لە خۆشەویستیدا پێم دەوت سمە کەچەڵ چونکە سەری ڕووتاوە بوو ! ، هەروەها چەند برادەری تر .

لەکاتی سەفەرکردنەکەشم هەر وازیان نەهێناو دەیان ویست پێمەوە بدەن و بەناوی فازیل مەلا مەحمودەوە هەندێ نامەیان دامێ گوایا لە خەلیج بۆیان بخەمە بەریدەوە . نامەکان هی جەماعەتی وحدە القاعدە ی حزبی شیوعی بوو ، ئەمە بۆ ئەوە بوو بەڵکوو ئەمە خوایە بمگرن و سەفەرەکەم فەشەل بهێنێ !! . بە ئەبو عیماد ی مورافیقەکەی مام جەلالم وت کەنامەکانی دامێ :باشە لە شام پۆست و بەرید نییە ئاوا سەرودڵی من دەگرن ؟! عەیب نییە !!

## هاتنی مەرحوم عومەر دەبابە و
## کاك دلێری برازای بۆ دیمەشق

پێش ئەوەی بریاری سەفەرکردن و وازهێنان بدەم ، لەمانگەکانی ڕابوردوودا عومەر دەبابە و دلێر ی برازای لەگەڵ خەڵکانی سەر بە قیادە موەقەتە گەیشتنە شام ، ئەگەر پێشمەرگەی یەکێتی بچوایەتە ناوچەی قیادە موەقەتە ، نەدەگەرایەوە و سەری تیادەچوو ، ئەم کارە بۆ کاک عومەر دەبابە حەڵاڵ بوو و دەشیان پاراست !!!! ئەو و جەوهەر نامیق پێکەوە گەیشتنە شام .

دلێر تاهیر قوتابی زانکۆ بوو لەکۆلیجی علوم بوو ، یەکێک بوو لەکەسە چالاکەکانی کۆمەڵە و وەجبەی یەکەمی قوربانیدان بوو کە کەس ناوی ناهێنێ . ئەو خوێندنی وازلێهێنا و خۆی نەدا بەدەستەوە و ژیانێکی



سەختی دەبردەسەر. لەسوریا چەند مانگێک یارمەتییان دا بەڵام ئەو خۆی بە ئەندامی یەکێتی نەدەزانی و پێی وتبوون ئەگەر وەکوو کوردێکی ئاوارە یارمەتیم دەدەن ئەوا قەبوڵمە ، ئەگەرنا ، من ئەندامی یەکێتی نیم !! . یەکێتیش یارمەتییەکەی بڕی و ئەویش بەکرێکاری و ئارەقی ناوچەوانی خۆی دەژیا تا دوایی بەقەرزوقۆڵەو یارمەتی ئەم و ئەو خۆی ڕزگارکرد لەشام و خۆی گەیاندە ئەوروپا . ئەوپارەیەی دەدرا بە خەڵک لەماڵی کەسەوە دەرنەدەچوو ، تڕومنەتیشی تیا نەبوو ، بۆیە دەبوایە وەک ڕیزلێنان لە ڕابوردووی دلێر تاهیر ، یارمەتییەکەیان نەبڕیبا.

## سەفەرکردن بۆ خەلیج و دەستهەڵگرتن لە سیاسەت و نامەی مام جەلال بۆمن

لەسەرەتای ١٩٧٧ دا سوریام جێهێشت وکەوتمە رێ بەرەو خەلیج ، ئەوکاتە ئەوروپام دەناسی بۆیە خەلیجم هەڵبژاردبوو ، بۆئەوە چوومە ئەوی کە دایکوتم و لە شوێنی خۆم نەجووڵێم ، ئەگەر سیخوڕو جاسووسەکانی سەفارەتی عێراقی (کە هەموو شتێکیان لەسەر من دەزانی) وازیان بهانیایە و سەریان نەکردایەتە سەرم ، ئەوا مومکین نەبوو ئەوناوە جێبهێڵم ! شەش مانگی یەکەم ژیانم زۆر ناخۆش بوو بەهۆی ئەوەی لەژێر پلەی گەرمای ٥٥دا کرێکاریم دەکرد ، دواتر کە چاوم کرایەوە و خەڵکم ناسی ، کاری باشم بۆ خۆم پەیداکرد . هەڕەشەکانی سیخوڕەکان وای کرد



بەناوی خوێندنەوە خەلیج جێبهێڵم و بەیەکجارەکی بچمە ئەوروپا .

بەدرێژایی ئەوکاتانەی لەوێبووم ، نامەگۆڕینەوەم هەبوو لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا لەوانە دکتۆر کەمال فوئاد و هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد و چەند کەسێکیتر لێرەولەوێ و لەجارێکیاندا هەڵۆ بۆمی نوسیبوو گوایا مام جەلال وتویەتی ( هەڵەیەک بوو کردمان بەرامبەر بە عارف ) و (بەدەساڵی تریش عارفێکمان بۆ دروست نابێتەوە) !

ڕۆژی ١٩٧٧/٠٥/٢ نامەیەکم لە لەندەنەوە پێگەیشت، کەکردمەوە نامەی مام جەلال بوو ، ڕێزی زۆری تێدابوو بۆمن و بەباش باسی من دەکات و نوسیبووی ، ئەگەر بگەڕێیتەوە پێشوازییەکی گەرمت لێدەکەین .

پێشیەکێ سوپاسی گەرمی ئەوم کرد بۆ نامەکەی ، بەبیرم دێت وەڵامێکم بۆ نووسییەوە ، بەڵام پڕ بە گلەیی و لەخواری خوارەوەش بۆیم نوسیبوو :

## ئەگەر حەیام هەبێت جارێکی تر
## سیاسەت ناکەم ( والایام بیـنـنا ! )

من بەو نامەیە کۆتاییم بە ژیانی سیاسی خۆم هێنا لە ڕێکخراوێکدا کە بۆی ماندوو بووم و قوربانیم بۆدا پاش ئەوەی گەیشتمە قەناعەت کە خەبات و تێکۆشانی من زیندانی کراوە و ڕەنج و ئارەقی ناوچەوانیشم زەوت کراوە و ڕێگەم پێنادەن تێبکۆشم لەپێناوی ئەوەی خۆم بڕوام پێیەتی و دەبێ پەیرەوی فەلسەفەو ڕێبازی سیاسی ئەوان بکەم کە وەکوو دەقی قورئانی لێهاتووە و نابێ ڕەتبکرێتەوە . هەروەها دەبوایە پەیرەوی تیۆری ( ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت ، لەخانەی دوژمندا حسابی بۆ دەکەین )بکەم . دەبوایە باوک سالاری قەبوڵ بکەم و ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن لەبیر خۆم بەرمەوە ،بەرژەوەندی تاک لەبەرچاوبگرم ، بیر لە



هەڵسەنگاندنی زانستانە نەکەمەوە بۆ ڕابوردوو و داهاتوو ، بەرەهبەرەکەم نەڵیم نابێ ئەمە بڵێی ! نابێ ئەمە بکەیت !

٣١ ساڵ تێپەڕی ، کەچی هێشتا پەشیمان نیم لە بەڵێنەکەی خۆم ، ئیتر خەڵک چۆن تەرجەمەی دەکات و لێی تێدەگات با بیکات . من کارم بەوانە نییە چونکە دەزانم ئەوانە زۆریان ماوە تێبگەن .

پێش بەجێهێشتنی سوریا چەند ڕێگایەک لەبەردەمی مندا هەبوو کە هەڵیبژێرم :

یەکەم /گەڕانەوە بۆ بەغدا و خۆ فڕێدانە باوەشی بەعس .

دووەم / ڕووبکەمە حزبێکی تر و لەوێ درێژە بە کاری سیاسی خۆم بدەم .

سێیەم / واز لە سیاسەت بهێنم بەو مانایەی نەبمە ئەندام لە هیچ حزبێکدا .

من ئەوەی سێهەمم هەڵبژارد چونکە لەمێژەوە لەوە گەیشتووم کە

**هەڵە بەهەڵە چارەسەر ناکرێ !!!**

## - بەشی دووەم -

**سەردانەکەم بۆلای سەرۆک کۆماری عێراق.**
**من و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.**
**بۆچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت.**
**کێشەکان چۆنچۆنی چارەسەر دەکرێن.**

سەردان و دیتنی سەرۆک کۆمار لەهەموو وڵاتێکی دنیادا ، بۆ دیپلۆمات و شاندە بیانییەکان و بەرپرسە گەورەکانی وڵات ، کارێکی ئاسانە و زوو خۆی دەدات بەدەستەوە ، بەڵام بۆ خەڵکیتر ناو و نووس و چاوەڕوانی زۆر دێتە پێشەوە کە جاری وا هەیە بەهۆی چڕوپڕی بەرنامەکانی سەرۆکەوە زۆر دەخایەنێ .



ئەوەی دەیەوێ سەردانی سەرۆک بکات ، بەلایەنی کەمەوە دەبێ ئەو بیناسێ و لە ئامانجی چوونەکە بزانێ بۆئەوەی قبووڵی بێت ئەوکەسە بچێتە لای .

لە پایزی ٢٠٠٤دا ، پێشئەوەی مام جەلال ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق ، من لە کوردستان بووم ، براکەم – حەمە سەعید – لە قەڵاچوالان چاوی بەو کەوتبوو بۆ کاری خۆیان و پێی وتبوو کە من هاتوومەتەوە بەسەردان و ئەگەر پێتخۆشە حەزدەکات چاوی پێتبکەوێت ، ئەویش وتبووی ئەم یەکدوڕۆژە سەرم قاڵە ، با لێمبوەستێ و منیش بەهۆی ئەوەی مەوعیدی دکتۆرم هەبوو ، زۆر نەمامەوە و گەڕامەوە بۆ سوید و ڕیکنەکەوت ببینم .

لەمانگی ئابی ٢٠٠٥دا لە ڕێگای بەریدی ئەلیکترۆنییەوە نامەیەکم بۆ سەرۆک نووسی و لە ڕێگەی یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی خۆیەوە لە بەغدا کە پیاوەتی لەگەڵم کرد بەدەستی گەیشت و دوو هەفتەی نەبرد کە بە ئێمەیل وەڵامم پێگەیشتەوە و سەرۆک ڕازی بوو کە چاوی پێم بکەوێت و منیش ورد ورد کەوتمە خۆکۆکردنەوە و لەسەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥دا سەفەرم کرد و پاش چەند ڕۆژێک پشوودان لە شاری سلێمانی تەلەفۆنم کرد کە من گەیشتووم و هەفتەیەکی نەبرد شەوێکیان زەنگیان لێدا بۆم و

ئاگادارمیان کرد بۆ سبەینێ کاتی١٠ ی بەیانی ئامادە بم بۆ ئەوەی بێن بە دوامدا و پێکەوە بچینە قەڵاچوالان . ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٣ لەکاتی دیاریکراودا هاتن بە دوامدا و کەوتینە ڕێ ، ئەو ڕۆژە مام جەلال منی نەبینی و چوونەکە بوو بە دەعوەتی نان خواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی و کەسێکی تر .

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٤ ، واتە ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق ، هاتنەوە بە دوامدا و چووینە قەڵاچوالان و لە میوانخانەکەی ئەوێ دانیشتم و زۆری نەبرد ڕاوێژکارەکەی هات و بەرەو نووسینگەکەی سەرۆک ڕۆیشتین کە نزیکەی ٥٠ مەترێک لە میوانخانەکەوە دووربوو ، بینیم مام جەلال هاتۆتە دەرەوەی نووسینگەکەی خۆی و لە هەیوانەکە لەسەر جۆلانەیەک دانیشتووە و چاوەڕوانی من دەکات ، کە منی بینی لە جێی خۆی هەڵساو بەگەرمی پێشوازی لێکردم و بەخێرهاتنی کردم و بەزۆر پێش خۆی دام بۆ ژوورەوە بۆ نووسینگەکەی خۆی کە بۆمن ناخۆش بوو ( خەجاڵەتم کێشا ) چونکە ئەو بەتەمەنتر بوو لەمن ، دووەم ئەو سەرۆک کۆمار بوو ! . کەچووینە ژوورەوە کامێراوتەلەفزیۆن لەوێ بوو ، هەموو دانیشتنەکەیان تۆمار کرد ، لە نووسینگەکەی بەدەم قاوە خواردنەوەوە



، پیرۆزبایی بوون بە سەرۆک کۆمارم لێکرد ، هەروەها سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی کە ئەو لەمنی کرد ، ئەگەر بە ویژدانەوە بیگێڕمەوە ، ئەو ڕێزەی مام جەلال لە منی گرت ، ئەگەر بەرپرسێکی گەورەی وڵاتێکی بیانی سەردانی ئەوی بکردایە ، هەر ئەوەندەی من حورمەتی دەگرت ، جارێ لە ڕێوە دەستی خستە سەرسەری و وتی : بەم چاوانە، بەم سەرە ، چی دەڵێی بۆتی بکەم ، لەڕاستیدا من زۆر سوپاسم کرد بەڵام داوای هیچم نەکرد ، ئەگەر چی لەبەشێکی نامەکەی بۆ ئەوم ناردبوو نووسیبووم : ئەگەر تاکە کەسێک هەبێ یارمەتی من بدات ، حەزدەکەم خۆت بیت و کەسی تر نا .

ماوەی ٤٠ خۆڵەک لای سەرۆک کۆمار دانیشتم کە لەچاو خەڵکی تردا زۆر زۆر بوو چونکە دەیان کەسیتر لەدەرەوە چاوەڕوانییان دەکرد و منیش بە عەقڵی چاوپێکەوتنە کۆنەکانی ساڵانی پێشوو چووم بۆلای کە لەمەیاندا کەوتمە هەڵەوە ! ، چونکە ئێستا ئەو بە حوکمی پۆستەکەی کاتی ئەوەی نییە سەری خۆی بخورێنێ . کە چل خولەکەکەتەواو بوو وتم : مام جەلال ، دەزانی قسەکانم تەواو نەکردووە ؟ ! ئەویش وتی : وەرە بۆ بەغدا و چەند ڕۆژێک میوانمانبەو لەوێ ماوە زیاترە بۆ قسەکردن . لەو چەند خۆڵەکەی لای ئەو

دانیشتبووم سێ باسم ورووژاند ، یەکەمیان کێشەی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی بوو کەهەتا ئێستایش‌گەورەترین کێشەیە بەهۆی ئەوەی پەیوندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا و وتم : میللەت دەناڵێنێ بەدەست ئەم کێشانەوە و کومپانیای بێگانە دەست ماچدەکەن ئێزگەی ئاو و کارەبا بنیات بنێن ئەگەر پارەوپوولیان بۆ خەرج بکرێت ! ، ئەویش وتی : حەڵک پەلەیەتی و ئەمە بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت و منیش لەسەری نەڕۆیشتم . دووەمیان وتم : مام جەلال ! ، دەزانی بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان سەرکردایەتی کورد و جەماوەر کە پێویستە پڕبکرێتەوە ، ئێمە خاوەنی دەریایەک لەخەڵکی پسپۆرو شارەزاین لە بوارەکانی مێژوو ، ئابووری ، یاسا ، کۆمەڵایەتی ، سیاسەت .........تاد خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندین ، مەرج نییە ئەمانە هەموو حزبی بن ، بەڵام دەتوانرێ سوودی زۆریان لێوەربگیرێ و بهێنرێنە مەیدان ، لەمەیاندا وەڵامێکی ئەوتۆی نەبوو ، دیار بوو بەدڵی نەبوو ، بەڵام بۆ هی سێیەمیان کە وتم : ماندوبوونت پێوە دیارە و پێویستت بە پشوودان هەیە ، هەستمکرد پێی گرژ بوو ، بەمەرجێک من مەبەستێکی



خراپم نەبوو لەوە زیاتر بۆ بەرژەوەندی ئەو قسەکەم کرد و بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵێکە لە ئەوروپا دەژیم ، دەزانم هەرکەسێک تەمەنی لە ٦٥ ساڵ تێپەریکرد ئیتر خانەنشین دەکرێت . ڕاستە ناوبەناو سیەسەتمەدارە بەتەمەنەکان لە پۆستەکانیاندا دەمێننەوە ، بەڵام هەموویان نا و زۆریش نا . لەسەرئەمەیان ئەگەر مام جەلال پێی عەیب نەبوایە ئەوا بە پاڵ دەیکردمە دەرەوە لە نووسینگەکەی خۆی و مەگەر خواش بۆخۆی بزانێ دوایی چی پێوتووم !! .
خەڵکیتر کە دەچنە لای مام جەلال ، ژمارەیەکی کەمی لێدەرچێ ، ئەوانیتر فێری ئەوەن کە داواکانیان بخەنە سەر پارچە کاغەزێک کە بریتییە لە بەدەستهێنانی زەوی و خانو ، ئوتومبێل، ناوماڵ ، ژنهێنان ، پارە ، خانووتازەکردنەوە .......تاد ئەویش دەڵێ : ئەمەیان دەبێ و ئەوەیان نابێ و ئەوەیان بیری لێدەکەینەوە و ئەوەیان بابمێبێ و ........بەم شێوەیە لەماوەی ١٠ – ١٥ خولەکدا ڕازییان دەکات و سەری خۆی سووک دەکات ! . هی وا هەبوو چەند ساڵێک لەمەوبەر خۆم گوێم لێی بووە کە دەیگوت : کورە با بڕوا ! خۆ دوو دەفتەری نەنارد خەرجیکەین!! .
لەڕاستیدا کە من چوومە لای مام جەلال بیرم لە دەستکەوت و بەرژەوەندی تایبەتی خۆم نەکردبۆوە و

بۆ ئەوە نەبوو پلەوپایە و پارەوپول بەدەست بهێنم ، من لەپاڵ ئەوەی هەندێ کێشەم هەبوو کە ئەوانەی خوارخۆی جێبەجێیان نەدەکرد ، هەندێ قسەی زۆریش هەبوو کە لەلای من کۆبووبوونەوە و لەسەر ڕووی چەند لاپەڕەیەک تۆمارم کردبوون ، حەزم دەکرد لەگەڵی باس بکەم کە بەشێکی ئەوانەن ئێستا هەڵیاندەڕێژم ، لەوانە زیاتر ئامانجێکی ترم نەبوو لەو زیارەتە ، بەتایبەتی من لەساڵی ١٩٧٧ وە سیاسەت ناکەم بەو مانایەی ئەندام نیم لە حزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا ، وەکیتریش کەس ناتوانێ خۆی دابڕێ لە سیاسەت چونکە سیاسەت پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی هەموومانەوە هەیە ، جگەلەوە ئەمە یەکەمجار نەبوو کە من سەردانی مام جەلال بکەم ، ئەو لە شەستەکانەوە من دەناسێ و لەدوای وازهێنانیشم لە سیاسەت لەهەر وڵاتێک کەئەو زانیبێتی منی لێم ناردوویەتی بە دوامدا و سەردانم کردووە .

ساڵی ١٩٨٠ لە خەلیجەوە دەچوومە ئەوروپاو لە شام لامدا ، ئەوکاتە بوو کە فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس تووژەڵەیان بومباران کرد و ژمارەیەک شەهیدوبریندارى لێکەوتەوە ، یەکێک لە بریندارەکان براکەی من بوو ( حەمە سەعید ) و لەپێشاندا هەواڵی شەهیدبوونی هاتبوو ، دوایی وتیان نەخێر بریندارە و



لە خەستەخانەیە . هەر لەو سەفەرەدا بە کارێک چوومە عەممان و گەڕامەوە ، برادەری ئازیزم مەرحوم شازاد سائیب کە ئەوسا بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو لە شام وتی : ئەوە تۆ لە کوێیت ؟! مام جەلال بە دواتا دەگەڕێت ، وتم : لێرە نەبووم و دەچم بۆلای . بەبێ تەلەفۆنکردن چوومە لای بۆماڵەوە – ڕەمەزان بوو– میر تەحسین بەگی سەرۆکی ئێزدیان لای دانیشتبوو قاوەی دەخواردەوە ، هەروەها شەهید مولازم سەید کەریم ، پاش بەخێرهاتن ، کەوتە پیاهەڵدان بە حەمە سەعیدی برامدا کە تائێستایش نێوانیان خۆشە و مام جەلال خۆیشی دەوێت و یارمەتی زۆری داوە ، بە پێچەوانەی ئەمەوە هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لای لەو نەکردۆتەوە کە دەیان ساڵ وەکوو بزنەکێوی بە دوایانەوە بوو لەو شاخە ! ، بۆ مردنیش لەگەڵیاندا بوو ! ، دیارە ئەوانە کەسێکیان دەوێ کڕنووش بەرێ وچۆکدابدات و دەستندەخۆری ئەوان بێت ، بکروزێتەوە لەبەر قاپێکەیاندا کەئەوە بە حەمە سەعید ناکرێت . مام جەلال وتی : شوکر باشە و لە خەستەخانەیە ، بۆ ناچی بۆتاران بۆلای ؟ وتم : حەزدەکەم ، بەڵام ڤیزەم نادەنێ چونکە لە عەممان چوومە سەفارەتی ئێرانی بۆ ڤیزە بەڵام نەیاندامێ .

وتی : ئێمە ڤیزەت بۆدەکەین . دواتر ئەوان ڤیزەکەیان جێبەجێکرد و منیش سەفەرەکەم کرد بۆ تاران .

لەجاریکی تردا ساڵی ١٩٨٩ سەفەرم کرد بۆ ئێران بۆ چاوپێکەوتنی دوو براو خوشکێکم و زاوایەک کە پێشمەرگەی یەکێتی بوون و پەڕیبوونە ئێران ، هەروەها خەبەری پورزایەکم پێگەیشتبوو کە خۆی و هاوسەرەکەی لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا تیاچوبوون و دەمویست بزانم منداڵەکانیان چی بەسەرهاتووە . لەمجارەشیاندا مام جەلال جوامێریی نواند و ئامادەیی خۆی پیشاندا کە دەعوەتی من بکات لە مەکتەبی سیاسی لە قاسمە ڕەش ، (گوایە ئەگەر قسەکەیان نەشکێنم) ، ئەمە لە ڕێگەی حەمە سەعیدی برامەوە بوو ، ئەو کاتە بوو کە یەکێتی و پارتی تووشی نووچدان و کەوتن بووبوون ، حەزیاندەکرد لەخەلک نزیکببنەوە . من سوپاسی مام جەلالم کرد و وتم : ئێمە هەموومان لە ئێرانین و پێویست بە دەعوەت ناکات و لەدەرفەتێکدا بە خزمەتی دەگەین ، پاش ماوەیەک من و کاک عومەری سەید عەلی و حەمە سەعیدی برام لە سەقز سەردانیمان کرد و ئەویش خۆی و مەجلیسەکەی کە ٢٠ کەس زیاتر دەبوون لەبەرمان هەڵسان و ڕێزی زۆریان لێگرتین و کاتێکی دووروودرێژمان پێکەوە بردە سەر.



لەجارێکی تردا ، دوای چەند مانگێک ، لەتاران، کاک عومەری سەید عەلی نارد بە دوای من و براکەمدا بۆ ئوتێل و ئەو نیوەڕۆیە دەعوەتی ئەو بووین بۆ نان خواردن لە ماڵی خۆیان .

دانیشتنەکەی من و مام جەلال لە قەڵاچوالان کە کامێراو تەلەفزیۆن هەمووی تۆمارکرد لەگەڵ ئەو وێنانەی کەگیران ، بڵاونەکرایەوە و لەئەرشیفدا هەڵیانگرت ، وادیاربوو مام جەلال چاوەروانی زیاتری لەمن دەکرد و ئەنجامی دانیشتنەکەی بەدڵ نەبوو ، چونکە پرسیاری مانەوەی لەمن کرد و وەڵامەکەی من بە دڵی ئەو نەبوو . دەتوانم بڵێم ئەو لەمەیاندا بەهەڵەدا چوو لەگەڵ مندا لەبەرئەوەی :

**یەکەم/** من وەکوو دۆستێکی دێرین سەردانی ئەوم کرد، وەکوو جاران و لەسەرحسابی کەسی تر نا .

**دووەم/** ڕۆژانە ئەو پێشوازی لە خەڵکی جۆراوجۆر دەکات کە کەناڵە ئاسمانییەکان پیشانی دەدەن و ژمارەیەکیان هەر ناحەز و دوژمنی کوردن ! .

**سێیەم/** من نزیکەی ٣٠ساڵە لە ئەوروپا دەژیم ، تێرمخواردووە لەوەی وێنەی خۆم لەگەڵ کەسێکی ناسراوی وەکوو مام جەلالدا ببینمەوە ، ئەمە بۆ کەسێکی هەرزەکار و نەدی بدی باشە ، ئێمە دەیان جار وەزیرەکان ، بەرپرسەکانی ئەم وڵاتەمان بە سواری

پایسکل ، یان لەناو شەمەنەفەردا بینیوە ، من خۆم بەڕێکەوت شای مەملەکەت و هەموو سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتەم لەم گۆڕەپان و ئەو جادە و ئەو جێگا بینیوە کە پاسەوانێک یان دوانیان بەدواوە بووە .

چوارەم/ کە جاری یەکەم و دووەمیش ویستم بچمە بەغدا و دەرگایان لێداخستم ، لەسەر پێشنیارو قسەی مام جەلال خۆی بوو ئەگەنا من ئەو هەوڵەم نەدەدا ، ئەمەیش بۆئەوەبوو قسەکانم تەواوبکەم و هیچیتر .

کە سەردانەکەی من بۆ قەڵا چوالان پێزانرا ، تەعلیق و قسەی زۆرم بەر گوێ کەوتەوە، لەوانە :

ئەرێ وەڵڵا نانی کەوتە ڕۆنەوە ! ، بیتاقەی بۆ دەرچوو ! ، بوو بە یەکشەوە ! . دوایی پاش تێپەڕبوونی ساڵێک کە هیچ دیار نەبوو ، هەر ئەو تەنگەتیلکە و نەفەس کورت و کاڵفام و نەخۆش و بێویژدانانە وتبویان : مام جەلال ڕووی نەداوەتێ و هیچی بۆ نەکردووە ، کەوتبوونە قسەوتن بەمن لە پشتەوە. هەندێکیتر پێیانوابوو من لەسەر حسابی کوتلەو گروپی تر چوومەتە لای مام جەلال و دەمەوێ لەو ڕێگەیەوە بازرگانی بکەم و شتێکم دەست بکەوێت .

لەڕاستیدا ئەمانە هیچیان ڕاست نەبوون ، لەوەش زیاتر کە خەڵکی بێویژدان تفەنگیان دەنا بە تاریکەشەوەوە هیچی تر نەبوو .



ڕۆژەکانی دوای چوونم بۆ قەڵاچوالان ، ژمارەیەک لە دۆست و برادەر لە سلێمانی ڕایاندەگرتم لە سەرجادە و دەیانویست شتێک بزانن ، هەندێکیتر کە قەت دەعوەتی منیان نەکردبوو بۆ ماڵەوە یاخود یانەی شەوان ، کەوتنە دەعوەتکردن ، لە سوید- یش هەندێک بایان دایەوە بەلای مندا و ئەو ڕۆژانە من کەسێکی شیرین و تایبەت بووم و بە ژەهری مارەوە دەخورام ! . بەڵام ساڵێک دوای ئەوە ، ئەوانە ، کەسیان لەمنیان نەپرسییەوە و تاڕادەیەک کەسێکی چارەگران بووم لایان و تەلەفۆنیکیشیان نەدەکرد بۆم ، برادەرە کۆنەکانی خۆم نەبێت کەلەخۆیان نەگۆڕابوون ، ئەوانیتر هەموو تەرابوون !!!! . ڕاستییەکەی دنیاکەش ئێستا گۆڕاوە و وەکوو جاران نەماوە ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر گۆڕاون بۆ پەیوەندییەکی مادی و هیچیتر ، شتە بەها و بە نرخەکان باوی نەماوە . من چەند برادەرێک دەناسم کە لە سوید سوسیال بەخێوی دەکردن ، ئێستا بوونەتە تازەدەوڵەمەند و بە دەفتەر قسەدەکەن ، بێزیان نایەت لا لە خەڵکی وەکوو من بکەنەوە و بگرە پێیان عەیبە مەرحەبای ئێمەمانانیش بکەن . ئەمانە تویژێکی تایبەتن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کە لە گەندەڵیدا نقوم بوون و لەخەمی خۆیان و گیرفانی خۆیاندان و کەسیتر ، جالەبەرئەوە

، بەئاشکرا ژمارەیەک لە خەڵکە دواکەوتووەکەی عەقڵیان پەڕیوەتە چاویان ، ڕوویان لەوانەیە کە بەرپرس و پارەدارن ، سیستمی ئیداری و ئابووریش لە کوردستاندا یارمەتیدەرن کە هەندێک وا بیر بکاتەوە و بەدوای ئەوانەدا ڕابکات .

## من و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوابەدوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ و هەرەس و تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی شۆڕشی کورد ، لەکۆتایی مانگی مایس و سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٥دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شام دامەزراو چاوی هەڵهێنا ، سوریا و لیبیا دوو وڵاتی عەرەب بوون کەبەئاشکرا هاوکاری و پشتگیری ی.ن.ک یان دەکرد ، فەلەستینییەکانیش تاڕادەیەک وەکوو دۆست و هاوکار خۆیان پیشان دەدا .

پێش دامەزراندنی یەکێتی ، کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان هەبوو کەدوایی لە شاخ ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان . من ئەندامێکی کۆمەڵەی ناوبراو بووم هەتا ئەوکاتەی لای حکومەتی بەعس ئاشکرا بووم ، لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا



ئەمری گرتنم بۆدەرچوو ، دەستم لە ماڵ و حاڵ و وەزیفە هەڵگرت و هەڵاتم بۆ سوریا بۆ لای ی.ن.ک کە تازە لەوێ دامەزرابوو ، ماوەی ١٣ مانگ لەوێ مامەوە .

پێش هاتنەکەم شانبەشانی هاوڕێیانی کۆمەڵە لە خەبات و تێکۆشانێکی بێوچاندا بووم ، ئەوەی لەدەستم هات کردم ، ئەوسا من هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرام هەبوو لە سروشتی ڕێکخراوەکە ، ڕێباز و فەلسەفەکەی ، جۆری سەرکردایەتی . بڕوای من وەهابوو کە کۆمەڵە درێژەدان نەبێت بە ڕێکخستنە کۆنەکانی شەستەکان ، فەلسەفەو بیری ئەوانیش لەگەڵ خۆی هەڵنەگرێ ، سەرکردایەتییەکەی ، سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ بێت ، دیکتاتورییەتی تاک باڵی بەسەردا نەکێشێ .

ئەوکاتەی لەسوریا بەم عەقلییەتەوە خۆم بینییەوە ، نزیکەی ١٩ ساڵ بوو لەڕیزی کوردایەتیدا بووم ، چەند ساڵێکیان پێش ساڵی ١٩٧٠ جەلالییەکی سەرخۆش و سەرگەرم بووم و ورگی خۆمم لەسەر هەڵدەدڕی ! ، کوێرەوەری و ماڵوێرانی و قوربانیدان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی من بوو ، لەوانەی منیان دەناسی لە شام ، کەسیان دەستی ڕێزوحورمەتی نەخستە سەر ماندوبوون و ڕابوردووی من ، خوار سەیرمیان دەکرد ،

دەتگوت من بە نان و ئاو و جلوبەرگی ئەوانم ، لەسەر هەڵوێست و ڕەخنە گۆشەگیر کرابووم ، فڕێیاندابوومە خانەی ناحەزو چارەگرانەکانەوە ، بەبرینێکیان دەزانیم لەلەشی خۆیاندا کەوا زوو سارێژ نەدەبوو ، زۆر کاری یەکێتی هەبوو لە ناوەوە و دەرەوەی سوریا کە بەمن هەڵدەسوورا و جێبەجێدەکرا ، کەچی ئەوان لایان لەمن نەدەکردەوە و ڕوویان لەمن نەدەنا و بەکەسانێکی تریان دەسپارت کە تازە بوون لە سیاسەتدا یاخود تازە هاتبوونە شام و ڕابوردووشیان جێی متمانەو شانازی نەبوو ، بەدرێژایی ١٣مانگەکە منیان ئاگادار نەدەکرد لەوشتانەی کوردان بۆی کۆدەبوونەوە ، خەتێکی ڕاستوچەپیان بەسەرمدا هێنابوو و دەیانوت : دەمانەوێ وەکوو جاران بیت کە بۆمن زۆر قورس بوو ، دەمیان بگەیشتایەتە هەرکەسێک تیژیاندەکرد لەمن و فێریان دەکرد لە پشتەوە ئەوشتانە بە من بڵێن کە هەرگیز لە فەرهەنگی ئەدەبیدا جێی نابێتەوە و نابێ بەکەسێکی تێکۆشەر بوترێت ، ئەگەر ئەو وشە ڕەش وپیس و بێتامانە هەڵڕێژم کە ئەوان دوای منیان دەخست، ئەوا بە دڵنیاییەوە لاپەڕەکان پیسدەکات ، هەرکەسێک بەکاری تایبەت بهاتایەتە شام ( بە تایبەتی ئەندامانی



کۆمەڵە ) نەیان دەهێشت من پێبزانم هەتا دەڕۆیشتەوە .

بەکورتی و بەکوردی لەو ١٣ مانگەی من لە سوریا بووم ، هێندە ناشیرین پەلامار درام و هێرش کرایەسەرم ، ئەگەر لەگەڵ کەسێکیتر وەها بکرایە ، ئەوا هەتا بەغدا نەدەوەستایەوە . ئەوان لە ڕۆژی دروستبوونیانەوە هەتا کۆتایی هەشتاکانیش ، سەدان کەسیان بەم شێوەیە دەرپەڕاند و ناچاریانکردن لەلای حکومەت و پارتی و حزبە کوردستانییەکانی تر بگیرسێنەوە ، منیش یەکێک بووم لەوانەی ناچاریان کردم جانتاو کەکوپەلم بپێچمەوە و بەرەو خەلیج بکەومە ڕێ و ژیانێکی نوێ دەستپێبکەم کە شەش مانگی یەکەمی بەهۆی ئەوەی کرێکاریم دەکرد و کارێکی بەدڵی خۆمم چنگ نەکەوت ، هەتا بڵێی ناخۆش بوو ، بەڵام دوایی کە وەزیفەم دەستکەوت و بووژامەوە و کێشەی ئابووریم نەما ، ژیانی منیش گۆڕانی تێکەوت و گەشامەوە .

نزیکەی چوارساڵ لە خەلیج بووم ، دژایەتی هیچ لایەکی سیاسیم نەدەکرد ، نامەگۆڕینەوەم لەگەڵ ژمارەیەک برادەردا هەبوو کە زۆربەیان سەر بە یەکێتی بوون ، ئەو ژمارە کوردەی لەوێ بوون ، بەهۆی ئەوەی بۆ کارکردن و پارەپەیداکردن هاتبوون ،

ئەوەندە گوێیان نەدەدایە سیاسەت و تێکرا هەموان پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ یەکدا .

سەفارەتەکانی عێراق لە خلیج بە دەزگای داپڵۆسێنەر ناسراوبوون و دەستیان زۆر دەڕۆیشت . لە یەمەن دکتۆر ڕوشدی ئەحمەد بەگیان تیرۆرکرد کەلە کۆمۆنیستە کۆنەکان بوو ، بەئاشکرا قسەی دەکرد دژی ڕژێمی بەغدا ، خۆی مامۆستا بوو لە زانستگای سلێمانی و دوایی چووە دەرەوەی وڵات و لەیەمەن گیرسایەوە و لە زانستگاکانی ئەوێ کاری دەکرد ، من دەمێک بوو ئەوم دەناسی و پیاوێکی ئازا بوو. دوای ئەو بەعسییە پیاوکوژەکان لە کوێت سەعید حەمامی یان تیرۆر کرد کە سەرکردەیەکی فەتحی سەربە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بوو .

لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووش سەفارەتەکەیان چالاکی زۆری هەبوو ، ژمارەیەک جاسوس و سیخوڕیان بڵاو کردبۆوە و کاری خۆیانیان دەکرد . ئەوان بەهۆی سیخوڕ و خەڵکانی سەربەخۆیان لە سوریا ، هەموو شتێکیان دەزانی لەسەر من ، لەسەرەتادا گوێیان نەدایە من ، بەڵام لەو دواییەدا ، سەریان کردبووە سەرم و سەرودڵمیان گرتبوو و شەڕیان دەفرۆشت ، ئەمە لەکاتێدا دەشیانزانی من دانیشتووم و سیاسەت ناکەم ، بەهەرحاڵ من



ناچاربووم خەلیج جێبهێڵم و بەرەو ئەوروپا بکەومە ڕێ ، خۆیشم حەزم لە چارەی ئەوروپا نەبوو ، کەچی چاریشم نەبوو .

من پێشتر بەهۆی ئەوەی لەخەلیجەوە هاتبوومە ئەوروپا و سوید و گەڕابوومەوە شوێنی خۆم ، ئەوا بە ئاسانی و بەبێ سەرئێشە ڤیزەی سویدیان دامێ و بە یەکجارەکی لەوێ دامکوتا ، پاش مانگ و نیوێک خۆم بە پۆلیس ناساند و داوای پەناهێندەییم کرد کە ئەوکاتە زۆر زۆر ئاسان بوو ، ئەوانیش منیان ناو و نووس کرد و پارێزەرێکیان تەرخانکرد بۆم و چەند ئیفادەیەکیان وەرگرت لێم.

لێرە لە سوید لەگەڵ برادەرە جەلالییەکانی خۆمدا یەکمانگرتەوە کە دەمێک بوو لەیەک دابڕابووین ، هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ کە یەکێتی نزیکبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەستیپێکرد من پەیوەندیم هەر باش بوو لەگەڵیاندا ، بە پارەوپوول هاوکارییانم دەکرد ، بەڵام ئەوان هەر خوار سەیرمیان دەکرد و هەڵوێست و ڕاو بۆچوونمیان بەدڵ نەبوو ، پێیان خۆش بوو لەکاتی ئیفادەداندا لای پۆلیس بڵێم من یەکێتیم ! منیش دەمووت : پۆلیس هیچ کارێکی بەوە نەداوە و ڕۆژانە سەدان کەس بە هۆکاری ئابووری و نان پەیداکردن دەڕژێنە ئەم وڵاتەو باسی سیاسەت هەر ناکەن ! ، چ

زەرەرێکی تێدایە ، منیش کەسێکی سەربەخۆ و ئازادبم وەکوو ئەوانە؟!بۆ فێری درۆم دەکەن ؟!.

که وتووێژی (بەعس– یەکێتی) ئاشکرا بوو ، من بەتوندی هەڵوێستم وەرگرت و لەدژی وەستامەوە و پێیانم وت : ئێوە شەڕی بەعستان کرد و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەی ئەو خەڵکەتان بە کوشتدا ! ئێستا چی بە کەسوکاری شەهیدان دەڵێن ؟! باشتر وانییە هەر لە بەغدا دایکوتن و نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان ؟! ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێوە شەڕتان کردووە لە پێناوی شەڕدا و شەڕ بۆ دەستکەوتی تایبەتی خۆتان ؟! بەم قسانە جارێکیتر خوێنم ڕژایەوە کاسە و ئەوانیش هەرچی لەدەستیان هات لەپشتەوە بە منیان وت و هەر جارەی قسەیەکیان دوادەخستم و ئەندامەکانیان هاندەدا کە لەمن نزیک نەبنەوە و نەفرەتم لێبکەن ، ئەگەر لەگەڵ کەسانێکی سەر بە پارتی ، ئاڵای شۆڕش ، حزبی شیوعی ، پاسۆک منیان بدیایە ، خێرا مۆری ئەوانیان لەمن دەدا ، تەنانەت خزمی خۆم هاتۆتە سوید و هەواڵی منی پرسیوە ، کەچی بوختانیان بۆکردووم و قەناعەتیان پێکردووە کە چاوی بە من نەکەوێ تا ئەو کاتەی لەیەک ئاشکرابوین و ڕاستییەکانی بۆ من باسکردووە ، کەخەڵکی تریش هەواڵمیان پرسیوە ، هەر بە شێوەیەکی ناشیرین و بێتام قسەیان لەسەرم



کردووە ، گوایا بۆئەوەی من گۆشەگیر بکەن و کەس لە من نزیك نەبێتەوە ، بەڵام برادەرە کۆنەکان کەلە مێژ بوو یەکمان دەناسی ، نابەدڵ وردە مەرحەباییەکیان هەر دەکرد ، بەڵام هاورێتییان نەدەکردم و هەتا ئێستایش ئەمە هەر بەردەوامە چونکە ئەوانە تا سەر ئێسقان جەلالین ! .

لەمێژبوو برادەرانی یەکێتی وەکوو عێل و عەشرەت و خێڵە دواکەوتووەکانی دوور لە شارستانیەت ڕەفتاریان دەکردو ئەگەر هەڵوێستی بەرامبەرەکەیان بە دڵ نەبوایە ، ئیتر سەری دنیایان لێدەهاتەوە یەک ، بەری چاویان تاریک دەبوو ، چرای بیرکردنەوەیان دەکوژایەوە و شاخ و گوێیان لێدە ڕوا ، چاویان دەپەڕییە پشتی سەریان ( شەلم کوێرم ناپارێزم ) دەکەوتنە پەلامارو هێرشی نارەوا و بیریان لە ئەنجامەکەی نەدەکردەوە ، ئەوان قەت هونەری نزیکبوونەوەیان نەزانیوە لەگەڵ ئەندامەکانی خۆیاندا ، لەوانەی دڵیان شکاندوون ، ڕاویان ناون ، دەریانپەڕاندوون و پەلاماریان داون ، هیچ نەبێ کارێکی وەهایان لەگەڵ بکردنایە ، بەلایەنی کەمەوە وەکوو دۆست بمێننەوە و نەبنە دوژمن ، لەیەکەم ڕۆژی درووستبوونی یەکێتییەوە، دروشمی ( ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت ، لە خانەی دوژمندا حسابی بۆ دەکەین ) باوبووە. بۆ نموونە :

لەسەروبەندی وتووێژەکەی حکومەتی بەغدا و یەکێتی ( ١٩٨٤ )، کێشەیەک کەوتە نێوانی کاک عومەر شێخ موس ( دامەزرێنەرو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ینک ) و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەربارەی شتێک کە گوایا دەبوایە کاک عومەر بۆیانی جێبەجێ بکردایە ، بەڵام ئەو بە ڕاستی نەزانی و نەچووە ژێری و نەیکرد . لەسەر ئەمە هەموو یەکێتی لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان کەوتنە جنێودان و قسەپێوتن و پەلاماری ئەو ، لای منیش هەر قسەیان پێوت و دەیانوت دەرمانکردووە ، ئەمە لە کاتێکدا تەنها یەکیتی پێویستی بە عومەر شێخ هەبووە ، چونکە ئەو توانی یەکێتی بە سوسیال دیموکراتەکان و سیاسەتمەدارەکانی سوید بناسێنێ ، دیدەنییان بۆسازبکات لەگەڵ ڕۆژنامەو تەلەفزیونەکانیاندا و بە ملیۆن کرۆن پارەیان بۆ پەیدابکات .

بەرامبەر بەم پەلامارە کاک عومەر شێخ موس لەساڵی ١٩٨٦دا لەکۆڕیکدا کە بۆ کوردان سازکرابوو لە شاری ستوکهۆڵم و خۆی دەیبرد بە ڕێوە ، ڕایگەیاند کە ئەو ئیستیقالەی داوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چیتر پەیوەندی بە یەکێتییەوە نەماوە .

نموونەیەکیتر : ساڵی ١٩٨٩ سەفەری ئێرانم کرد و بەبی هیچ مەبەستێکی سیاسی چوومە ڕاژان و چاوم بە



ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، کاک کەریم سنجاری کەوت ، کارێکی شەخسیم هەبوو لە ئورمییە کە لەوانەوە نزیک بوو ، بەگەرمی یارمەتییاندام کەدوایی کارەکەم سەری نەگرت . ئەوکاتانە نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لەوێ بوون ، یەکێتی بیستیەوە کە من چوومەتە ڕاژان و وەکوو هەموو جارێکیتر میزاجیان تێکچوو ! من ئەگەرچی هیچ ئیلتیزامێکی سیاسیم بە کەس و لایەنێکەوە نەبوو ، یەکێتیش لەلای خۆیەوە پرسیارێکیان لەمن نەکرد و بڵێن : ئەرێ کاکە خێر بوو چوویت بۆ ڕاژان ؟! . لەسەر ئەم کارەی من ، بۆمیان تێچاند لەلای ئیتیلاعات- ی ئێرانی و ماوەی ٤ مانگ منیان هێشتەوە لەئێران و نەیانهێشت سەفەربکەم و بگەڕێمەوە بۆ سوید ، چونکە ئەو زەمانە دەرچوون لە ئێرانیش دەبوایە بە موافەقەت بوایە .

کەبەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەتاران ( دکتۆر موشیر ! ) بەیەکجارەکی هاتە سوید و بەرەوڕووی بوومەوە ! وتی : کاکە ، کێ دەرەقەتی ئەوانە دێت ! بمبەخشە و پێییانکردم !!!! .

نموونەی سێیەم : ساڵی ١٩٨٦ کەسوکاری من کچێکیان بۆ خواستم کەماڵیان لە تاران بوو ، بەلام دووبرای پێشمەرگە بوون لە سەرکردایەتی یەکێتی . لەسەرەتاوە کاک نەوشیروان مستەفا قسەی خێری تیدا کردبوو کە

من سوپاسم كرد ، بەڵام دوایی ساڵی ١٩٨٧ كەبۆ چارەسەری نەخۆشی هاتە بەرلین ( واتە نەوشیروان )هەندێ كەس ئەویان خراپ تێگەیاندبوو ، تێكیان داو تیژیان كرد لەمن !.

ماوەی ساڵێك لێرە لە سوید خەریكی معامەلاتی ئەم ژنهێنانە بووم ، كەسوكاری منیش لە ئێران بەهەمان شێوە هەر خەریك بوون هەتا ئیقامەكەیم بۆ جێبەجێ كرد و نزیكەی ٥ هەزار دولارم خەرجكرد . ماوەی ئەو ساڵە هەموو كارەكان بە باشێ ڕۆیشتن و خۆیشم ناوبەناو تەلەفۆنم دەكرد بۆ كچەكە و هیچ كێشەیەكمان نەبوو ، ئەو دەیزانی من لە هیچ حزبێكدا كارناكەم ، دواجار كە هەموو شت تەواوبوو ویستم تەگبیری سەفەرەكەی بۆ بكەم و بلیتی تەیارەی بۆ بنێرم ، لەپڕ وتی : من تۆ ناناسم ! وەرە بۆ ئێرە بتبینم ! من شانازی بە شاخەوە دەكەم نەك بە سویدەوە ! كەسوكاری تۆ باش نەبوون لەگەڵمدا ! و گەلێكیتر .

ئەمانە تازەبوون بۆ من و هیچیشی لە جێی خۆیدا نەبوون ، دیاربوو خەڵكی بێویژدان كچەكەیان تێكدابوو ! . ماوەی سێ مانگ لەگەڵ ئەم كچە هەوڵم دا ، كەچی لە كەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە . ئەم



شانۆگەرییە هەمووی بۆ ئەوەبوو من دەست بكەمەوە بە كاری سیاسی لەگەڵ یەكێتیدا !!! .

كەسەركەوتوو نەبووم لە هەوڵەكانم ، ناچار بووم هەموو ئیقامەو معامەلاتەكان هەڵبوەشێنمەوە و لێی جیا ببمەوە ، دوابەدوای ئەمە چەند كەسێكی دیاری ناو یەكێتی ویستیان دەست بخەنە ناو كارەكەوە و پێنەوپەڕۆی بكەن ، بەڵام قەبوولم نەكرد و سوودی نەبوو ، چونكە كار لەكار ترازابوو ، سەفارەتی سوید لەتاران و دائیرەی بێگانەم لێرە ئاگاداركردبۆوە ..... كاك شێركۆ بێكەس ئاگای لەم ڕەفتارو كردارە نابەجێیانە بوو ، هەڵوێستی باشیشی هەبوو .

بەم بۆنەیەوە بەبرادەرانی یەكێتی دەڵێم : چیتان دەستكەوت لەم كارە ؟! بۆچی ئەو زیانەتان لەمن دا ؟! هەتا كەی زۆڵم دەكەن و پەلاماردەدەن و واز ناهێنن ؟!

لە ٠٤-٠١-١٩٨٨ دا نامەیەكی دوورو درێژی یانزە لاپەرەییم نووسی بۆ كاك نەوشیروان مستەفا لەسەر كردار و ڕەفتاری برادەرانی یەكێتی لەسوید، پەلامار و شەڕفرۆشتنی ئەوان بە خەڵك ..

ساڵی ١٩٨٩ كە سەفەری ئێرانم كردو چاوم بە كاك فەرەیدون عەبدولقادر كەوت وتی : نامەكەتم بینیوە كە بۆ نەوشیروانت ناردبوو .

هەر ئەو ساڵە پێش سەفەرکردنم بۆ ئێران براکەم بە تەلەفۆن وتی : سەفەری ئێران مەکە ! بەخوا بەتەمای هەر شتێک بیت لێتی تێکدەدەن ....بەڵام کەچوومە ئێران لێیم نەپرسی کێ ئەو هەڕەشانەی کردووە ؟! و قسەکەی ئەویش ڕاست دەرچوو !!

ساڵی ٢٠٠٥ دوای سەردانی مام جەلال لە قەڵاچوالان ، برادەرێکی مەکتەبی سیاسی ینک سەرودڵی (حسن کەریم) یەکێک لەبراکانی منی گرتبوو لە سلێمانی و پێی وتبوو : کاکت لەسەرمانی نووسیوە ! بۆ وادەکات ؟ چی دەوێ بۆی دەکەین !! . هەر ئەم برادەرە کێچ کەوتبووە کەوڵی و دەیویست بزانێ بۆچی چوومەتە لای مام جەلال ! من خۆم ئەو برادەرەم بینی و وتم : سەردانی مام جەلالم کردووە و ڕێزی زۆری لێگرتووم و داوای هێچم لێی نەکردووە و هیچیش بەڕێوە نییە . کەچی بڕوای نەدەکرد ، بۆیە لێرە لە ستۆکهۆڵم خەت مائیلێکی کاڵفامی ڕاستکردبۆوە لەمن بۆئەوەی ڕاستییەکانی ئەو زیارەتە بزانێ بۆ لای مام جەلال .
خەت مائیلەکە خۆی و خێزانی لای من ناسراوبوون ، بەڵام قەت تەلەفۆن و هاتوچۆ لە نێوانماندا نەبوو !!! .
ئەو کەوتە تەلەفۆنی یەک لەسەر یەک و جاروبار هاوسەرەکەیشی بەشدار دەکرد لە قسەکردن لەگەڵمدا و گوایا خۆی وا پیشانبدات کە موو بە بەینماندا ناچێت !



، لەدۆست دۆستر و لە هاوڕێش هاوڕێترین !! .
ئەویشم تێگەیاند کە هێچ شتێک بە ڕێوە نییە و بەتەمای هیچیش نیم . ئەم برادەرەی مەکتەبی سیاسی و خەت مائیلەکەی چونکە خۆیان ڕاسگۆ نین لەگەڵ خەڵکیدا و دەبڵ مۆراڵن و زیاتر لە دەمووچاوێکیان هەیە ، ئیتر واتێدەگەن خەکی تریش وەکوو خۆیانە ! .
دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک برادەری خەت مائیل، ورد ورد کشایە دواوە و ئیتر نەک هەر تەلەفۆنی نەکردەوە ، بەڵکو ئێستا لەسەر جادەیش مەرحەباییەک نییە لە نێوانماندا ! وادیارە ئەمەیش جۆرێکە لە نان پەیداکردن !! ئەگەنا کێ هەیە ئەم ڕەوشتە بە عانەیەکی قەڵب بکڕێت ؟!

هەر ئەو برادەرەی مەکتەبی سیاسی کەلەمنداڵییەوە یەک دەناسین ، لەسلێمانی دڵی بەمن سووتا و بەزەیی پیامدا هاتەوە و ! لە ڕێگای یەکێک لە هاوکارەکانی خۆیەوە ئاگاداری کردم کە ئامادەیە ماڵە بەتاڵ و حەتاڵ و ڕووتەکەی من لە سلێمانی پڕ لە کەلوپەل بکات و فەرشی بکات و بۆمی دا مەزرێنێ و بیرازێنێتەوە .....
ڕاستییەکەیشی ئەوەیە من بەهۆی ئەوەی لە سلێمانی ناژیم و بەساڵێک یان چەند ساڵێک جارێک ئەگەر سەفەرێک بکەم و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ، لەبەر ئەوە

هەموو ماڵەکەم بایی دە وەرەقە شتی تێدا نییە و ئەویش ئەمەی دەزانی .... بەرامبەر بەم پیاوەتییە من بەو کەسەدا سوپاسم بۆ ناردەوە و وتم : کە چاوم بە کاک فلان کەوت لەوبارەیەوە قسەدەکەین . خۆیشم لە مەکتەبی سیاسی چاوم بە برادەرەکە کەوت و سوپاسم کردو پێیم وت : دەزانی چەند ساڵێکە من ئیستمارەی ڕێزلێنانم پڕکردۆتەوە کە هونەرمەند و ئەدیب و نووسەر دەگرێتەوە و ژمارەیەک لەناوەوە و دەرەوەی وڵات ئەو یارمەتییەیان پێبڕاوە ، بەڵام ئەوەی من ناکەن و دەنگی نییە !!! هەروەها وتم : من کاتی خۆی ڕاونراوم و بە ئەسبابی سیاسی دەرکراوم لە وەزیفەکەم و هەقم هەیە بگەڕێمەوە سەر کارەکەی خۆم و هەقی مەدەنی خۆم وەربگرم !!! لەمەشیاندا هیچ دیارنییە !!! .داوای هەردووکیشیانم کردووە !!!

هەر بۆ ئەم مەبەستە لە سویدەوە تەلەفۆنم بۆ دوو ئەندام مەکتەب سیاسی یەکێتی کرد . بە یەکێکیانم وت : دەتوانین دە دوازدە خولەک قسەبکەین پێکەوە ؟ وتی: دە خولەک زۆرە و کاتم نییە !!! وتم ئەی چۆن ؟، وەکوو ئەفسەرێک لەگەڵ سەربازەکەیدا قسە بکات ! وتی : لای عەسر تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە . وتم : باشە ! .

لای عەسر کەتەلەفۆنم بۆ کردەوە ، هەموو قسەکانم لە دوو خولەکدا کۆکردەوە و وتم : ئەزانی بۆچی



تەلەفۆنت بۆ دەکەم ؟ وتی : نا ، وتم : تۆ نەختێک ئازارو ناخۆشیت چێشتووە لە ژیانی سیاسیدا !!!! دووەم ، ئەزموونێکی باشت هەیە سەبارەت بە مامەلەکردنی خەڵک !! پێشتر حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە بەعسیشەوە ، کەکەسێکیان دەگرت و ئازارو ئەشکەنجەیان دەدا ، ئەگەر نەیانکوشتایە حوکمیان دەدا . پاش تەواوبوونی حوکمەکەی ، ئازاد دەکراو هەقی هەبوو بچێتەوە سەر کاروکاسپێکەی ، وەزیفەکەی ، خوێندنەکەی ، بەبێ هیچ مەرجێک و وابزانە من لە زیندانی یەکێتیدا بووم و هاتوومەتە دەرەوە و داوای مافی مەدەنی خۆم دەکەم !! . پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەقم هەیە مافە مەدەنییەکانی خۆم وەربگرمەوە ؟ وەڵامەکەی ئەویش بە ئا بوو و منیش خێرا خواحافیزم لێکرد.

برادەرەکەی تری مەکتەبی سیاسی ، کە ئەویشیان لە مێژەوە دەناسم و کەسێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرو بەڕێزە و نرخی خەڵکی لایە ، کەتەلەفۆنم بۆکرد لەماڵەوە نەبوو ، پاشان خۆی تەلەفۆنی بۆم کرد و نزیکەی ٤٠ خولەک پێکەوە قسەمان کردو باسی کۆن و تازەمان کرد ، ئەو بەمنی نەوت کاتی قسەکردنم نییە و پەلەمە و نازانم چی ! ، تەنانەت وتی : ئەگەر ئەمجارە هاتیتەوە بۆ کوردستان ، دەبێ هەموو مەسرەفێکت

لەسەر ئێمە بێت و دەبێ بریارێکی تایبەتیش بۆ تۆ دەربچێ . من ساڵی پار باسی ئەم دوو تەلەفۆنەم لەگەڵ کەسێکی نزیک بە مام جەلال کرد بەبێئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێت و بەتەمای هیچ شتێکیش بم ! ، پێدەچی قسەکە دەم مام جەلال کەوتبێتەوە ! .

ساڵی ١٩٧٦ کەسێکی نزیکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال ، کە خزمی منیش بوو ، ئەندازیار و بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیایەک بوو لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ، هاتە شام و چەند ڕۆژێک مایەوە . ئەم پیاوە حساباتی تایبەتی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەدا ! ، پیاوەتی زۆریشی هەبوو بەسەریانەوە ، مام جەلال و هێرۆخان ئەویان لە ئوتێل گواستەوە بۆ ماڵی خۆیان .

ڕۆژێکیان بە منی وت : بە مام جەلالم وتووە مەعاشەکەت بۆ زیاد بکەن ! و بۆ سەری مانگ ١٠٠ لیرەیان زیاد کرد بۆم کە زۆرم پێناخۆش بوو ! تفم لە چارەی خۆم کردو خەبات و تێکۆشانیشم لەبەرچاوکەوت ! . ئەگەر هاوڕێیەکی تێکۆشانی خۆم ، یەکێک لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، هاوڕێیەکی کۆنی شاخ ، مام جەلال خۆی بەبێ پێوتن ، ئەو یارمەتییەیان بدایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆرم پێخۆشدەبوو ، بەڵام کەسێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە



تێکۆشانی سەختی ئێمەوە نەبووە ، لەوە زیاتر کەدۆستوبرادەری بنەماڵە بوو ، خزمی منیش بوو ، هات ئەو کارەی کرد (کەپیاوەتی بوو) . ئەوە بەتەواوەتی منی بریندارکردو بۆ من سووکایەتی بوو ، بۆیە لەبەرخۆمەوە وتم: ئائەمەیە پاداشتی خەبات و تێکۆشانی ١٩ ساڵەی من ، پاداشتی کوێرەوەریو قوربانیدانی خۆم و بنەماڵەکامان !!!!

ساڵی ٢٠٠٦ سەفەرم کردەوە بۆ کوردستان ، لەرێگەی یەکێک لە خزمەکانیەوە نامەیەکم نارد بۆ هێرۆ خان ، بە عەقڵیەتی جارانی شام و تاران و هی ئەو چەند جارەی چوومەتە ماڵیان و ڕێزیان لێگرتووم ، کە هەمووی سێچوار دێر دەبوو ، بۆ ڕاستکردنەوەی قسەیەک کە لە ماڵی ئەوانەوە دەرچووبوو دەربارەی من و ویستم بیسەلمێنم کە ئەو بە هەڵە تێگەیەندراوە و ڕاست نییە ! ، بەڵام ئەو نەیویست من ببینێ و ڕەنگە وا بیری کردبێتەوە کەمن بەدوای بەرژەوەندی خۆمدا ڕادەکەم و دەمەوێ شتێکم دەستبکەوێت!! .

ئەگەر کەمێک بگەرێمەوە بۆ دواوە و لەسەر ئەزموونی سیاسی خۆم بنووسم ، دەبێ باسی شەستەکان بکەم کە چۆن مامەلە کراوم ، چونکە هەتا ئێستایش من یەکێتی و مام جەلال بە بەشێک لەو سیاسەتە دەزانم کە لە شەستەکاندا پیادەیاندەکرد .ساڵی ١٩٦٤ من خوێندکار

بووم لە زانستگای موسل و لەهامانکاتدا بەرپرسی هەموو ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم و بەهۆی هەڵەیەکی خۆمەوە گیرام و ماوەی ٤٥ ڕۆژ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بووم و نەیاندەهێشت کەس چاوی بە من بکەوێت و لە ژوورێکی 2x2 مەتریمیان خزاندبوو بە تەنها ، پاش لێکۆڵینەوە منیان گواستەوە بۆ زیندانی گەورە و گشتی و لە زیندانی تەنهایی ڕزگارم بوو و چەند مانگێک لەوێ مامەوە و دوایی منیان دا بە دادگای ( امن الدولە ) لە کەرکوک کە نەچووم و جارێکی تریش هەر بانگیان کردمەوە ، بەڵام هەر نەچووم و بە کەفالەتیش بەربووبووم ، تا دواجار بە بێ ئامادەبوونی خۆم ( غیابا ) حوکم درام و ئەمری گرتنم بۆ دەرچوو . بەهۆی ئەوەوە ساڵی ١٩٦٥ ڕامکردە ئێران بۆئەوەی لەوێ یاخود لەوڵاتێکی تر مشوورێکی خۆم بخۆم ، بەڵام ساواک منیان گرت وئیفادەمیان وەرگرت و لەبارەگاکەیان لە شاری سنە دەستبەسەرمیان کرد و مامەڵەی میوانیان لەگەڵم دەکرد نەک زیندانیی و هەموو مەسرەفێکیشیان دەکێشام و بەڕۆژ دەچوومە دەرەوە بۆ گەڕان و دوای نیوەڕوان دەگەرامەوە بۆ ئەوێ بۆ پشوودان . ئەوکاتە عەگید سدیق کە خۆی مامۆستا بوو- پێشتر بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو -



لەوناوەبوو ( ئیتر نازانم نوێنەری بارزانی بوو یاخود بە ڕێکەوت لەوێ بوو ) دواتریش پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ حکومەت دایمەزراند بە پارێزگاری بابل(حلە)، ئەگەر پارتی نەڵێ خەت مائیلی خۆمان بوو لای حکومەت !

عەگید سدیق هاتە لام بۆ بارەگای ساواک و وتی: کوڕم ئەمانە دەوڵەتن ! تۆ چۆن سنوور دەبەزێنی؟نازانی دەتگرن و تووشی کێشە دەبیت ؟ وتم : کاک عەگید من منداڵ نیم وقوتابی زانستگام و ڕاونراوم و بۆ شایی و زەماوەند نەهاتووم بۆ ئێرە .... دواجار وتی تۆ دەگێڕنەوە بۆ لای خۆمان و چاوەڕوانبە.

پاش چەند ڕۆژێک ماشێنێکی پڕ لە جامەدانە سوور هاتە بەردەمی بارەگای ساواک و وتیان فەرموو سورابە لەگەڵمان . ماشێنەکە بەرەو گوندی ساوجی کەوتە ڕێ .

ئەوسا مەرحوم بارزانی بارەگای خۆی هێنابوە گوندی ساوجی نزیک سنووری عێراق- ئێران لەناوچەی پێنجوین ، وابزانم گوندەکە سەر بە ئێران بوو . منیان لەوێ فڕێدا بەبێئەوەی هیچ بڵێن . ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەفسەرەکانی شۆڕش لەوێ بوون ، بەڕێکەوت مەرحوم تایەر عەلی والی بەگ لەوێ بوو کە پێشتر دەمناسی و منی بردە ماڵی خۆیان

و میوانداری کردم ، ڕۆژی ئاینده پێکەوە پیاسەمان دەکرد، عەبدولوەهاب ئەتروشی بەرەوڕوومان هات و یەکسەر بەشێوەیەکی ڕەق بە منی وت: تۆ جەلالیت!، خەریک بوو وەڵامی بدەمەوە ، بەڵام کاک تایەر پێیوت: عەبدولوەهاب ! هەقت نییە بەسەریەوە و ئەویش بێدەنگ بوو !، ئەوزەمانە جەلالی و مەلایی هێشتا چنگیان نەخستبوە خوێنی یەکترەوە ، دەتتوانی بچیتەوە بە گژ دەمی هەموو کەسێکدا!

دوای دوو ڕۆژ بارزانی پاش نیوەڕۆیەکی دەمەو عەسر لە دووری ٥٠ مەترەوە منی لەگەڵ کاک تایەر بینی و وتبوی ئەو سەر ڕووتە کێیە؟ ئەوانیش تێیانگەیاندبوو .

بارزانی بە ڕۆژ دەنوست و بە شەو بە خەبەر بوو ، هەر لەوکاتەدا کەمن لەوێ بووم هەنری کێسنجەر – وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و ئەمیر عەباس هوەیدا – سەرۆک وەزیرانی ئێران سەردانی بارزانییان کرد لە گوندی ساوجی، کۆبوونەوەی خۆیان لەگەڵ کردو گەڕانەوە، دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە ماشێنی سوپای ئێرانی سەرداپۆشراو هاتنە ساوجی و بارەکانیان دادەگرت و دەگەڕانەوە .

پێشئەوەی گوندی ساوجی جێبهێڵم ، داوام لە مەرحوم مولازم تایەر و مەرحوم مەحمود بەگی گۆڵێ کرد کە



ڕوو لە بارزانی بنێن بۆئەوەی یارمەتیم بدات و بەرەسمی بچمەوە ئێران ، کە پێیان وت ، بارزانی لەوەڵامدا وتبووی: ئەمە کێشەمان بۆ دروستدەکات ، با بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و خۆیشی دوای چەند ڕۆژێک تاوی ئەسپەکەی داو لەگەڵ ژمارەیەک چەکداری خۆی ، گوندی ساوجی جێهێشت . ئەوکاتە هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی تازە لە هەمەدان گەڕابوونەوە بۆ کوردستان ( پاش ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانیدا ) و چووبوونە گوندی سیاگوێزی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید و دۆڵەڕەقەی عەباسی مامەند ئاغای سەرکەپکان.

لەگەڕانەوەدا بۆ سلێمانی ، لای خزمەکانم لامدا لە گوندی حاجی مامەند ، مەرحوم فەتاح ئاغای حەمەومین ئاغای نۆڕک ، خۆی و پێشمەرگەکانی لەوێ بوون و پێی زانی کە من هاتووم و حەزیدەکرد چاوی پێم بکەوێت – ئێمە یەکترمان نەدەناسی – منیش چووم بۆ لای و پیاوێکی جوامێر بوو ، زۆر ڕێزی لێمگرت و ماوەیەکی دوورودرێژ پێکەوە قسەمان کرد و حەزیدەکرد بمێنمەوە و لەگەڵیاندا کاربکەم ، منیش بە پێی تێگەیشتنی خۆم وەڵامم دایەوە و خزمەکانم پێیان سەیر بوو ، دەیانوت چۆن وێرات وەها بڵێیت؟! منیش وتم:

شتی خراپم نەوتووە ، هەرکەسە بە قەناعەت و بیرورای خۆی.

دوای گوندی حاجی مامەند، لە ڕێگای گۆیژە و خانوە قوڕەکانی ئەوساوە خۆم کردەوە بە شاری سلێمانیدا و دیسان خۆم شاردەوە هەتا بەیانی ٢٩/ی حوزەیرانی ١٩٦٦ خۆێنرایەوە و بارەگا و ڕێکخستنی ئاشکرا سەریان هەڵدایەوە . کێشەی ئەوسای من ئەوەبوو نەمدەتوانی درێژە بە خوێندن بدەم ، یاخود وەکوو کارمەندێک لە جێگایەک دابمەزرێم و کار بکەم چونکە لەمەحکەمەوە حوکم درابووم وئەمری گرتنیشم لەسەر بوو ، ڕێکخستن و حزبەکەشم لە خەمی خۆیاندا بوون و نەیاندەپەرژایە سەر من ، چەند مانگێکم بەوشێوەیە بردەسەر و دوایی چوومە بەغدا و ڕووم لە مەرحوم حیلمی عەلی شەریف نا کە نێوانمان زۆر خۆش بوو و پیاوەتی لەگەڵم کرد و دەنگی منی گەیاندە لای سەرۆک کۆماری ئەوسای عێراق عەبدولرەحمان عارف کە ئەویش لەلای خۆیەوە مەرسوومێکی جمهوری بۆم دەرکرد و منی بەخشی و حوکمەکەی لەسەرم لابرد . من ئەمەم بەهیچ جۆرێک باسنەکرد لەلای ڕێخستنەکەم لە شاری سلێمانی .

سالْی ١٩٦٨ زانستگای سلێمانی دامەزرا لەسلێمانی و پێویستییان بە ژمارەیەکی زۆر لە کارمەند هەبوو ،



هەندێک لە بەرپرسەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی لقی سلێمانی کەوتنە دامەزراندنی خزم و کەسوکاری خۆیان . منیش لە خێزانێکی دەستکورت بووم و حاڵمان شڕ بوو ، باری ئابووریمان شێوا بوو ، داوام لە برادەرەکانم کرد یارمەتیم بدەن دامەزرێم ، کەچی گاڵتەیان بە قسەکەم دەهات و وەکو بە من بڵێن زانستگا شوێنی کوڕە دەرەبەگ و سەرۆک خێڵ و کوڕە دەوڵەمەندە و خواردنی تۆ نییە !! بەمەرجێک ئەوکاتە من یەکێک بووم لە کەسە چالاکەکان و دەروێشە سەرگەرمەکان . ناچار بۆ ئەمەیشیان چووم بۆ بەغدا و ڕووم لە مەرحوم حیلمی نا کەلەمەشیاندا پیاوەتی کرد و بەسەرۆکی زانستگای وت کە دامبمەزرێنێ .

ئەوسا من و کاک حیلمی و کاک روشدی جوانەمەرگی برای پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان هەبوو، لەڕێگەی ئەوانیشەوە پەیوەندیم لەگەڵ مەرحوم رەئیس حەمەومینی مەلا فەرەج زۆر خۆش بوو کە ئەویش لەلای خۆیەوە یارمەتی خێزانی ئێمەی زۆردا ، بە تایبەتی کە برایەکی ترمان ویستی لە کۆلیجی پۆلیسی بەغدا وەربگیرێ و بخوێنێ ، ئەو لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەو کاتەی عێراق ( حەماد شیهاب ) بەینیان زۆر خۆش بوو ، یارمەتی براکەی من و دەیان

کەسیتری دا بۆ قبولْ بوون لە کۆلیجەکانی پۆلیس و سەربازی لە بەغدا .

ئەوزەمانە برادەرێک ، بەهۆی ئەوەی خزمایەتی هەبوو لەگەڵ ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ، خۆێشی کۆیی بوو ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو ، لەهەمانکاتدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی لقی سلێمانی بوو ، چارەی من و ژمارەیەکی تری نەدەویست بەهۆی ئەوەی ئێمە هەموو خۆمان بە چەپ دەزانی ، ژێربەژێر لەپشتەوە پاشقولی زۆری لەمن گرت ، کەسێکی دوو ڕوو بوو ، خۆیشی زۆری نەخوێندبوو لەمەکتەب و زوبانی عەرەبی نەدەزانی ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە دزی برادەرانەوە پەیوەندی بە منەوە دەکرد کە یارمەتی بدەم و هەندێ ڕاپۆرتی بۆوەرگێڕم لە زوبانی عەرەبییەوە بۆ کوردی، بە پێچەوانەیشەوە لە زوبانی کوردییەوە بۆ عەرەبی کە هەمووی پەیوەندی بە چالاکی سەربازی و پێشمەرگانەوە هەبوو ، بەمنی دەوت : تکایە با برادەران بەمە نەزانن ( مەبەستی ئەندامانی لق بوو ) !! چونکە بەڕاستی ئەگەر برادەران بەمەیان بزانیبایە ، ئەوا لێیان دەکرد بە هەڵلاو قسەی زۆریان دوادەخست ، چونکە هەندێکیان بەهۆی لووتبەرزی و خۆبەزلزانینەوە خواخوای شتێکی وایان بوو . ئەو



ناوبەناو وتاری دەنووسی بۆبڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ڕزگاریدا کەلەوسەردەمەدا دەردەچوو و ئەوانیش هەڵەکانیان بۆ ڕاست نەدەکردەوە و بەناوی خۆیەوە بۆیان بڵاودەکردەوە بۆئەوەی بە خەڵکەکە بڵێن ، ئائەمەیە ئاستی ڕۆشنبیری بەرپرسێکی شاری سلێمانی .

ئەم برادەرە لە دوای خوێندنەوەی بەیانی ١١/ی ئازاری ١٩٧٠ وە ون بوو لە گۆڕەپانی سیاسی و چووە بەغدا و لەوێ دایکوتا ، ئیتر سەریهەڵنەدایەوە هەتا ئەو ساڵانەی دوایی کە بیستم لە ئیدارەی گشتی دایانمەزراندووە و ئێستایش بەدەرەجەی وەزیر خانەنشین کراوە !!!

# سەردانی شێخ عوبێدوڵڵای بارزانی
# لە بەغدا

ساڵی ١٩٧٤ زانستگای سلێمانی دووجار منیان پاڵاوت بۆ خوێندن لەدەرەوەی وڵات ، یەکێکیان بۆ دکتۆرا لە دیراساتی کوردیدا لە سۆڤیەت و ئەوی تریشیان بۆ ماجستێر لەئابووریدا لەفەرەنسا ، لەهەردوو جارەکەدا دەبوایە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو کەسە لە فیلتەری خۆیان بدەن و لێی دڵنیا بن ، ئەوجا ڕێگەی پێبدەن بڕواتە دەرەوە و لێرە لە وڵات مووچەکەی بۆ خەرج بکەن و لەوێش لەدەرەوەی وڵات مەسرەفی بکێشن .

جاری یەکەمیان من دوای کارەکە نەکەوتم بۆ بەغدا و گوێم نەدایە ، واتێگەیشتبووم کە کۆسپ نایەتە بەردەم و جێبەجێبوونی مسۆگەرە ، بەلام بە پێچەوانەوە من تاقە کەسێک بووم کە ڕێگەیان پێنەدام بڕۆمەدەرەوە .

بۆ جاری دووەم دوای کەوتم و بۆی چوومە بەغدا و ئیتر تێگەیشتم یان دەبێ بوویبیت بە بەعسی ، یاخود



سەربە ڕێکخراو یان حزبێکی کوردی کارتۆنی بیت ، یان پاڵپشتێکی باشت هەبێت بۆئەوەی لەسەر حسابی حکومەت بچیتە دەرەوە بۆ خوێندن . من هیچ یەکێک لەمانە نەبووم .

بەڕێکەوت برادەری جوانەمەرگ ، مەرحوم شازاد جەمیل سائیب لەبەغدا بوو ، باسم بۆیکرد کە شتێکی وا هەیە و ئەویش مەرحوم شێخ عوبێدوڵڵای دەناسی و وتی: دەچینە لای بزانین چیمان بۆدەکات ، ئەوکاتە شێخ عوبێدوڵڵا وەزیری دەوڵەت بوو ، کەچووینە لای ، منی بەو ناساندو لەگەڵ ئێمە زۆر جوامێر بوو ، ڕێزی زۆری لێگرتین و کەوتە تەلەفۆنکردن بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەت ، کە لە قسەکردن بووەوە یەکسەر پیرۆزبایی لەمن کردو وتی: کارەکەت جێبەجێ بوو.

ئەوکاتەی ئێمە لای ئەو دانیشتبووین ، مەرحوم عەبدوڵڵا ئیسماعیل ( مەلا ماتۆڕ ) و لیوا کەمال موفتی هاتن بۆ لای شێخ عوبێدوڵڵا .

ڕۆژی ئایندە کەسێک بەناوی هۆشەنگ ئەنساری تەلەفۆنی بۆ من کرد بۆ ئوتێل و وەکوو یەکێتی قوتابیانی کوردستان خۆی پێم ناساند و بە منی وت : حەزدەکەین سەردانمان بکەیت و ئامادەین بۆ هەموو یارمەتیدانێکت . منیش ناونیشان و تەلەفۆنەکەیانم

وەرگرت و وتم : سەرتان لێدەدەم ! ، بەلام نەچووم ، لای ئێوارەی هەمان ڕۆژ من و حەمە سدیقی محامی و چەند برادەرێکی تر یەکمانگرت و لە یانەی وەزارەتی ڕاگەیاندن دانیشتبووین و چپاندم بە گوێی حەمە سدیقدا و وتم : شتێکی وا هەیە و جوولەیەکم بۆبکە ! وتی: بەخوا لەگەڵیان نەبیت هیچت بۆناکەن !!ڕۆژی دوای ئەوە دەمویست خۆم کۆبکەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ، یەکێک لە ئیدارەی ئوتێل وتی تەلەفۆن تۆی دەوێ ، سەیرمکرد شێخ عوبێدوڵلا بوو کە وتی حەزدەکەم سەرێکم لێبدەیت ، کەچووم ، ئەمجارەیان گەرمتر لە جاری یەکەم پێشوازی لە من کرد و پاش قاوەخواردنەوە و نەختێک قسەکردن تێمگەیاند کە دەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی و ئەم کارە ئەوەندە هاسان نییە!، ئەویش وتی : کاک عارف تۆ ئازادیت ، بڕوابکە بۆ تەوالێتیش دوان لەو سەگانە بە دوامەوەیە و پێم ناخۆشە بەو شێوەیە دەگەڕێیتەوە . وتم: یاشێخ من سوپاسی جەنابت دەکەم و تۆ درێخیت نەکردووە و چی لەدەستت هاتووە کردووتە و یارمەتی زۆری منت داوە ، بەڵام ئەوان بریار و ڕۆتینی خۆیان هەیە و ڕەنگە بۆ من دەست نەدات !! دوایی خواحافیزیمان لەیەکتر کردو لای ئەوم جێهێشت .ئەمجارەشیان وەزارەتی خوێندنی باڵا منی قەبووڵ نەکرد بۆ چوونە دەرەوە !!!



لێرەدا کە باسی شێخ عوبێدوڵلای بارزانی دەکەم ، دەمەوێ بە خوێنەر و ڕۆشنبیری گەلەکەمان بڵێم : ئەو پیاوە هاوڕێ و هەڤاڵی تێکۆشانی من نەبوو ، بەرپرسم نەبوو ، ئەوە یەکەمجار بوو بە هۆی برادەرێکی خۆمەوە بچمە لای و بیناسم ، دیسان ئەویش کارێکی بە من نەبوو ، بەڵام کاروکردارو پیاوەتی و یارمەتی و قسەی شیرینی ئەو بۆمن زۆربوو کە بیرم ناچنەوە ، هەرچەندە من نامەوێ ئەمە تێکەڵ بە زرووفی شەخسی ئەو لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و ڕژێمدا بکەم ، بەڵام کە ئەمە بەراورد دەکەم لەگەڵ ئەوانەی ئازاری منیاندا لەژیانی سیاسیمدا و ژانی زۆریان کردە دڵمەوە و بەهەموو شێوەیەک پەلاماریاندام ..... ئاسمان و ڕێسمان دەبینم!!.

ڕەنگە هەبێ و بەمن بڵێ : بۆچی سکاڵاو گازندە دەکەیت و ئەم قسانە هەڵدەڕێژی؟سوودیان چییە؟ ، لەوەڵامدا دەڵێم: ئەوانەی من نووسیومن هەمووی مانای ئەخلاقی و سیاسی خۆی هەیەو ڕەنگە دەرس و پەندی باش بدەنە ئەوانەی دەیانەوێ باش لەمەسەلەکان بگەن و هەڵسەنگاندنی نوێ و زانستانە بۆ کەسەکان ، دیاردەکان ، ڕووداوەکان ، بۆ خەبات و تێکۆشان بکەن لەداهاتوودا و هەرشتەش هەقی خۆی بدەنێ .

## بۆچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت؟!

دوابەدوای ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ مەرحوم بارزانی و بنەماڵەی بارزانی کە بەرپرسیارێتی یەکەمی شۆڕشی ئەیلولیان لە ئەستۆدا بوو ، ئامادەنەبوون درێژە بە شۆڕش بدەن ، ئەوان پەکیان نەکەوتبوو لە سەر پێشمەرگە و چەک و تەقەمەنی و تفاقی جەنگی و پارە و ئازووقە و جلوبەرگ ، بەشی چەند ساڵێکیان لەبەردەستدا بوو بە بێ پشتبەستن بە هیچ دەوڵەتێک ، بارزانی و بنەماڵە پاساوی زۆریان دەهێنایەوە بۆ خۆدزینەوە لە شۆڕش ، بەڵام لە ڕەخنەو بۆڵەبۆڵ و تووڕەبوونی میللەت ڕزگاریان نەبوو ! ، تەنانەت لەو دەیان هەزار چەکدارەی لە کوردستاندا هەیانبوو ، ڕازی نەبوون چەند هەزارێکی لێبهێڵنەوە لەدەستی خۆیاندا ، یاخود بەرەوڕووی کەسانێکی بکەنەوە کە



ئامادە بوون درێژە بە شۆڕشی کورد بدەن و لەفەوتان و لەناوچوون ڕزگاری بکەن و بەرامبەر بە بەعسی فاشیست و پیاوکوژ بوەستنەوە کە دواتر کەوتنە گیانی گەلەکەمان لە شار و شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان و بە ناشیرینترین شێوە دەستیانکرد بە هەڵمەتی بەعەرەبکردن و بەعسکردن و ڕاگوێزانی خەڵکی کوردستان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق .

ئەوکاتانە مام جەلال لە لوبنان ( بەیروت ) بوو ، پەیوەندی بە شێخ عەزیزی شێخ ڕەزاوە هەبوو کە نوێنەری بارزانی و شۆڕشی کورد بوو لەوێ و پەلەی بوو بەزوویی شتێک بکات بە شتێک و جێگەی بارزانی و شۆڕشی کورد بگرێتەوە و خۆی ڕەهبەری شۆڕشی نوێ بێت و بریار لەدەستی خۆیدابێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا ، ئەو بە ئاگاداری سوریا و لیبیا و فەلەستینییەکان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دامەزراند لە شام و خۆیشی مالوحاڵی خۆی گواستەوە بۆ شآم .

مام جەلال ، لێرە و لەوێ ، کۆمەڵێک خەڵکی کۆکردەوە و ناوی دەستەی دامەزرێنەری ینک-ی لێناو هەموو ئەوانە بوون کە ئەو خۆی دەیتوانی بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکات و بریاریان لەسەر بدات ، ژمارەیەک لەوانە کۆنە جەلالی بوون . ژمارەیەکی تری کەسایەتی سیاسی ناسراو هەبوو کە بەدەنگ بانگەشەکەی ینک وە

هاتبوون و گەیشتبوونە شام وەکوو کاک ( دکتۆر
مەحمود عوسمان ، شەمسەدین موفتی ، عەلی
سنجاری ) و خەڵکیتر کە پێشتر لە پارتی دیموکراتی
کوردستاندا ڕۆڵی سیاسی و بەرچاویان هەبوو ،
ئەمانە نەکرابوونە ئەندامی دامەزرێنەر ، جگەلەوە ،
دەستەی دامەزرێنەر ، کەسانی سەر بە بنەماڵەی
بارزانیشی تێدانەبوو ، هەڵبەتە ئاسان نەبوو بۆ مام
جەلال کەئەو جۆرە کەسانە بە دەستەی دامەزرێنەر
قەبووڵ بکات، چونکە ئەمانە ڕێگەی ئەویان نەدەدا بە
ئارەزووی خۆی بریار بدات و لەوانە بوو لە زۆر شتدا
بیوەستێنن ! ، من بەشبەحاڵی خۆم ئەمە بە هەڵەیەکی
سیاسی و مێژوویی ئەو سەردەمە دەزانم کە دەبوایە
حسابی بۆ بکرایە بۆئەوەی ئەو بارودۆخەی
لێنەکەوتایەتەوە کە بەچاوی خۆمان بینیمان .

لەگەڵئەوەی لەوانە بوو بارزانی و بنەماڵەی
بارزانی لەسەرەتادا بەم پرۆژەیەی یەکێتی ڕازی
نەبوونایە ، بەڵام لەوانەبوو دواتر شل ببونایە و
خۆیان بدایە بەدەستەوە چونکە حاڵیان باش نەبوو ،
هەرچەندە ئێمە هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە
سەرانی بنەماڵەی بارزانی بە ئێستایشیانەوە ،
ویستوویانە سەرۆکایەتی لە کوردستاندا بەتەنها
لەدەستی خۆیاندا بێت ، چونکە ئەوان خۆیان بە



وەریسی شەرعی بزوتنەوەی ڕزگاریخواز و ئازادیخوازی
گەلی کورد دەزانن و هەموو حزب و لایەنە
کوردستانییەکانی تر بە پلە دوو دەزانن و ئەوە
ڕەتدەکەنەوە ئەو شەرەفەیان بدرێتێ......ئەمە
کێشەیەکی گەورەیە و دەبێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی
ئەکادیمی زۆری لەسەر بکرێت ، بە تایبەتی هەتائێستا
ئێمە ڕزگارمان نەبووە لە سیستمی خێڵەکی و
عەشایەری لە سەرانسەری کوردستاندا ، جگە لە خراپ
بەکارهێنانی یاسا و دەسەڵات لە بەرژەوەندی تاک و
حزب و توێژێکی دیاریکراو ، زۆری شەڕ و
بەیەکدادانەکانی ڕابوردووش ١٩٦٤-١٩٩٧ کە هەزاران
قوربانی لێکەوتەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم
کێشەیەوە هەیە و بڕوایشم نییە ئاوا زوو پیاداچوونەوە
و بەخۆداچوونەوە هەبێت لەم بارەیەوە .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەیەکەم ڕۆژی
دامەزراندنیەوە تۆوی ناکۆکی و ململانێ و بەیەکدادانی
پێبوو بۆ ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوەکە ، کە گران
وەستایەوە لەسەری.وەشاندنی تۆوی لەوجۆرە
لەزەرفێکی ناسکی وەکوو ئەوەی ساڵی ١٩٧٥ دا ،
ڕێکخراوەکەی دووچاری گەورەترین ململانێ و کێشەی
خۆێناوی کرد کە هەتا ئێستایش یەکێتی پێوەی

دەناڵێنێ ، کێشە ناوخۆییەکانی ئەمڕۆش بەشێکە لەوەی دوێنێ و لێی جیانابێتەوە .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوکومێنتەکانی سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی وەکوو : بەیانی یەکەمی ی ن ک . یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی ؟. پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، دەتوانین ئاماژە بە زۆرشت ( خاڵ ) بکەین کە پشتگوێ خراوە و کاری پێنەکراوە ، لێرەدا دەمەوێ بڵێم ناکۆکی و لەیەکنەچوونی زۆر هەبوو لە نێوان دەقە تتیئۆرییەکان و پراکتیکی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو لەسەر درووشم و ڕێباز و ئامانجی یەکێتی ، هەروەها لەسەر پەیوەندییەکانی ناوخۆو دەرەوەیان ، جۆری ئیدارەکردنی شۆڕشی نوێ ، دەستنیشانکردن و مامەڵەکردنی ناکۆکی و ململانێکان لە گۆڕەپانی سیاسیدا .

جارێ هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ، یەکێتی چەند مەسەلەیەکی گرنگی ورووژاند کە دەبوایە پەلەی لێدانەکردایە و خۆی دوور بگرتایە لێی وەکوو :

**یەکەم/** بەعێراقیکردنی شۆڕشی نوێی گەل و بەستنەوەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بە چالاکی سیاسی نەتەوەی عەرەبەوە لە یەمەنی دیموکراتی گەلی و عەرەبستانی ئێران کە ناوی شۆڕشی نەتەوەی



عەرەبیان لێنابوو ، هەروەها بزووتنەوەی کرێکاران و هێزی سوشیالێست لە جیهاندا ، لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان لە دنیای سێهەمدا ، ئەویش بە دژایەتیکردنی ئاشکرای ئەمەریکا و بەریتانیا و ئیسرائیل و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران و شۆڤێنی عەرەبی و ڕژێمی بەعس لە بەغدا .

**دووەم/** لکاندنی تومەتی جۆراوجۆر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانییەوە و دانانی ئەوان لە خانەی ناکۆکی سەرەکیدا بە پاساوی ئەوەی گوایا ئەوان خۆیان بەستۆتەوە بە ئیمپریالیزم و سایۆنیزم وحکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە ، لەمەیاندا مام جەلال و ( ی ن ک ) کەوتنە هەڵەوە و موعادەلەیەکی سیاسی چەوتیان داڕشت و گەورەترین گورزیان وەشاند لە گیانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ماڵوێرانییەکی زۆریان هێنا بۆ کورد . من ئەمەم لەکاتی خۆیدا لە نامەیەکدا خستۆتە پێش چاوی مام جەلال لە شام.

بێگومان من نامەوێ دێڕ بە دێڕی ئەو تومەتانە دووپاتبکەمەوە ، چونکە ئامانج لەم نووسینە کولانەوەی برینە کۆنەکان نییە !! .

ناکۆکی سەرەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد تەنها و تەنها ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان ، واتە لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە کە شۆڕشی کورد خەریک بوو ورد ورد دەستپێبکاتەوە ، ململانێی گەلی کورد لەگەڵ ڕژێمی فاشیست و خوێنڕێژی بەغدا بوو نەک ئیمپریالیزم و سایۆنیزم و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران ! . پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە ئەوسا ناوی ( سەرکردایەتی کاتی پارتی )یان لەخۆیان نابوو (القیاده الموقته للحزب الدیموقراطی الکوردستانی ) دووئەوەندەی یەکێتی لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراق بوون . لەبەر ئەوە ڕاست نەبوو کە یەکێتی خەڵکیان بە هەڵە تێگەیاند و ئەوانیان بە ناکۆکی سەرەکی لەقەڵەم دەدا و کەوتنە ململانێ و شەڕی خوێناوی لەگەڵیاندا .

جگەلەوە هەڵەیەکی تری هەندێ لەسەرانی کورد لە مێژەوە هەتا ئەو ساڵانەی دواییش ئەوەبوو کە ئیمپریالیزم و سایۆنیزمیان بە ناکۆکی سەرەکی دادەنا و دەیانویست لاسایی هەندێ سەرکردەی گەلۆر و گەوجێ عەرەب بکەنەوە و قسەکانی ئەوان بجوونەوە ، گوایا کەللەسەری ئیمپریالیزمیان بۆ پاندەکەنەوە و



سەرکەوتن بۆ عەرەب و نەتەوەی عەرەب و کورد تۆماردەکەن .

ئابەم عەقڵیەتەوە واتە ( عەقڵیەتی شەستەکان ) کەمن کاتی خۆی ڕووبەڕوو بەمام جەلالم وتووە ، ی ن ک گەڕایەوە کوردستان و شەڕی هەڵگیرسان کە لەناوەڕۆکدا ( شەڕ بوو لە پێناوی شەڕدا) و شەڕبوو بۆ قاتوقڕکردنی کورد ، چونکە ئیجتیهاداتی شەخسی و لووتبەرزی وخۆبەزلزانین بڕیاری ئەم شەڕەی دەدا و دوژمنیان بیرچووبۆوە و حسابیان بۆ هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی تر نەدەکرد . ئەوان هاتن شەڕی (ئێران ، عێراق ، کۆمەڵەی ئێران ، حزبی دیموکراتی ئێران ، بارتی کرێکارانی کوردستان ( پ ک ک ) ، و هەموو حزبە کوردستانییەکانیان) کرد بەبێئەوەی حساب بۆ قەوارەو هێزی سیاسی خۆیان بکەن کەبەرگەی ئەم شەڕی خۆکوژییە ناگرن ، تالەدوایین جاردا هەموو دەرگاکان لە ڕوویان داخراو لە بەغدا خۆیان بینییەوە و بەدەستی خۆیان کێشایان بەسەری خۆیاندا .

نموونەی زۆر هەن لەسەر ڕاپەڕین و شۆڕشی میللەتان کە مەرج نییە هەردەبێ چەپ و پێشکەوتوخواز و مارکسی بن ، ئەوجا پشتگیرییان لێبکەیت ، یاخود مەرج نییە کەسانێک یان سەرکردایەتییەک کە کاتی

خۆی دۆستایەتیان لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیلدا هەبووبێت ئیتر ئەوانە گلاون و نابێ توخنیان بکەویت.ئەگەر چاوێک بخشێنین بە کتێبەکەی جوناسان ڕاندێل(امه فی الشقاق) کەخۆی پەیامنێری واشنتۆن پۆست بوو بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەسێکی ناسراوە لای ئیدارەی ئەمەریکی ، لەلاپەڕە ٢٥١ دا باس لەوەدەکات چۆن لەبەهاری ١٩٦٣دا موسادی ئیسرائیلی کەسێکی ڕۆژنامەوانی نیشتەجێبووی پاریسی ناردۆتە کوردستان و چاوی بە مەرحوم بارزانی و مەرحوم مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کەوتووە و پێشنیاری کردووە کە یەکێک بنێرن بۆ پاریس بۆ قسەکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا و دوایی لە پاییزی هەمان ساڵدا– ١٩٦٣ ، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر داوای بارزانی مستەفا دەچێتە پاریس و لە شوێنی دیاریکراو چاوی بە نوێنەری موساد مەناحیم ناڤۆت ، ناسراو بە ناهیک دەکەوێ و دواتریش لەگەڵ باڵوێزی ئیسرائیل لە پاریس ، والتر ئیتان، کۆدەبێتەوە و باسی بەسەرهاتی میللەتی کوردی بۆدەکات و داوای هاوکاری و یارمەتی لێدەکات و ئەویش بڕێک پارەی دەداتێ و دوای ئەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان . من بەشبەحاڵی خۆم ئەم چاوپێکەوتن و پەیوەندیانە بە تاوان نازانم ، درکاندنیشیان لەلایەن



سەرانی کوردەوە کارێکی سروشتییە و ناچنە خانەی خیانەتکارییەوە ، ئەوەیش بە ڕاست نازانم سەرکردەکانی دوێنێ ، لەوانەی قەبووڵیان کرد بچنە ژێر ئاڵای شاهانشای ئێرانەوە و لای ئەو میوان بوون و بەنان و ئاو و جلوبەرگی ئەو بوون ! جگە لە پەیوەندی جۆراوجۆریان بەم دەزگا و بەو وڵاتەوە .....لەزەرفێکی سیاسی تردا بێن هەمان شت کە خۆیان کردوویانە ، ئەوانی تری پێ تاوانباربکەن و بیکەنە چەکێک بۆ لێدانیان و بە شێوازی جۆراوجۆر لەکەداریان بکەن و بەبەرگێکی ترەوە بێنە مەیدان و هەڵوێست بە میللەت بفرۆشن!!! .

باشتر وانەبوو هەموو سەرانی کورد بە ئاشکرا بڵێن : ئێمە یارمەتی لە شەیتانیش وەردەگرین بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان . ئەم گۆڵگۆڵێنە چی لێکەوتەوە کە دوێنێ بەرامبەر بەیەک کردیان لە ئابڕووبردنی میللەت و مەسەلەی کورد بەولاوە ! ئەگەر ئەوان واتێبگەن خەڵک گوێرەکەیە و حسابات و کیتاباتی ئەوان نازانن ، ئەوا با چاک تێبگەن و بیزانن کە هیچ شتێک بەئاسانی تێناپەڕێت بەسەر میللەتدا و خەلک لە مێژەوە لەگەمە سیاسییەکەی ئەوان گەیشتووە ، دەزانن لە کوێوە دەستی پێکردووە و هەتا کوێش بڕی کردووە ! کێ لەوانە ، پێشکەوتوخواز و چەپ و مارکسی بوو ؟! ئەی

کێی تر کۆنەپەرست و ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم بوو ؟! من پێشنیاردەکەم کە هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرێکی کورد کتێبەکەی جوناسان ڕاندێل ( امە فی الشقاق ) بخوێنێتەوە کە زانیاری و نهێنی زۆری تێدایە لەسەر کوردو سەرانی کورد ، هەوەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و پەیوەندییەکانی دەرەوە .

لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ ناوەڕۆکی باسەکەمان و سێ نموونە دەهێنمەوە لەسەر ڕاپەڕینی میللەتانی تر کە ڕژێمەکانی خۆیان ڕووخاندووە ، یاخود داگیرکاری بێگانەیان دەرپەڕاندووە لە وڵاتەکەیان و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و هیچ یەکێکیش لەمانە پێشکەوتوخواز و چەپ و مارکسی نەبوون . لەوانە یەکەمیان ڕاپەڕینی گەلی ئەفغانستان بوو دژی داگیرکەران کە لێنین لە ٢٧ی ئایاری ١٩١٩ دا نامەیەک بۆ ( امان الله خان ) دەنووسێ و پیرۆزبایی لە خۆی و گەلی ئەفغان دەکات بەبۆنەی دەرپەڕاندنی داگیرکەران و ڕزگابوونیان و وەرگرتنی دەسەڵات لە ٢١ی شوباتی ١٩١٩دا . دووەمیان ڕاپەڕین و شۆڕشی مستەفا کەمال ئەتاتورک بوو کە ئەفسەرێکی سوپا بوو ، لە ئەنازۆڵەوە دەستیکرد بە شەڕکردن دژی دوژمنانی گەلەکەی و وڵاتەکەی پاک کردەوە لە بێگانە و لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا تورکیای نوێی دامەزراند و دوایی وەکوو



کەسێکی فاشیست و خوێنڕێژ کەوتە گیانی گەلی کورد و چەندی بۆکرا لە کوردی کوشت ! . ئەمیش نە چەپ و پێشکەوتوخواز ، نە مارکسی بوو . نموونەی سێیەم شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو لەساڵی ١٩٧٩ دا کە ئیمام خومەینی پەناهێندە و دەربەدەر ، لە پاریسی پایتەختی فەرەنساوە گەڕایەوە بۆ تاران و شای ئێرانی دەرپەڕاند و ڕژێمەکەی ڕووخاند و لە جێی ئەو کۆماری ئیسلامی ئێرانی دامەزراند ، هەڵبەتە ئەویش فڕی بە چەپ و مارکسیزمەوە نەبوو .

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵێم : حزبە کوردستانییەکان لە بەشەکانی کوردستان هیچ کامێکیان ناکۆکی سەرەکی نەبوون و نابن لە گۆڕەپانی سیاسیدا و دەبێ ئەمرۆیش ئەوە لەبەرچاو بگێرێ کە پارتی کرێکارانی کوردستان پ ک ک بە هیچ جۆرێک ناکۆکی سەرەکی نییە و نابێ لەبەرچاوی کاڵی دوژمنان و ناحەزانی کورد پەلاماربدرێن . ئەگەر کورد گوتاری سیاسی یەک بێت و دەست هەڵگرێ لە بێگانەپەرستی و ڕیزەکانی خۆی یەکخات و بەهێزی بکات ، ئەوا بەغداو ئەنقەرە ناتوانن هیچ بەرامبەر بە کورد بکەن .

**سێیەم/** بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخاندن و لەناوبردنی ڕژێمی بەعس لەبەغدا ، هەروەها وردوخاشکردنی ئیمپریالیزم و سایۆنیزم و ڕژێمەکانی

سەربەوان ، کە ئەمەیشیان هەر لە غرور و لووتبەرزییەوە سەرچاوەی گرتبوو ، وەکوو خەیاڵ و خەو وابوو ، بەردێکی زل بوو کە بە یەکێتی هەڵنەدەگیرا و فڕێنەدەدرا ، پارووەیەکی گەورە بوو بۆی قووت نەدەچوو .

لەبیرم دێت ساڵێ ١٩٧٦ من و مام جەلال و برادەرێکی دەستەی دامەزرێنەری ی ن ک لەسەرە ڕێگا بووین بۆ ماڵی مام جەلال ، بەدەم قسەوە برادەرەکە وتێ : خوا یار بێت ساڵی ١٩٧٨ دەیانڕوخێنین ! ( مەبەستی ڕژێمی بەغدا بوو ) منیش لەسەرخۆ وەڵامم دایەوە و وتم : ڕووخاندنی بەعس ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە ! ، ئەم قسەیەی تۆ وەکوو دامەزراندنی زانستگای سلێمانی وەهابوو لەوشاخە!! ، کاتێک لەساڵی ١٩٧٤ دا شەڕ دەستی پێکردەوە ، کە هیچ بەهیچ نەکراو فەشەلی هێنا ! نەمام جەلال و نە برادەرەکە هیچیان نەوت .

**چوارەم/** مام جەلال پەلەیکرد لە دامەزراندنی ی ن ک و کەوتە ژێر کاریگەری ڕژێمی سوریاوە بەپلەی یەکەم کە ئەوسا دوژمنایەتی و ململانێیەکی توندیان هەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەغدا ، هەروەها کاریگەری ڕژێمی لیبیاو هەندێ لایەنی تر .

پێش ی ن ک کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان هەبوو کە دوایی ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی



ڕەنجدەرانی کوردستان و بە هیچ شێوەیەک بیری لە شۆڕش نەدەکردەوە و توانای ئەوەیشی نەبوو ، هەتا کەوتە بەر شەقی زەمانە و زللەی ڕۆزگار و ئیتر چاری نەما . هەر بۆئەم مەبەستە مام جەلال دەیویست بە بانگەشە ، پەیوەندی ، درووستکردنی مەفرەزە ، تێوەگلاندنی خەڵکی ، قەرەباڵغی دروست بکات لە گوندەکانی کوردستان و توانای خۆی و یەکێتی پیشانبدات ، ئەو زەرفی زاتی کوردستانی باش دەزانی و بەباشی لێی تێگەیشتبوو ، بەڵام بڕوای بە تیئۆری (دەیکەین ، یان دەفڕین ، یان دە....ن ) هەبوو ، کەلای من ئەمەی وتووە.

**پێنجەم/** یەکێتی لە پارتی هەڵپێچابوو ، داوای لێدەکرد کە ناوی خۆی بگۆڕێ وەکوو ئەو حزب و ڕێکخراوانەی لە کوردستان و دنیادا پێشتر بەم کارە هەڵسابوون ، بەڵام پارتی گوێی بۆئەم قسانە شلنەدەکرد و حسابیشی بۆ نەدەکرد . هەروەها لێی هەڵپێچابوو کە پەیوەندییە کۆنەکانی خۆیان بپچرن لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیزم ! و سایۆنیزم ! و مەرجەکانی یەکێتی قەبووڵبکەن و واز لە ڕیبازی سیاسی کۆن بهێنن و ....هتد .

**شەشەم/** لەباسکردنی دابەشکردنی کوردستان و نەتەوەی کورد بەسەر ڕژێمە کۆنەپەرستەکاندا ، بە هیچ

شێوەیەک ناوی حکومەتی سوریا نەدەهات لە ئەدەبیاتی یەکێتیدا ، کەئەمە زیاتر بۆ ڕازیکردنی ڕژێمی سوریا بوو ، چونکە لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک نەبوو لە ستراتیژ و سلوکی سیاسی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی سوری لەگەڵ ئەوەی عێراقدا و هەردووکیان دوو ڕووی دراوێک بوون و دوژمنی سەرسەختی کورد بوون و دەبن ، هەروەها بڕوایان بە کورد و کوردستان نەبوە و نییە و بەهەموو شێوەیەکیش دژی دەستکەوتەکانی کوردن . کە سوریاش لەوکاتەدا میوانداری ی ن ک —ی دەکرد و بەهۆی ئەوەی لە ململانێیەکی توندا بوو لەگەڵ حزبی بەعسی عێراقدا ، بەرژەوەندی لەوەدا بوو دۆستایەتی گەلی کورد بکات دژی ڕژێمی بەغدا ، ئەگەنا کامەیە ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی ئەوان هەیانە بەرامبەر بە گەل و نەتەوەی کورد.

**حەوتەم/** لەبانگەشەکەیدا یەکێتی ڕێگای بە تەیارات و بیروڕای جیاواز و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دەدا کە بیانگرێتە باوەش و کۆیانبکاتەوە لە ڕیزەکانی خۆیدا ، گوایا یەک حزب ناتوانێ ئەمانە بگرێتە خۆی و ئەوە هەر یەکێتییە کە دەتوانێ بەو کارە هەڵسێ .کەچی لەکرداردا یەکێتی دژی ئەم کارەی خۆی بوو ، کێشەی زۆریشی بۆخۆی نایەوە و ، دوای گەڕانەوەیان بۆ



کوردستان ڕێگەیان نەدەدا بە کەسێک ، لایەنێکی غەیری خۆیان لە ناوچەی دەسەڵاتیاندا ، خەبات و تێکۆشان بکەن دژی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی و فاشیست .

## مام جەلال کێیە؟

مام جەلال یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دێرینەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و کوردستاندا، پێشتر کەسایەتییەکی ناسراو بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی عەرەبیدا ، ئێستایش لەوەتی سەرۆک کۆماری عێراقە ، بۆتە کەسایەتییەکی ناسراو لە ئەوروپاو ئەمەریکا و دنیادا .

مام جەلال لەتەمەنی لاوێتییەوە ، لەکۆتایی ساڵەکانی چلەکانەوە خەریکی خەبات و تێکۆشانە، بەهۆی چالاکی و وریایی خۆیەوە لەتەمەنێکی خوار بیست ساڵییەوە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان .

ئەو کاتانەی مەرحوم بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو ، مام جەلال توانیویەتی بە نامە پەیوەندی پێوە بکات ، نامەیەکیان ( کە لەهەمانکاتدا ڕاپۆرتێکی



سیاسی گشتییە دەربارەی بارودۆخی حزب و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عێراق و کوردستان لەوکاتەدا )، لە ١٩٥٥/١٠/٠٥دا لە پەکینی پایتەختی چینەوە بۆی ناردووە و ئەویتریان هەر لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆیناردووە و بەرواری ١٩٥٧/٠٧/٣٠ی پێوەیە .
لەهەردوو نامەکەدا بارزانی بە سەرکردەو ژەنەڕاڵ و گەورە و خۆشەویست ناودەبات و وای پیشاندەدات کە هیچ شتێک بەبێئەو ناکرێت! . ئەم دوو نامەیە لە کتێبەکەی کاک مەسعود بارزانیدا ( البارزاني والحركه التحرريه الكرديه ١٩٤٥– ١٩٥٨ ) بڵاوکراونەتەوە .

مامجەلال فیکرو ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازی سیاسی نییە ، بەڵام لە ژیانی سیاسی خۆیدا گەلێک ڕێباز و ئایدیۆلۆژیای جیاوازی بۆخۆی هەڵبژاردووە و کاری لەسەر کردووە و خۆی ساخکردۆتەوە تائەو جێیەی دەستی دابێ بۆی و بۆ ئەو قۆناخەی ویستوویەتی و پێویستی پێی بووبێ پەنای بردۆتە بەر ، دوایش کە ئیشی پێی نەماوە پشتی تێکردووە و لەبیر خۆی بردۆتەوە !! . ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت و دەتوانی بە ئاشکرا لەکەسایەتی ئەودا بیخوێنیتەوە ، ئەوەیە کە مامجەلال لە ژیانی سیاسیدا پەیڕەوی دوو شێوە لەکاری سیاسی کردووە و بە توندی خۆی پێوە بەستۆتەوە : یەکەمیان سیاسەتی( فرق تسد ) ،

بڵاوەیان پێبکەو بیاندە بەیەکدا و خۆت سوود وەرگرە و ڕیشسپی بە. دووەمیان پەنای بردۆتە بەر بەشێک لە کاروسیاسەتی ماکیاڤیللی ، واتە گرتنی ملی هەموو ڕێگایەک ( ئەگەر هەڵەو دەرچوونیش بێت لە ڕەوشتی سیاسی و بەها و شتەبەنرخەکان ) لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو ، بەمانای بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هەر ئامڕازو هۆکارێک بەکارببرێت دریغی نییە . ڕێبازی نیکۆلۆ ماکیاڤیللی ( ١٤٦٩ – ١٥٢٧ ) بەگشتی لەمانەی خوارەوەدا ڕەنگی داوەتەوە :

* خۆت خۆش بوێ نەک نیشتمان * باشتر وایە خەڵکی لێت بترسن نەک خۆشتیان بوێ *میر کارناکات بۆ ڕۆشنبیرکردن و ڕووناککردنی دەوروپشتەکەی *دنیا ڕاوەستاوە و دەبێ هەر وەکوو خۆی بێت*پێویست نییە مەردم هەمیشە شەریف بێت*سوودی نییە مەردم هەر بە سیمای چاکەو پیاوەتییەوە دەربکەوێت*پێویستە میر ئایینێک هەڵبژێرێ بۆخۆی ئەگەر بشزانێ بۆگەنە*ئایین پێویستە بۆ حکومەت نەک بۆ چاکەکردن و خزمەتی خەڵکی ، بەڵکوو بۆئەوەی حکومەت باڵی خۆی بەسەر خەڵکیدا بکێشێت و کۆنترۆڵیان بکات*زەمانەو ڕۆژگار دەریانخستووە کە پەیامبەرە چەکدارەکان داگیرکارو سەرکەوتووبوون و پەیامبەرە بێ چەکەکانیش دۆڕاو بوون .



ئەگەر نەختێک بگەڕێینەوە بۆدواوە ، مامجەلال لە سەردەمی پاشایەتی و پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی١٩٥٨ وە ، وەکوو کەسێکی چەپ و کوردستانی و تاڕادەیەکیش مارکسی ئاشکرابوو مشتومڕو ململانێکانی ئەو لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی و شیوعیەکاندا بەردەوام بوو . بەبیرم دێت لەدوای مۆڵەتدانی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠دا، ئەو دوو پۆلی کردبۆوە لە بارەگای خەباتی شاری سلێمانی بەناوی هوشیارییەوە کە جاروبار دەهاتە ئەوێ و قسەی بۆ ئەندامانی حزب دەکرد و منیش کەتەمەنم منداڵ بوو ، ئەندامی حزب بووم، دەچووم گوێمدەگرت و قسەوباسەکانیش زۆری لەسەر حزبی شیوعی عێراقی و لقی کوردستانیان بوو ، ڕاستییەکەش وەهابوو کە شیوعییەکان لەلای خۆیانەوە کەوتبوونە دژایەتیکردنی ئاشکرای پارتی و خەباتی کوردستانییان ڕەتدەکردەوە ، هەرچەند ناوی کوردستان و نەتەوەی کوردیان گوێ لێبوایە ، ئەوان تووشی داچڵەکان دەبوون و قەبووڵیان نەبوو و لە دژی دەوەستانەوە . هەڵبەتە لەم ساڵانەی دواییدا ، پاش نەمانی شەری سارد و هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵات ، هەرچەند چاوم کەوتبێت بە هەندێک لە سەرکردە کۆنەکانی حزبی شیوعی عێراقی و کوردستانی

، لەوانەی من دەیانناسم ، ئەوان ددانیان بەو ڕاستییەدا ناوە کە کاتی خۆی دەروێشێکی گوێڕایەڵ و سەرگەرم و کوێرانەی کرملین بوون لە مۆسکۆ ، هەروەها ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنن کە حزبەکەیان هیچ سەروەرییەکی نەبووە جگەلە کلکایەتی بەولاوە بۆ حزبی شیوعی سۆڤیەتی جاران کەلەدواییندجاردا ماڵوێرانی بۆ هێنان و گەورەترین گورزیشی وەشاند لە حزبە کۆمۆنیستەکانی سەربەخۆیان لەجیهاندا . کۆمۆنیستەکان ددان بەم راستییەدا دەنێن‌و ناترسن ڕەخنە لە خۆیان بگرن .

لەئەیلوولی ١٩٦١دا کە شۆڕشی کورد بەرپابوو ، مامجەلال ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی تێکۆشان بوو ، بەخێرایی و لەماوەیەکی کورتی دوو ساڵیدا ، جەماوەری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەویان وەکوو ڕەهبەرێک ناسی ، ئەمجارەیان مامجەلال کوردستانی و تاڕادەیەک خۆی بەستبۆوە بە خەباتی نەتەوەییەوە .

لەساڵی ١٩٦٤وە کەسەرەتای تێکچوون و لەتبوونی پارتی بوو لە نێوان ( باڵی پارتی– مەکتەبی سیاسی و باڵی پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی )دا ، هەتا ئازاری ١٩٧٠کە بارزانی لەگەڵ رژێمی بەغدا ڕێککەوت ، مامجەلال چەند گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات ،



لەوانە : پاش شەڕو پێکدادانێکی کورت لەگەڵ هێزەکانی سەر بە باڵی بارزانی – ١٩٦٤ ، مەکتەبی سیاسی بە مامجەلالیشەوە قەبووڵیانکرد بچنە خاکی ئێرانەوە و میوانی شاهانشای ئێران بن کە پێشتر لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیاندا بە ڕژێمێکی کۆنەپەرست و ئەڵقەلەگوێی ئیمپریالیزم ناویان دەبرد! .

باڵی مەکتەبی سیاسی پ د ک لەساڵی ١٩٦٥دا ، بەئاگاداری ئێران لەگەڵ بارزانی ڕێککەوتن و گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە دۆڵەڕەقەی عەباسی مامەند ئاغا دایانکوتا ، بەڵام زۆری نەبرد خۆیان گەیاندە بەغداو لەگەڵ سەرۆک عەبدولرەحمان عارف دا ڕێککەوتن لەسەر بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کە دەستکەوتێکی هەتا بڵێی هیچوپووچ و بێکەڵک بوو بۆ کورد .

ساڵی ١٩٦٧ مامجەلال ئاهەنگی ستایش و ڕێزلێنانی سازکرد لەبەکرەجۆ بەبۆنەی شەهیدبوونی شۆڕشگێری ناوداری جیهانی ئارنستۆ تشی گیڤارا کەلە بۆلیفیا شەهیدکرا .

ساڵی ١٩٦٨ دکتۆر کۆرش لاشائی و گروپەکەی ( کە ڕێکخراوێکی ماوی بوون ) بە یەکجارەکی هاتنە کوردستان و بوونە میوانی مامجەلال لە بەکرەجۆ . مامجەلال لەوکاتەوە دەبێتە کەسێکی ماویست و کار بۆ بڵاوبوونەوەی ماویزم دەکات و تاقیکردنەوەی چینی

قەبوولدەبێت بۆ شێوەی خەبات و تێکۆشان لە کوردستاندا . ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پ د ک- باڵی مەکتەبی سیاسی - بوون بە هەڵگری بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ کە ناکۆکی و ململانێی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن لەو سەردەمەدا . بەندە یەکێک بووم لە ماوییەکانی ئەوکاتە.

شانبەشانی ئەوەی مامجەلال فیکر و ئایدیۆلۆژیا نییە ، ئەو لەوەتی سیاسەت دەکات خاوەنی ئامانجێکی ستراتیژی ڕوون و ئاشکراو نەگۆڕیش نییە ، چ ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی نەتەوەیی و کوردستانییەوە هەبێت یاخود کاری حزب و ڕێکخراوەیی و ئیلتیزاماتی یەکێتی لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکانی تر لەکوردستان و عێراقدا ، هەروەها پەیوەندییەکانی دنیای دەرەوە. ئەو کەسێکی بێباک و بێ بەرنامەیە ، لەکاتی قسەکردن و کارکردندا بێسەروشوێنی لێ دەخوێنیتەوە چونکە پەنادەباتە بەر شێوازی جۆراوجۆر بەبێئەوەی ئاور لە کەس بداتەوە ، ئەمەلەکاتێکدا دەیان ڕاوێژکاری هەیە جگەلە سەرکردایەتی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی . لەبەرئەوە مامجەلال بە پیاوی تاکتیک و موناوەرات و سازشکار ناسراوە کەلەزۆرجاردا گایەک دەدات بە کوشت لە پێناوی کێچێکدا !!! .



لەپرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یێ ن ک دا باسی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و مەرکەزیەت و ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن و ڕاگۆڕینەوە وگوێگرتن لەیەکتری کراوە وەکوو پشتبەستن بە پرنسیبەکانی دیموکراتی لەناو ڕێکخراوەکەدا ، هەروەها ڕێزگرتن لە ڕای ئازاد و دیموکرات ....هتد، کەچی لەمەیدانی کارکردندا بەهیچ جۆرێک کاریان پێنەکراوە و نەشچوون بەلایدا ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ی ن ک کاریگەری کلتووری ئیسلامی توندڕەو و حزب و ڕێکخراو و سەرکردە تۆتالیتارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و حزبە شیوعییەکانی سەربە سۆڤیەت و حزبی شیوعی سۆڤیەتیان لەسەر بوو ، ئەگەر نەڵێم لەسەدا سەد لاسایی ئەوانیان دەکردەوە ئەوا لە زۆرشتدا وەکوو ئەوان وابوون .

جاریێ دەربارەی چۆنێتی درووستبوونی ی ن ک ، وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد ، هیچ ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر لە ڕێگەی تێکۆشان و خەباتی جەماوەری و هەڵبژاردنێکی ئازادەوە نەبۆتە سەرکردە و هەموویان مامجەلال دایمەزراندوون و هەتا ئێستایش پاش ٣٣ ساڵ هەر سەرکردەن و وازناهێنن ، جگەلەوە بەدرێژایی٣٣ساڵ ی ن ک نەیتوانیوە لە دوو کۆنگرە زیاتر ببەستێ و خۆی نوێبکاتەوە ، دەرفەتی

نەڕەخساندووە کادری پێشکەوتوو و دەستەبژێر بەرهەم بهێنێ بۆئەوەی جێگەی کۆنەکان بگرنەوە و بەبەرگێکی نوێوە بێنە مەیدان و فێری خەباتی هاوچەرخ ببن و خەریکی گۆڕانکاری بن و لە خزمەتی گەلەکەیاندا بن ، بۆیە دەتوانم بڵێم کە- ی ن ک کارگەیەک بوو تەنها دیکتاتۆر و گەندەڵی بەرهەم هێنا ، گەندەڵەکانیش ئەم ڕۆژەیان درووستکرد کە میللەتێک هاواریتی بەدەستیانەوە و لێیان بێزارە و دادو بێدادیەتی . ئاخر زۆر زەحمەتە ، قورسە ، نابەجێیە ، سەیروسەمەرەیە ، گەندەڵ وڵاتێک و میللەتێک بەرێت بەڕێوە و بەخەڵکیش بڵێن : دەمتان قفڵ بکەن و بێدەنگ بن !!!. سیستمی ئیدارەو بەڕیوەبردن لە کوردستاندا تایبەتە و نەخۆشە و وێنەی نییە لە هەموو دنیادا ، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم کەسەرکردایەتی بەکۆمەڵ لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا نەبووە و نییە ، مەرکەزیەت و بریار بەتەنها لە شەخسی مامجەلالدا کۆبوونەتەوە .

دەربارەی ڕەخنەوڕەخنە لە خۆگرتن ، ئێستا تاڕادەیەک بۆتە دیاردەیەک و لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی سەریهەڵداوە ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی داوای چاکسازی و پاکسازی و گۆڕان و دوورخستنەوەی گەندەڵەکان دەکەن لەدەسەڵاتی حزبی و حکومی ، داوای شەفافیەت و عەدالەتی



کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی دەسەڵاتی حزب دەکەن لەناو کحومەتدا بۆئەوەی یاسا و دەستور سەروەربێت ، داوای دابەشکردنی سامان و دەسەڵات دەکەن بە شێوەیەکی عادیلانە ، داوای پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکەن بۆ میللەت ، هەروەها بەرنامەیەک بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی بێئیشی لە کوردستاندا ، لەگەڵ زۆری تر کە کەس گوێی بۆناگرێ ......لەپاڵ هەموو ئەو ڕەخنە و پێشنیارانەدا تێبینی ئەوەدەکرێت کە مامجەلال هەتا ئێستا خەتی سوورەو نابێ بەلایدا بچیت ، نە ئەندامانی سەرکردایەتی و نە ئەندامانی خوارەوە بە هیچ شێوەیەک بۆیان نییە بە مامجەلال بڵێن : بۆ وات کرد ؟! بۆ وات وت ؟! بوەستە ئەمە سنووری تۆیە !!! جگەلەوە نە مامجەلال و نە سەرکردەی هیچ حزبێکی تری کوردستانی ، ئامادەنین بەرەوڕووی جەماوەر ببنەوە و ددان بە هەڵەوخەتاو تاوانەکانی ڕابوردووی خۆیاندا بنێن کەسەری هەزاران ڕۆڵەی ئەم میللەتەی خواردووە و ڕەخنە لەخۆیان بگرن و داوای لێبووردن لە میللەت بکەن !! ، ئەوان ئەمە بە سووکایەتی دەزانن و ئامادەنین جێبەجێی بکەن .

سەروەختێک ڕەخنەگرتن لە مامجەلال و سەرکردایەتی خەتی سوور بوو ، سزاکەی قورس بوو ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی سووکایەتییان پێکراو

دەرپەڕێنران بەهۆی ئەوەی ڕەخنەی بەجێیان گرت ، ژمارەیەیکتر ڕاونران یاخود چاڵیان بۆ هەڵکەنرا ، ژمارەیەکیتر کەوتنە زیندانی یەکێتییەوە و هەرچی سووکایەتیش هەبوو پێیانکرا ، ئەمە ئەگەر هیچ نەگەیەنێ ، ئەوە دەگەیەنێ کە ی ن ک لەیەکەم ڕۆژی درووستبوونیەوە ، هەتائێستایش ، کلتور و فەلسەفەی داپڵۆسینی پێبوە و بەباشیش پەیرەوی کردووە تا کار گەیشتۆتە ڕادەی لکاندنی تومەتی ناشیرین و لە ڕەوشت بەدەر بە تەویڵی ئەوکەسانەی ڕەخنە دەگرن ، هەروەها بە تەویڵی خێزان و کەسوکاریانەوە .

برادەری سەرکردایەتی یەکێتی هەبوە کە کاتی خۆی لای من وتوویەتی : ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت لەخانەی دوژمندا حسابی بۆدەکەین ! کەمنیش خێرا لەلای خۆمەوە بە پێچەوانەی خواست و بۆچوونی ئەوەوە وەڵامم داوەتەوە !

ئێستایش گراندەکەوێت لەسەر ئەندامێکی یەکێتی ، ئەگەر خۆی بدات لە مەسەلە چارەنووسسازەکان و خەتی سوور تێپەڕێنێ ، کە شەخسی مامجەلال دەگرێتەوە بەپلەی یەکەم ، ڕەنگە لێرەولەوێ ، هەندێ لەسەرکردە کۆنەکان ، دۆستانی دێرینی یەکێتی ، نزیکەکانی سەربە مامجەلاڵ ، گازندە وگلەییان لە



یەکێتی و شەخسی مامجەلال هەبێ ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاری بۆناکەن و خەڵکی بۆکۆناکەنەوە و ململانێی لەسەر ناکەن ، ئەوا قسەکانیان بەهەند وەرناگرن و مامجەلال و یەکێتیش دەربەست نایەن ! . ئەمانە ژمارەیەکی دیارن لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان ، ڕێزوحورمەتیان هەیە لای ی ن ک ، گوێیان لێدەگیرێ ، چونکە خەتی سوور تێناپەڕێنن و سیاسەتی نە شیش بسووتێ و نە کەبابیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە ، هەندێک لەم برادەرانە ڕەخنەیان قەبووڵ نییە و پێی دادەچڵەکن ، چونکە پەروەردەی ڕێکخستنێکی شۆڕشگێر و چەپخوازانە نەبوون و لەژێر کاریگەری سیاسەتی یەکێتی و مامجەلالدا بوون .

خەسڵەتێکی تر کە لە شەخسی مامجەلالدا کۆبۆتەوە ، ئەوەیە کە ئەو سایکۆلۆژیناسێکی زیرەکە و بە خێرایی دەروونی زۆربەی خەڵکی دەخوێنێتەوە و لەکەسایەتی لاوازوبەهێز شارەزا دەبێت و ئەو مامۆستایەکی شارەزایە لەبواری تاقیکردنەوەی خەڵکیدا و گەڕان بە دوای ئەلقە لاوازەکانیاندا بۆئەوەی بەئاسانی لێوەی بچێتەژوورەوە و بەکاریبهێنێ بۆ مەبەست و مەرامی شەخسی خۆی ، ئەوانەی بەم شێوەیە دەکەونە داوی مامجەلالەوە ، بەئاسانی ڕزگاریان نابێت لێی و تاڕادەیەک دەبنە موڵکی خۆی ،

بێگومان ئەویش جاروبار بەرامبەر بەم کارە بۆیان شلدەکات و هانیاندەدات یان ڕێگەیان پێدەدات بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن بەبێئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات تا لەدواییینجاردا دەکەونە لیستی خۆیەوە ، هەربۆ ئەو مەبەستە ئەو پیی خۆشە ئەوانەی دەوروپشتی خۆی، هەموو لەکەدار و ناتەبا و ناڕێک بن لەناویەکدا ، بەومەرجەی لەگەڵ خۆیدا تەبا و جووت و ڕێک بن و وەکوو مەرجەع و ڕیش سپی پەنای بۆبەرن و حسابی بۆبکەن . ئالێرەوە یەکێتی ماڵی ویران بووە ، کەتاوەکوو ئێستایش خۆی بۆناگیرێتەوە و هەریەکە خەریکی پاشقولگرتنە لەویتر .

هەر دەربارەی ئەم خاڵە دەمەوێ بڵێم بەتەنها مامجەلال خەتابار نییە کە یەکێتی ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشتووە ، دیارە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی دەوروپشتی هاوکارن و زەمینە خۆشدەکەن و ڕێگای بۆ پاکدەکەنەوە ، بۆ نموونە ئەوانەی لەکاتی خۆیدا ناکۆک بوون لەگەڵ مامجەلال و یەکێتی و لەململانێیەکی بەردەوامدابوون و پەرتووکی ( لم یعد الصمت ممکنا )یان نووسی ، هەرئەوان بوون ، بەرژەوەندی شەخسی و دەسکەوتی تایبەتی پاڵی پێوەنان کە ڕابکەنەوە بۆلای یەکێتی و مامجەلال ،



بەمەرجێک زۆرچاک دەیانزانی کە یەکێتی و مامجەلال ، هەر ئەوەی جارانە ، ئەگەر خراپتر نەبووبێ ئەوا باشتر نەبووە!! .زۆرێک لەمانە بە پلەوپایەی وەزیرو وەکیل وەزیرو دەرەجەی وەزیر دامەزران و کەوتنە چەپڵەلێدان بە دوای مامجەلالدا و ئامادەبوون بەهەر دەپەنجەکە ئیمزای بۆبکەن و میللەتیش تاوانبارکەن بە بێئەقڵ و گوێرەکە کە گوایا ئەو وەزعە وایلێهاتووە.

من بەشبەحاڵی خۆم ئەو جۆرەکەسانە بە ملهووڕ و مشەخۆر و ماستاوچی دەزانم ، هەرهەموویان لەخەمی خۆیاندان و بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا ڕادەکەن و فڕیان بەمەسەلەی میللەتەوە نییە ، هەرئەوان بوون دوێنێ و پێرێ چوونە ڕاژان ، بە خێوەت و ئازووقە و نەختێک پارەی پارتی ، لە ڕادیۆکەی ڕاژانەوە هێرشیاندەکەرد سەر مامجەلال و نەوشیروان مستەفا و سەرکردایەتی یەکێتی و دەیانویست لەوێوە یەکێتی بڕوخێنن !! ، بەڵام دوایی کە جێگایان نەبۆوە لە بەرەی کوردستانیدا کە لە دوای ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە پێکهێنرا ، پایدۆستیانکردو هاتنەوە بۆلای یەکیتی .

هەندێک لەوانە کاتی خۆی کە دۆست و برادەری من بوون لە سوید ، قسەیان لەگەڵمداکرد بۆئەوەی کاریان لەگەڵدابکەم و هاوکاریان بم ، لەوەڵامدا

، (لەگەڵئەوەی من بریاری دانیشتنم دابوو) ، پێیانم وت : بمبەخشن ناتوانم ، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ ئێوە خەڵکتان هەبێت لە کوردستان و جەماوەر لە پشتان بێت ، ئەوجا بەوکارە هەڵسن و هەنگاو بنێن ، ئێوە بەم شێوەیەی ئێستا بە یارمەتییەکی کەمی پارتی لەڕاژان دەرەقەتی مامجەلال و یەکێتی نایەن و باشتر وایە هەر ئەم کارە نەکەن ، جگەلەوە هەتا ئێستا ئێوە خۆتان ساخ نەکردۆتەوە ، خەباتی کوردستانی یان عێراقچێتی دەکەن ! . ئەم برادەرانە بڕێک پارەیان لەمن قەرزکرد بۆماوەی سێ هەفتە ، بەڵام بە سێ ساڵ پارەکەیان دایەوە ! ماشینەکەشمیان قەرز کرد و بۆیان نەهێنامەوە بەردەرگای ماڵەوە و لە شوێنێکی تر فڕێیاندابوو ، خۆم چووم هێنامەوە !! .

شتێکی تری گرنگ هەیە کە لە شەخسی مامجەلالدا بەزەقی دەبینرێ و بۆی زەحمەتە دەستی لێهەڵبگرێ ، ئەوەیە ئەو کاتانەی بەرەوڕووی مەسەلەیەکی نهێنی و گرنگ دەبێتەوە لەگەڵ دەوڵەتێک ، حزبێک ، لایەکی سیاسیدا ، ئەو توانای ئەوەی نییە ددان بەخۆیدا بگرێت و نهێنییەکە بپارێزێت و لەم ڕووەوە لاوازە و زۆری پێناچێ ، درکاندوویەتی و هەموو دنیای لەخۆی تێگەیاندووە ، کەدوایی زۆرکەوتووە لەسەری و



بەزەرەری خۆی و ڕێکخراوەکەی و میللەتەکەی تەواو بووە.

لەکاری سیاسیدا ، سەرکردایەتی حزبێک ، ڕێکخراوێک ، حکومەتێک ، بەرەوڕووی زۆرشت دەبێتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی ، سیاسەتی دەرەوە ، ڕێککەوتن و هاوکاری ئابووری و سەربازی ...هتد زۆرێک ، یان بەشێک لەمانە ، نهێنین و پاش تێپەڕبوونی دە تا بیست ساڵ ئەوجا دەتوانی بیاندرکێنی ، ئەگەر وانەبێ ، ئەوا نەخشەوپلان و بەرنامەکان هەمووی تێکدەچن و زیانێکی زۆرت لێدەکەوێت .

کارێکی تری مامجەلال کە جێی ڕەزامەندی یەکێتی و میللەت نییە ، ئەوەیە کە زیاد لە پێویست بە دوای ناحەزان و دوژمنانی میللەتەکەماندا ڕادەکات و دەیەوێ بەهەرنرخێک بێت ڕازییان بکات لەسەر حسابی مەسەلەی میللەت ! ، ئەو بەوەش نەوەستاوەتەوە و هاتووە ژمارەیەکی زۆر لە جەللاد و جاسوس و خۆفرۆش و پاشەڵپیس و دزوجەردەی لەخۆی کۆکردۆتەوە بەبێحساب کە هەموویان ڕابوردوویەکی ڕەشیان هەیە و میللەت پێیان ڕازی نییە و بەگەرمی پێشوازییان لێدەکات و بەرەوپێریاندەچێت و ڕێزیان لێدەگرێت و بەرامبەر بەمە گوێناداتە خەڵکی پاک و

ڕەوشتبەرز و تێکۆشەر . جگەلەوانەی سەرەوە ، کارکردنی مامجەلال لەسەر عێراقچێتی و بەعێراقیکردنی کێشەکان ( بەتایبەتی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان ) زیانێکی زۆر لە کورد دەدات و بەهۆیەوە مەسەلە کوردستانی و نەتەوەییەکان ، هەموویان کاڵدەبنەوە و دوژمنانی ئێمە سوودیان لێوەردەگرن . چاکتر وایە مامجەلال و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ، لەهەوڵی ئەوەدا بن پشت بە میللەت ببەستن و بەهاوکاری ئەوان هەنگاوبنێن و واز لەو پرۆژە و پێشنیارانە بهێنن کە ناحەزان و دوژمنانی ئێمە بۆ کوردی دادەڕێژن ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ، میللەت و جەماوەر دەکەونە بەلەمێکەوە و دەسەڵاتی سیاسیش لە بەلەمێکی تردا .

ئەمانەی سەرەوە بەشێکی گرنگن لەو هۆکارو فاکتەرانەی درزوکەلەبەرو دەلاقەی گەورەیان خستە ناو ڕیزەکانی یەکێتییەوە ، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا و ڕێکخراوەکە بەهۆیەوە دووچاری کۆسپ و تەنگوچەڵەمەو پارچەپارچە بوون و ناوەندی سیاسی جۆراوجۆر بووە و بەرژەوەندی تاک و کوتلەی بەهێز باڵی کێشاوە بەسەر بەرژەوەندی حزبیدا و هەرکەسە بەدوای دەسکەوتی خۆیدا ڕادەکات و لەخەمی خۆیدایە ، مەسەلە کوردستانی و نەتەوەییەکان ، یان باشتر



وایە بڵێین مەسەلە چارەنووسسازەکان نرخ وبایەخی ئەوتۆیان نەماوە و کاڵبوونەتەوە و ورد ورد خەریکە لە بیردەچنەوە ! باوکسالاری باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندییەکانی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنداو بوونەتە پەیوەندی نێوان ئەفسەرو سەرباز ، ئاغاودەرەبەگ و جوتیار ، کرێکارو سەرمایەدار کەتێکڕا زەمینەیان خۆشکردووە بۆئەوەی کەسێکی وەکوو سکرتێری گشتی بەرهەم بهێنێ و بەئارەزووی خۆی بریاربدات بێئەوەی گوێ بۆکەس بگرێت یان حسابیان بۆبکات . دەسەڵاتی بێسنووری ئەو گەیشتۆتە ڕادەیەک ، کەسەکان بە ئارەزووی خۆی بدات بەیەکدا ، باڵ و تەکەتتولیان لێدروست بکات و چۆنی بوێ یارییان پێبکات و خۆیشی بەهێزترینیان بێت بەشێوەیەک ، کەس نەتوانێ لەئاستی ئەودا وشەیەک بڵێ ، جووڵەیەک بکات ، بەتایبەتی ئەو لە کۆنەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی ، مالیەوپارەوپوول ، ڕاگەیاندن ، هێزی پێشمەرگەی لەدەستی خۆیدا هێشتۆتەوە.

# کێشەکانی ی ن ک چۆنچۆنی
# چارەسەر دەکرێن ؟

بۆئەم بەشەی دوایی نووسینەکەم ، دەمەوێ لە دوو تەوەرەوە لەسەری بدوێم :
**یەکەمیان : کێشەناوخۆییەکانی یەکێتی و دووەمیان : کێشە کوردستانی و نەتەوەییەکان.**

دەربارەی یەکەمیان هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە ئەمڕۆ ی ن ک لەناوخۆیدا بەش بووە بۆ باڵی سیاسی و تەکەتتول و تاقم تاقمێنە ، سکرتێری گشتیش یەکێکە لەبەهێزترینی ئەو کوتلانە و لەسەروی هەموویانەوەیە و بریار لەدەستی خۆیدایە . ناکۆکی و ململانێکانی ناو کوتلەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی و فیکری نییە ، واتە کوتلەیەک نابینی خۆی بەهەڵگری ئاوات و خواستەکانی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش و لێقەوماوی کوردستان بزانێ و نوێنەری ڕاستەقینەیان



بێت و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکات کە زۆربەی گەلەکەمان پێکدەهێنن!!! . ئەوەی لەناو یەکێتیدا بەئاشکرا دەبینرێت ، بریتییە لە دوو بەرە ، یەکێکیان داوای چاکسازی و پاکسازی فراوان دەکات بەپێی بەرنامەیەک کە حکومەت و حزب بگرێتەوە و بەرەکەی تریشیان کە توێژێکی تازەدەوڵەمەند و پارێزگارە ، پشتگیری لە گەندەلیی و دەسەڵاتی تاکەکەس و دیکتاتۆریەت دەکات و ڕازی نییە مل بنێ بۆ خواست و بەرنامەی لایەکەی تر و نایەوێ هەرچی ئەوان داوایدەکەن بۆیان جێبەجێبکات کە خۆی دەنوێنێ لە سیاسەتی ڕوون و ئاشکرا ( شەفافیەت ) و هاتنەدەرەوە لە ژووره تاریکەکان ، دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی عادیلانە ، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب لە حکومەت ، ئاشکراکردنی چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی ساڵانە کە موڵکی میللەتە ، دادی کۆمەڵایەتی و زۆریتر .... لێرەدا من نامەوێ لەسەر یەکبەیەکی ئەو خاڵانە بوەستم و لەسەریان بنووسم و دووپاتیانبکەمەوە ، چونکە زۆری لەسەر نووسراوە .

ڕەنگە مامجەلال لەبەر ڕای گشتی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات و لەترسی چاوی ئەوان و تاڕادەیەک بۆ ڕازیکردنی خەڵک و بەرەکەی تر ، پەنابەرێتەبەر هەندێ لە جوانکاری و دیکۆر لەناو یەکێتی و حکومەتدا

، بەڵام بەوشێوەیەی بە قازانج و بەرژەوەندی خۆی کۆتایی دێت ، زەحمەتە ئەو مل بنێ بۆ هەموو شتەکان چونکە دەیەوێ هەموو سەرەداوەکان لەدەستی خۆیدابن . هەڵبەتە ئەمە پەیوەندی بە دنیابینی مامجەلال خۆیەوە هەیە بۆ مەسەلە و کێشەکان ، دیاردەوکەسەکان کە کاردانەوەی بیر و لێکدانەوە و فەلسەفەکانی دوێنێ و پێرێن و ساڵانێکی درێژی بەسەردا تێپەڕ بووە و باوی نەماوە و تۆزی زۆری لەسەر نیشتووە .

بەپێچەوانەی ئەمەوە ، دەبوایە مامجەلال چ وەکوو سەرۆک کۆمار و چ وەکوو سکرتێری گشتی ی ن ک لەمێژەوە لە هەوڵدانێکی بێوچاندایە بوایە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی یەکێتی لەسەرەوە تاخوارەوە ، ڕێگەی نەدایە ناکۆکییەکان بتەقایەتەوە بەڕووی هەمواندا ، لەباتی ئەوەی خۆی ببێتە کوتلە و کوتلەبازی بکات و پشتگیری لایەکیان بکات و چەپڵەیان بۆ لێبدات و بیانکات بەگژ لایەکەی تردا ، بهاتایە وەکوو برایەک بەرەوپیری لایەکانی تریش بچوایە و چارەسەری کێشەکانیانی بکردایە کە کلیلەکە لای خۆیەتی و ئامادەوگۆشی بکردنایە بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی بەلاداخستنی مەسەلەچارەنووسسازەکاندا و بەپیرەوەچوونی خەڵکی



زەحمەتکێش و لێقەوماوی کوردستان ، بەتایبەتی قوربانیانی ئەنفال و گازی کیمیایی کە زۆر کەمیان بۆکراوە لە چاو ئەوەی چاوەڕواندەکرا .

ئێستا یەکێتی ئەندامی سوسیال ئینتەرناسیۆنالە و مامجەلالیش یەکێکە لە جێگرەکانی سەرۆکی ڕێکخراوی ناوبراو ، ئەگەر مامجەلال بیەوێ شانازیبکات بەئەندامەتی خۆی لەو ڕێکخراوەدا ، دەبێ لەپێش هەمووشتێکدا بڕوای بە دیموکراتی و بیری ئازاد و گۆڕانکاری هەبێت بۆئەوەی بەرنامەی کارکردنی یەکێتی لەگەڵ بەرنامەی کاری ڕێکخراوە جیهانییەکە جووت و گونجاوبێت . هەروەها دەبێ مامجەلال بەشێوەیەکی مۆدیرن ، بەپەنابردنەبەر سیاسەتی هاوچەرخ ، بەمەنتیق ، بەرەوڕووی ڕەخنەی کەڵەکەبوو و کێشەکان ببێتەوە ، تالەوڕێگەیەوە تواناوهێزی خۆی پیشانبدات ، نەک پەنابەرێتە بەر پەلامار و شاڵاو و بەکارهێنانی وشەی ڕەش ، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر خۆی و خودی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ، دەبێ خۆی دوور بگرێ لە گوێگرتن بۆ ماستاوچی و قسەهێنەرەکان و دەست بە سنگەوەنانەکان و گیرفان پڕو مێشک بەتاڵەکان ، چاکتر وایە ئەو بەدوای گیرفان بەتاڵ و مێشک پڕەکاندا بگەڕێ ، خەڵکی تێکۆشەرو

دڵسۆز و ڕەوشتبەرز بدۆزێتەوە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا و کارەکان بەوان بسپێرێ .

وابۆساڵی پێرار دەچێت ، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرو نووسەر لەسەر کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان و مادەی ١٤٠ وتاریان نووسی و بڵاو کردەوە ، بەندە یەکێک بووم لەوانەو باسێکی دووردرێژم ئامادەکردبوو کەلە ڕۆژنامەکانی ئاسۆ و ئاڵای ئازادیدا بەچەند ئەڵقەیەک بڵاوکرایەوە . هەموو نووسەران ، بە منیشەوە بڕوایان وابوو کە مادەی ١٤٠ لەکاتی خۆیدا جێبەجێنابێت و تارادەک کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکانیش لەدەست دراون ! ، دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکان ، بەبیرم دێت ئێوارەیەکیان مامجەلال لەیەکێک لەکەناڵە ئاسمانییەکانەوە کەوتە هێرشکردنە سەر نووسەران ، بەپاپەتی و سواڵکەر و هەتیو ناوی بردن و وتی : ئەمانە خەڵکمان لێ دەوروژێنن و مادەی ١٤٠ ئاوا بە پەلەپەل جێبەجێ نابێت ، دەبێ بە شێنەیی بێت و لەکاتی خۆشیدا هەر جێبەجێ دەبێت !!! .

ئەم قسەیە لەسەر مامجەلال کەوت چونکە یەکەم / ئەو وشە ڕەشانە لە فەرهەنگی زانستە سیاسییەکاندا جێی نابێتەوە و نابێ لەدەمی کەسێکەوە دەربچێت کە سەرۆک کۆمارە و ئەکادیمییە و یاسای خوێندووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکوو پارێزەر کاری کردووە و داکۆکی



لە مافی خەڵکیی کردووە . دووەم/ کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هەروەکوو خۆیەتی ، لەگۆڕانی خراپ بەولاوە چیتری بە خۆوە نەبینیوە !! . هەقی خۆیەتی مامجەلال لەوکەسانە پەست و تووڕەبێت کە دەچنە ناو موهاتەراتی سیاسییەوە و قسەی نابەجێدەکەن ، بەڵام بۆ ڕەخنەی بەجێ و شەریفانە دەبێ ئەو سنگی فراوانبێت و سوپاسی ئەوانە بکات کە ڕەخنەی لێدەگرن . مەسەلەیەکی کوردی هەیە کە دەڵێت : دۆست ئەوکسەیە دەتهێنێتە گریان و دوژمنیش ئەوەیە کە دەتهێنێتە پێکەنین !! .( ئەم قسەیە مشتێکە لە خەرمانێک ) . مامجەلال بەرامبەر بە برادەرانی ڕەگ–یش هەر هەمان ڕەفتاری نواند کەخەڵکی ڕۆشنبیر ڕەخنەی زۆری لێگرت !!.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکوو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی و خاوەن ئەزموون ، دەبێ دەرس و پەند لە ڕابوردووی خۆی وەربگرێت و ئەو هەڵانە دووپات نەکاتەوە کە ڕێکخراوەکەیان گەیاندە ئەم ڕۆژە و لاسایی حزبە دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکان نەکاتەوە و جێپێی ئەوان هەڵنەگرێ لە بوارەکانی سیاسی ، ئابووری ، سەربازی ، ئیداری ، کۆمەڵایەتی ....هتد

حزبی شیوعی سۆڤێتی جاران کەخۆی بە دایکی هەموو حزبە شیوعییەکانی تری دنیا دەزانی ، ئەگەر گومانیان

لە کەسێکی سەرکردایەتی هەبوایە و قسەوڕەفتار و هەڵوێستی ئەو کەسەیان بەدڵ نەبوایە ، ئەوا بانگهێشتی مۆسکۆیان دەکرد و چەند مانگێک لەئاستێکی بەرزدا خزمەتی ئەو کەسەیان دەکرد و مێشکیان دەشتەوە ، تا تەواو لێی دڵنیا دەبوون ، ئەوجا ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆیان دەکردەوە بۆئەوەی کاربکات بۆ بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ و کرملین ، ئەگەر هەر سوودی نەبوایە ، ئەوا بە تومەتی شێت و سەقەت و بێکەڵک ، چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەن یاخود کێشەی زۆریان بۆ دروووستدەکرد ! .

ئەمڕۆ سەردەم شتێکی ترە و ئەوەی دوێنێ نییە ، هەموو گەڕانەوەیەک بۆدواوە و پیادەکردنی سیاسەتە چەوتەکانی ڕابوردوو ، تەنها و تەنها هەڵەکانی ڕابوردووی لێدەکەوێتەوە و لەم ڕێگەیەوە ناتوانرێ سەروەری تۆماربکرێت بۆ ی ن ک ، ئەوانەی لەخەونی دوێنێدا دەژین و خەریکی هیواهەڵچنینن لەسەر کارەکانی دوێنێیان ، هەرگیز ناتوانن پاکانەبکەن بۆ گەندەڵی و ئیفلیجبوونی ئێستای ڕێکخراوەکەیان چونکە دەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە تەنها وتەنها عەقڵی داڕزاو و بۆگەن بەرهەم بهێنن کەناتوانێ گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێ لەوەزیاتر کەدواکەوتن و ڕاوەستان لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ ، جگەلەوەی ناتوانێ لە



خەم و خەونی هیچ توێژو چینێکی هەژار و لێقەوماوی کۆمەڵیشدابێت ، لەوەزیاتر داوا لە خەڵک دەکەن سەرشۆڕبکەن و چەپڵەیان بۆلێبدەن و بترسن و بلەرزن بۆئەوەی نانی کۆیلەیی و ملکەچی بخۆن ! داوایان لێدەکەن درۆزن و ساختەچی و بوختانچی و چڵێس بن و هەموو شکست و نووچدان و کەوتنەکانی ئەوان بەسەروەری لەقەڵەم بدەن بۆیان و تاجەگوڵینە لەسەرسەریان دابنێن .

گەندەڵی وخراپەکاری ، دیاردەیەکە ئێستا لە قاپی هەموو بەپرسێکی یەکیتی دەدات و وەکوو ئەسپێ داویەتە گیانیان ، ئەگەر بێتو سکرتێری گشتی بەزووترینکات بەرەوپیری نەچێت ، ئەوا کاتێک بەخۆی دەزانێت زۆرشت لەدەستی دەرچووە ، بەتایبەتی ئەو بە حوکمی پۆستەکەی لە بەغدا ، ئەوندە سەر یەکێتی و کێشەکانی ناو یەکێتی ناپەرژێ ، ئەمە جگەلەوەی خۆیشی کەوتۆتە تەمەنەوە و پێویستی بە پشوودان هەیە و نابێ وەکوجاران زۆر هەڵسوورێ ، چونکە بەرگەی ناگرێ.

ئەوکاتەی گەندەڵی میوانی ڕۆژانەیە و ناکۆکی و ململانێکانی ناو یەکێتی ڕوویان لە هەڵچوون و توندبوونە و کار دەگاتە ئەوەی دەلاقەی گەورەگەورە جێبهێڵێ لە ڕیزەکانیدا و بەرەو هەڵوەشانەوەی بەرێ و

سکرتێری گشتیش گوێی ناداتێ ، ئەمە ئەگەر هیچ نەگەیەنی ، ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێبەر لاوازە و ڕێکخراوێکی لاواز پێشکەش دەکات و سیاسەتەکانی فەشەلی هێناوە و نووچدان و کەوتنی خۆی و ڕێکخراوەکەی لەدواوە دەبێت .

ئەمە یەکەمجار نییە یەکیتی دووچاری کێشەی ناوخۆیی دەبێت کە درز و دەلاقەی گەورەگەورەی لەگەڵ خۆی هانیوە و ڕێکخراوەکەی تووشی پارچەپارچەبوون کردووە و لەهەرجارێکدا بەهۆی نەبوونی یەکێتی بیرو تەبایی ڕیزەکانیەوە ، تاقمێک ، گروپێک ، ڕێکخراوێک ، سەرهەڵدەدات و تووڕەبوون و نارەزایی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بەکەسەکان و باڵە بەهێزەکانی تر و بەبەرگێکی جیاوازەوە دێتە مەیدان و بانگەشەی نوێکاری و خولقاندنی بارودۆخێکی باشتر دەکات ! ، دیارە ئەمانە بەگشتی تەواوکەری ئەوانەی دوێنێن کە پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە.

هەتا ئێستا نەتوانراوە هەنگاوی زانستانەو لەبار بنرێت بۆ بەلاداخستنی کێشەکان لەسەر بنەمای دیموکراتی و حیوار و وشە گۆڕینەوە و لەیەک گەیشتن و قەبوولکردنی یەکتر و دواتر پێکهاتن لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراوی نوێ کە بەرژەوەندی هەموو



لایەکان پارێزراوبێت و بەدڵی هەموان بێت ، ئەوەی دەبینرێ تەنها هەنگاوی کلاسیکی تاک نەفەرییە کە مۆرکی خۆویستن و خۆپەرستی و خۆفەرزکردنی پێوەدیارە و لەوەدەچێت هی کەسێک بێت کە بڕوای بە دنیایەکی ڕاوەستاو هەبێت و بەرژەوەندییەکانی ئەوی تێدا پارێزراوبێت و دنیاکەی تر کە دنیای گۆڕان و گەشەکردن و بۆپێشەوەچوونە ، لای ئەو مانایاکی ئەوتۆی نەبێ و نایەوێ خۆیشی پێوە هیلاک بکات .

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و کێشەکانی ناو یەکێتی ، وایان کردووە کە بیری نوێ سەرهەڵبدات و زۆر شوێنی کوردستان بگرێتەوە و لەدەرەوەی کوردستانیش باوەشی بۆ بگیرێتەوە . سەرهەڵدانی هەموو بیرو دەنگێکی ئازاد ، هەموو ڕێباز و گروپ و ڕێکخراوێکی سیاسی لەکوردستاندا کە پەیامێکی نوێیان پێبێت و لەخزمەتی میللەتدا بێت ، دروست و بەجێیە و دەبێ باوەشیان بۆبگیرێتەوە و پێشوازییان لێبکرێت ، ئەگەرچی چاکسازی و پاکسازی بۆ ئەمڕۆی کوردستان کە دروشمی هەندێک لەو گرووپانەیە ، بەشێکی کەمی چارەسەرەکانن و بەبڕوای من ناتوانن گۆڕانی گەورە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و بەرەوڕووی کۆسپ و تەنگوچەڵەمەی زۆرو جۆراوجۆر دەبنەوە بەهۆی ئەوەی کێشەکانی ئەم سەردەمە زۆر لەوە گەورەترن کەئەوان

بەتەمان چاکی بکەن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا درووشمی ئەم ڕێبازە نوێیانە ، بەهۆی ئەوەی دژی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە ، بەهیچ جۆرێک ڕەتناکرێتەوە .

## کێشەکانی ئەم قۆناخە کامانەن

دەمەوێ بەکورتی لەو کێشانە بدوێم کە سەرانسەری کوردستانی گرتۆتەوە و هەتا ئێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە ، کە پارتی و یەکێتی دەگرێتەوە بەپلەی یەکەم ، هەروەها کۆنترۆڵی ئەوان لە سەر دەسەلاتەکان . ڕەنگە هەندێک پێیان وابێت ئەگەر ڕیفۆرمخوازەکانی ناو یەکێتی داواکانیان جێبەجێ ببێت و ڕێگەیان پێبدرێت ئەوانە بکەن کە خۆیان دەیانەوێ لەناو یەکێتیدا ، ئیتر ناکۆکی و ململانێکان کۆتاییان پێبێت و کێشەی میللەت چارەسەر ببێت، بەلام بە پێچەوانەی ئەمەوە ، هەتا گۆڕانی بنەڕەتی لە سیستمی بەڕێوەبردن و سیاسی ئەمرۆی کوردستاندا نەکرێت و هەموولایەک لەدڵەوە هاوکاری نەکات لەو گۆڕانکارییە



، مەحاڵە میللەتەکەی ئێمە حەسانەوە بە خۆیەوە ببینێ .

مەبەست لە گۆڕانی ڕیشەیی لە سیستمی ئێستای کوردستاندا ئەوەیە کە پارتی و یەکیتی لەهەنگاوی یەکەمدا دەستبەرداری سیاسەتی پەنجا بە پەنجا بن و یاسایەکی نوێ دابڕێژن لە پەرلەمانی کوردستاندا بەهاوکاری جەماوەری کوردستان دەربارەی حزب ، ڕێکخراوە مەدەنییەکان ، ئۆپۆزسیۆن ، هەڵبژاردن ، هەروەها بودجەی هەریەکێک لەمانە ، دەسەڵاتەکانیان ، کەلەدواجاردا دەسەڵاتەکانی یاسادانان ، بەڕێوەبردن ، دادوەری ، لێدەکەوێتەوە ، واتە لەپێشاندا پرۆژەیەک بێت بۆ میللەت و لە ڕێگای دەزگای ڕاگەیاندنەوە بڵاو بکرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن و قسەکردن لەسەری و لەدوایینجاردا پاشئەوەی پرۆژەکە دەوڵەمەند دەکرێت ، بەرەوڕووی پەرلەمان بکرێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەری و هەمووکەس و لایەنەکان ڕێزی لێبگرن و بەموو پێشێلی نەکەن . یاساکە بەشێوەیەک بێت کە ڕێژەی هەڵبژاردن گۆڕانی تێدابکرێت بەو شێوەیەی لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا دەگونجێ بۆ ئەوەی هیچ کەس هەقی نەخورێت و هەموان بەشداریبکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا . بەپێی ئەم یاسایە ، هەرکەسێک لەخۆی

ڕادەبینێ ، بۆی هەیە حزبی تازە درووست بکات و بە لیستێکی نوێوە دابەزێت لە هەڵبژاردنەکاندا ، دوور لە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەوگوڕەیشە و و کەڵەگایەتی ئەم و ئەو و پەنابردنە بەر میلیشیا، هەروەها هەڵبژاردنەکان بە ئاگاداری و چاودێری UN و لایەنەکانی تر بەڕێوە بچێت و دەبێ هەر لیستە ڕازی بێت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و گەڕی بارەتری !! نەکات و کێ زۆربەی دەنگی هێنا ، ئەوە بە براوە حسابی بۆبکرێت و بە پێچەوانەوە ، ئەوانەی دەنگی کەمتر دەهێنن ، ڕەزامەندی و خۆشحاڵی خۆیان پیشان بدەن و لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا کاربکەن یاخود لەگەڵ لیستی براوەدا ببنە هاوپەیمان و پێکەوە حکومەت دابمەزرێنن و بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ، کورسیەکانی پەرلەمان دابەش بکرێن و بەهێچ جۆرێک خاتروخۆتری تێدانەبێت .

لێرەوە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەدایک دەبێت و بەئاشکرا دیتە مەیدان و پروپاگاندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی و نوێنەرەکانی دەکات ، چاوپێکەوتن و دیدەنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە دەکات ، پەنجە بۆ گەندەڵییەکان و سیاسەتی چەوتی حزبی دەسەڵاتدار ڕادەکێشێت ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ئاشکرا دەنووسێت و چی لەبەرژەوەندی میللەتە ئەوە دەڵێت ،



بێئەوەی گوێبداتە بۆڵەبۆڵ و گازندە و گلەیی ئەوانی تر ، لەوەش ڕزگاریان دەبێت حزبی دەسەڵاتدار پێیان بڵێن : ئەمانە خەڵکمان لێدەوروژێنن و دژایەتیماندەکەن و جوێنمان پێدەدەن و سووکایەتیمان پێدەکەن و خەریکی ئاژاوەو تێکدانی ڕیزەکانی میللەتن !!!. ئەگەر ئێمە نەبین ، ئێوە لەبرسانا دەمرن ! ، لەم حاڵەتەدا هێزی ئۆپۆزسیۆن ترسی نامێنێ و دەبینێ بە پێی یاسا کاردەکات و چالاکیە سیاسییەکانی خۆی ئەنجامدەدات و هیچ گروپێکی میلیشیاو چەکداریتر نابینی لەگۆڕەپانی سیاسیدا ، چاوسووربکاتەوە بەو شێوەیەی شەڕکردن و بریندارکردن و کوشتنی لێبکەوێتەوە و بەهێزی چەک بریاربدات ، بەتایبەتی لەیاساکەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە دیاردەی چەکهەڵگرتن تەواو قەدەغەیە و هەموو سەرۆک حزبەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی حەسانەی دیپلۆماسییان دەبێت و هیچ حزبێک یان سەرۆک حزبێکی تر بۆیان نییە سانسووریان لەسەر دابنێن و مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن بەسەریاندا ، بەومانایەی هەموو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی خۆیان هەیە بە پێی قەوارەی حزبەکەیان ، واتا ژمارەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا .بەڵام کاتێک کارەساتێکی گەورە ڕوودەدات وکاردەگاتە ئەوەی

پەرلەمان و دادگای باڵا دانیشتنی بۆبکەن ، ئەوا هەموو لایەک بە یەکسانی ملکەچی بڕیارەکان دەبن بەبێ جیاوازی.

ئەم یاسایەی سەرەوە لە وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی دنیادا کاری پێدەکرێ و ئەنجامی باشی لێکەوتۆتەوە و لەڕێگەیەوە کارەکان بەباشی دەڕۆن و حکومەتیش هەڕەشەو گلەیی لەسەر نییە ، چونکە بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکرات دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێناوە و ئەوانەی گلەییان هەیە ، بۆیان هەیە بچن بەپێی یاسا یادداشت پێشکەش بکەن ، خۆپیشاندان بکەن ، مانگرتن ئەنجام بدەن ، خەڵک لێرەو لەوێ کۆبکەنەوە و بەئارەزووی خۆیان بشێرێنن هەتا خۆئامادەکردنێکی تر بۆ هەڵبژاردنەکان کە بە ٣-٤ ساڵ جاریک ئەنجام دەدرێت ، ئەوانەی لەم پرۆسەیەدا دەنگی کەم دەهێنن ، بۆیان نییە بیکەن بە هەراو بۆڵەبۆل ، لەجێی ئەوە دەتوانن بەپێی بەرنامەیەکی هاوبەش لەگەڵ حزبەکانی تردا ڕێکبکەون و بێنە مەیدان بۆئەوەی کورسی پەرلەمان مسۆگەربکەن و بەشداری دەسەڵات بکەن . خۆئەگەر ئەمەیان نەکرد ، ئەوا وەکو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن بەو مەرجەی ئەو ڕێژەیەیان هێنابێ کە لە هەڵبژاردنەکاندا هەقی شەرعی و قانوونییان دەداتێ و کەس و لایەنێکیش



ناتوانن ڕێگربن لەکارەکانی ئەوان . ئەمە هەنگاوێکە بۆ بەدامەزراوەیی کردنی حزب و حکومەت ، واتە دەستوور ، یاسا ، بڕیارەکانی پەرلەمان ، سەرووەردەبن و لەسەروو حزب و سەرۆک حزب و سەرۆک عەشیرەت و خێڵەوە دەبن .

پێویستە پارتی و یەکێتی ، وەکوو دوو حزبی زلهێز ، بیر لەداهاتووی ئەم گەلە بکەنەوە و سڵ نەکەنەوە لە داڕشتنی ئەم جۆرە یاسایە بە هاوکاری ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و لایەنەکانی تر کە دیموکراتی ، ئاشتی ، یەکسانی ، تەبایی لەگەڵ خۆی دێنێ ، چونکە بەڕاستی ئەو سیستمەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە ، نازانی ناوی چی لێبنێیت ، دەرەبەگایەتی ، سەرمایەداری ، سوسیالیستی ، نەتەوەیی ، دیموکراتی ، سیکۆلار ، مودێرن......ئێمە خاوەنی شتێکین لە کوردستانا تێکەڵ لە هەموو شتێک و کەچی هیچیشیان نییە!!! و وەکوو چێشتی مجێور وایە!!!

پێویست نییە پارتی و یەکیتی وا تێبگەن کە داڕشتنی وەها یاسایەک لەکوردستاندا ، لە ڕۆڵی ئەوان کەمدەکاتەوە و فرێیاندەداتە دەرەوەی گۆڕەپانەکە ، نەخێر بە پێچەوانەوە ، ئەوان هەر هێزێک دەبن لەکوردستاندا ، بەڵام هێزێکی سیاسی دیموکرات و ملکەچ بۆ یاسا و دەستوور دەبن ، ڕێزوحورمەت لە

کەس و لایەنەکانی تر دەگرن و هەقی کەس و لایەکانی تر زەوت ناکەن ، بەپێی یاسا مل دەنێن و بریار دەدەن و وەکوو ئێستا نابن کە میللەت بێزارو تووڕەیە و سیاسەتەکانی ئەوان ڕەتدەکاتەوە .

ئەرکی سەرشانی پارتی و یەکیتی لەم کاتەدا ئەوەیە کاربکەن میللەت ئاشت بکەنەوە و ملبنێن بۆ خواست و داواکانی ئەوان ، بەتایبەتی لەم کاتەدا کەکار گەیشتۆتە ئەوەی نەک میللەت ، بەڵکو ڕاگەیاندنەکانی دنیاش دەم بکاتەوە لەدژی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و جۆری ئەدای ئەوان .

هەر بەم بۆنەیەوە بە پیویستی دەزانم چەند دێڕێک بنووسم لەسەر ئەوانەی بیر لە چاکسازی وپاکسازی و جوانکاری دەکەنەوە و لەوانەیە رۆژێک لە ڕۆژان وەکوو هێزێکی سەربەخۆ و ئۆپۆزسیۆن بێنە مەیدان و بەلیستێک دابەزن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا و شەری هەڵبژاردن و دەسەلات بکەن . ئەگەر سەرکردەکانی ئەم گروپ و ڕێکخراو و هێزانەی کە بەڕێگەوەن لە دایک ببن ، لەوانەبن کە پێشتر لە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیدا کاریان کردووە ، دەبێ پێش هەموو شتێک ددان بنێن بە هەڵەو خەتا و تاوانەکانی ڕابوردوویاندا ، بەوسیفەتەی ئەوان بەشێک بوون لەدوێنێ و ڕاست نییە ئەوەی دوێنێ لەگەڵ



خۆیاندا هەڵبگرن و هەمدیسان دووپاتی بکەنەوە و بیفرۆشنەوە بە میللەت و ئەوانە بکەن کە پارتی و یەکێتی کردیان و جارێکی تر سواری سەری میللەت ببنەوە . دوای ددان نان بە هەڵەکانیاندا ، پێویستە بە توندی ڕەخنە لە خۆیان بگرن و داوای لێبوردنیش لە میللەتی کورد بکەن بۆئەوەی بەهیچ جۆرێک شانازی نەکەن بە ڕابوردووی خۆیانەوە کە هەمووی کورد کوشتن و شەڕ بوو لە پێناوی شەڕدا و شەڕیش بۆ دەسەڵات و کورسی و قات و قڕکردنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە کە دەیان هەزار کوژراوی لێکەوتەوە ، جگە لە خۆخستنە باوەشی دوژمن بە بیانووی جیاجیا و نابەجێ ، تا وای لێهات کارەسات و ماڵوێرانی زۆریش بۆ کورد بهێنن .

ئەگەر ئەمانە وانەکەن ، مانای وایە بەهەمان عەقڵیەت و فەلسەفەی کۆنەوە دێنەوە مەیدان و بڕوام وانییە ئەمجارە میللەت ئەمەیان لێ قەبووڵ بکات و بە دوایاندا ڕابکات ، جگەلەوە پێویستە سەیرێکی دەوروپشتی خۆیان بکەن و بەسەر ئەو کەسانەوە بنیشنەوە کە مەرجی ئەخلاقی وسیاسییان تێدا هەیە ، گەندەڵ و دزو جەردە و پاشەڵپیس و ساختەچی و بازرگان لەخۆیان کۆنەکەنەوە ، کەسانێک بن لە خەمی خەڵکی زەحمەتکێش و لێقەوماو و هەژاری

کوردستاندا بن ، باشتر وایە ئەوانە سیاسەت نەکەن ، یاخود ڕیزەکانیان پاک بێت ، دەکرێت نوخبەیەکی باش بێنە مەیدان و بەرنامەی باش پێشکەش بکەن و ڕای میللەت ڕاکێشن بەلای خۆیاندا و لەکاتی خۆیدا کەدەسەڵات دەکەویتە دەستیان ، چی باشە ئەوەبکەن بۆ میللەت و مەرج نییە بە عەقڵیەتی جاران بیر لەشانە و ڕێکخراو و کۆمیتە و مەڵبەندو......هتد بکرێتەوە.

## دەبێ زانیاری و پاراستن و ئاسایش ، دەزگای حکومی بن نەك دەزگای حزب

ئەم دەزگایانە بەهۆی بێسەروشوێنی ئەو دەسەڵاتەی پێیاندراوە ، سنووری کارەکانی خۆیان بەزاندووە و کەوتوونەتە بەرەی دوژمنەوە نەک میللەت ، چونکە بەپێی یاسا کارناکەن و پەیڕەوی مەسەلە ئینسانی و ئەدەبی و ئەخلاقیەکان ناکەن و خەڵک بێزارو تووڕە دەکەن و دەسەڵاتەکانیان بۆ ئامانج و مەرامی شەخسی خۆیان بەکاردەهێنن بە ناوی بەرژەوەندی گشتییەوە . لەهەموو دنیادا دەزگای هەواڵدەر ( هەواڵگری ) جۆربەجۆر هەیە کەناوی جیاجیا



هەڵدەگرن و سەر بە حکومەتن نەک حزب ، کارەکانیان بریتییە لە : * پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لەوڵاتدا و کۆنترۆڵکردنی ناحەزان و دوژمنان . * قەڵاچۆکردنی تۆڕەکانی تیرۆر و سیخوڕی . * قەڵاچۆکردنی تۆڕەکانی کڕین و فرۆشتنی مادە سڕکەر و هۆشبەرەکانی وەکوو حەشیشە ، تریاک ، هێرۆیین ....هتد .

* کۆنترۆڵکردنی ئەو قاچاخچییانەی چەکی جۆراوجۆر دەهێننە وڵاتەوە بە نیازی ئاژاوەنانەوە و تێکدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت . * دەستبەسەراگرتنی پارەی تەزویر و ئامێرو دەزگاکانی تەزویر بۆ پارە و دۆکومێنت و مۆر و شتە بەها و گرنگەکان و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەمی دادگاو سەپاندنی سزای قورس بەسەریاندا . * کۆنترۆڵکردنی خواردنی کۆن و بەسەرچوو و ژەهراوی ، بەهاوکاری ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن لەسەر مەرزەکان. * کۆنترۆڵکردنی پارەو ئاڵتوون و سامانی دزراوی میللەت کە ژمارەیەک لە بەرپرسەکان بە شێوازی جۆراوجۆر ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی دەکەن بەبێئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ئیزن پێدراو و ڕەسمییان بەدەستەوە بێت .

دەزگاکانی ناوبراو لە باتی ئەوەی لەو مەیدانەدا کاربکەن کە ئاماژەم پێکرد ، دێن هەموو قورسایی و خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەخەنە سەر سیخوڕیکردن

بەسەر نووسەر و ڕووناکبیر و خەڵکی پاک و بەویژدان و بە ئەخلاقی گەلەکەمانەوە ، گوێیان لێدەگرن و قسەکانیان دەدزن بۆئەوەی بیکەن بە ڕاپۆرت و بەرزی بکەنەوە بۆ سەروخۆیان ، بۆ بەرپرسەکان . ناوبەناو ئازاری نووسەرو ڕۆشنبیری گەلەکەمان دەدەن بە بیانووی جۆراوجۆر و جاری واهەیە لە زیندانەدا توندیان دەکەن ، فشار دەخەنە سەر ڕۆژنامەکان و سەرنووسەرەکانیان و چاویان لێ سووردەکەنەوە .

پارتی و یەکێتی دەبێ چاوێک بەکاری ئەم دەزگایانەدا بخشێنێتەوە و هەموویان بەرەوڕووی حکومەت بکەنەوە و زوو زوو کۆنترۆڵیان بکەن و سنوورێک بۆ کاری نارەوای ئەمانە دابنێن و ڕێگەیان پێنەدەن بە نهێنی پەلامار بدەن و خەڵکی بفڕێنن و لە زیندانی تایبەتیدا توندیان بکەن . هەرکەسێک دەگیرێ ، دەبێ بە بریاری حاکم بێت و پۆلیس بەرەسمی لەڕێگای موختاری گەڕەکەوە ئەو کەسە ئاگاداربکاتەوە و هەموو کەس پێبزانێ کە گیراوەکە لە کوێیە و هۆی گرتنەکەش بزانرێ .

# کێشه کوردستانی و نەتەوەییەکان

ڕۆژی ٢٠٠٣/٠٤/٠٩ حوکمی دیکتاتۆرو پیاوکوژی سەددام ڕووخا و کۆتایی هات ، کورد هەلێکی لەباری بۆ ڕەخسا بۆئەوەی پێدابگرێ لەسەر مافە چارەنووسسازەکانی خۆی و بەدەستی بهێنیتەوە کە ساڵانێکی دووردرێژ بوو لێی زەوت کرابوو ، وەکوو :* گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچەدابراوەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان ، * بەرەسمی ناساندن و دیاریکردنی سنووری کوردستان کەلە شاخەکانی حەمرینەوە دەستپێدەکات ، *بەڕەسمی ناساندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، *پێداگرتن لەسەر سەروەت و سامانی کوردستان لە ئاو و سامانە سروشتییەکانی وەکوو نەوت و گاز بۆکورد ، یاخود کورد بەشێوەیەکی عادیلانە بەشی خۆی هەبێ ، باشتر لەوەی ئێستا ،



*ناساندنی زوبانی کوردی بە زوبانێکی ڕەسمی لەسەرانسەری عێراقدا ، * ناساندنی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان وەکوو جینۆساید و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ قوربانییەکانی ، * بانگهێشتکردنی کۆنفیدرالی بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا وەکوو قۆناخی یەکەم و دواتر ددان نان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد وەکوو هەقێکی شەرعی نەک وەکوو تڕومنەت کردن بەسەر کوردا لەلایەن نەتەوەی باڵادەستی عەرەبەوە ، بە شیعە و سوننەوە .

بەداخەوە ئەمانە هیچیان نەکراو پارتی و یەکێتی ڕازیبوون بچنە بەغدا و لەئەنجوومەنی حوکم بەشداری بکەن و شانبەشانی ئەوانی تر عێراق بنیات بنێنەوە ، جگە لەوە دڵی ناحەز و دوژمنانی ئێمەیان نەشکاند و دەستیان بەرزکردەوە لەئاستی خالە لاوازەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کە هەمووی مین ڕێژ کرابوو دژی کورد ، بەتایبەتی مادەی ٥٨ و دواتر مادەی ١٤٠ ، کەهەتا ئێستایش مەرەکەبە لەسەر کاغەز و بڕواناکەم نەیار و دوژمنەکانی ئێمە ڕێگەبدەن جێبەجێ بکرێت ، ئەگەرچی هەتا ئێستایش دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا خۆیان بە پشتئەستوور دەزانن بۆ جێبەجێکردن و بەلاداخستنی کێشەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان ، کەچی کە دێیتە سەر حساب ، هیچ

هەنگاوێكی دڵخۆشكەر نابینیت لەوبارەیەوە كە پێشانیبدات كاركردنی جددی هەیە لە ئارادا ! .

بۆ نموونە ئاساییكردنەوەی بارودۆخی كەركوك كە دەبوایە لەمانگی ئازاری ٢٠٠٧ دا و سەرژمێری لەمانگی تەمموزی ٢٠٠٧ دا و ڕێفرانفۆم لەمانگی تشرینی یەكەمی ٢٠٠٧ دا ئەنجام بدرانایە ، كەچی هیچیان نەكرا و كوردیان تەفرەداو پارتی و یەكێتیش پێی ڕازیبوون و لە تەسریح و ڕوونكردنەوەی بێسەروشوێن بەولاوە هێچیتریان لەدەست نەهات ، كەهەمووی بەگران كەوتۆتەوە لەسەریان .

لەیەكەم ڕۆژی كەوتنی سەددامەوە هەتا ئێستا ، ئەمەریكا و لایەنە سیاسییەكانی تر لەبەغدا ، هەروەها دەوڵەتە ئیقلیمییەكان ، بەهەموو شێوەیەک لەهەوڵی ئەوەدان كورد تاقیبكەنەوە و لێدانی دڵی هەموویانیان وەرگرتووە و سلوک و سایكۆلۆژییەتی ئەوانیان خوێندۆتەوە بۆ تێپەڕاندنی نەخشە و پلان و خواستەگلاوەكانیان و ڕاكێشانی دەسەڵاتی سیاسی كورد بۆ مەیدانی سازشكردن و دەستهەڵگرتن لەمەسەلە چارەنووسسازەكان و توانیویانە ، لەم ڕووەوە سەركەوتن لەدوای سەركەوتن بەدەستی بهێنن و وا لە كورد بكەن دڵی بسووتێ بە عەرەب و توركمان !! ،ئەمە لەكاتێكدا هەتا ئێستایش كارتی كورد بەهێزە لە بەغدا



و عێراق و ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە كوردستان بیەوێ ، دەتوانێ بە شێوازی جیاجیا بەكاری بهێنێ .

ئەمەریكاییەكان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە كورد و كێشەكەی ، كارتێكی باشە لەدەستیاندا بۆئەوەی یاری پێبكەن و بەكاری بهێنن بەرامبەر لایەنەكانی تر ، چونكە دەزانن كورد بە بێ حساب ڕادەكات بە دوای ئەمەریكادا و هەموو هێلكەكانی خۆی لە سەبەتەكەی ئەودا داناوە ، بۆیە ئەمەریكایش وەكوو پێویست بایەخ بە كورد نادات و دەیەوێ لە سێبەری سیاسەتی تەوافوقدا دایشكێنێ بەلای عەرەبدا و ئەوەندە گوێ ناداتە ناكۆكییە ئایینی و كولتوری و نەتەوەییەكان و بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆیش بە كورد دەڵێ كە چارەسەری هەموو مەسەلەكان ، بە كێشەی كوردیشەوە ، هەمووی لەبەغدایە و بریاریش لای حكومەتی ناوەندییە ، ئەمەش مانای بەعێراقیكردن و مەركەزیكردنی كێشەی كوردە كە لە مەودایەكی دووردا نازانرێ چۆنچۆنی دەشكێتەوە و دەكەوێ لەسەر كورد و قوربانییەكانی چەند دەبێت ، بەتایبەتی سیاسەتزان و لێكۆڵەرو توێژەرەكان ، ئەو ڕاستییە باش دەزانن كە عێراق لە مێژەوە ، لە ڕۆژی درووستبونیەوە ( ١٩٢١ ) لەسەر زوڵم و خوێنڕشتن و چەوسانەوەی گەل

درووست بووە و لەدرۆ بەولاوە هیچ بەڵێنێکی ڕاست بەکورد نەدراوە!! .

لەبەر ئەوە پێویستە پارتی و یەکێتی ، کە چارەنووسی میللەتێکیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان ، زۆر بە جددی لە هەوڵ و تێکۆشانێکی گەرمدا بن بۆ ڕاستکردنەوەی حسابەکان و بەلاداخستنی مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان و لابردنی تەمو مژلەسەریان و مل نەنین بۆ سازشکردنی زیاتر و بەتوندی پێدابگرن و ئەوە بخەنە مێشکیانەوە کەکەس ناتوانێ پەلاماری گەلێکی ٥ ملیۆن کەسی بدات !! . باشترین چەک کە ئەوان بتوانن بەکاری بهێنن ئەوەیە کە بە ئەمەریکا و حکومەتی ناوەندی و لایەنەکانی تر بڵێن : (( ئێمە میللەتێکمان هەیە و دەبێ پرسی پێبکەین لە هەر مەسەلەیەکدا و ناتوانین لە خۆمانەوە بریار بدەین )) .

ئەوان لەباتی ئەوەی دانیشتوانی کوردستان ناچار بکەن کە عێراقی بێت و عێراقی خۆشبوێت ، با لە جێی ئەوە خەبات بکەن بۆئەوەی خەڵک کوردستانیی بێت لە چوارچێوەی عێراقێکی بەڕاستەقینە دیموکرات و ئازاد و مەسەلە نەتەوەییەکانی ئێمە کاڵنەبێتەوە و نەیکەنە قوربانی خواست و بیروبۆچوونەکانی ناحەزان و دوژمنانمان کەلەیەکەم ڕۆژی دەسەڵات وەرگرتنیانەوە ، هەتا ئێستا کنەدەکەن و نەخشەوپلان دادەنێن



بۆئەوەی ئابڵووقەمان بدەن و هەموو مەسەلە پیرۆزەکانی ئێمە بەتاڵ و پووچ بکەنەوە و بەکەمتر لە کەمایەتییەکانی وەکوو تورکمان و ئاسوور و کلدان سەیرمان بکەن !!!! .

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەیاد عەلاوی ، ئیبراهیم جەعفەری ، نوری مالیکی سەلماندیان کە ئەوان لە دڵەوە هاوپەیمانی کورد نین و ژێربەژێر و بەشێوازی جیاجیا ، بە عەقڵی شۆڤێنی و تاریکیانەوە لەهەوڵی تێکدان و سەندنەوەی دەسکەوتەکانی کوردان و دەیانەوێ دەستوور بگۆڕن لە بەرژەوەندی شۆڤێنیەتی عەرەبی و عێراق بگێڕنەوە بۆ دواوە ، بۆ سەدە تاریکەکان و جارێکی تر بەهێزی عەسکەرتار و کۆدەتا و پیاوکوشتن ، دەسەڵات بگرنەوە دەست و بکەونە قەتڵوعامکردنی کورد!! .

گەمەی سیاسی ئەوان لە بەغدا ، لەگەڵ ئەمەریکاو تورکیاو ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان ، هەمووی بە پێی بەرنامەیەکی سیاسی داڕێژراوە دژی کورد و دەسکەوتەکانی و کار گەیشتۆتە ئەوەی بەشێک لە دوژمنانی ئێمە کێشەکە بکەنە کێشەی کورد و عەرەب ! ، لەبەرئەوە ، ئەگەر کورد ، وەکوو میللەتان و گەلانی چەوساوەو ژێردەستە ، لەهەوڵ و هەڵمەتی پووچکردنەوەی نەخشەوپلانی دوژمنەکانیدا نەبێ و

خەباتێکی نوێی دیبلۆماسی و شارستانی دەست پێنەکات کە برێتییە لە بەگژدا چوونەوەی دوژمنان و ناحەزان ، ئەوا زۆرنابات بەڕەکە لە ژێرمان ڕادەکێشن و ناچارماندەکەن ڕازیبین بە شتی کەمتر لەوەی ئێستا و کاتێک بەخۆماندەزانین سوپای نوێی عێراق باڵی کێشاوە بەسەر ئەو ناوچانەی کە ئەوان مەبەستیانە ، بەتایبەتی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هەروەها شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێم ڕووی لە خراپ بوون دەبێت و ئەودەمە درەنگ دەبێت بۆ کورد کە بکەوێتە خۆی، بۆڵەبۆڵ و گازندەوگلەیی و شێڕەشیڕ هیچ سوودی نابێت .

بەهیواین گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ کارتی کورد قووت نەدات و خێری کوردی تێدابێت و گەلەکەمان سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن ، بەدەستی بهێنێ و دەسەڵاتی سیاسیش لەکوردستاندا هەنگاوی بەجێ بنێت سەبارەت بە کەمکردنەوە یاخود قەڵاچۆکردنی دیاردەی گەندەڵی کە سەرانسەری کوردستانی گرتۆتەوە ، بۆئەوەی توێژە هەژار و لێقەوماوەکانی کوردستان لەبەری ڕووخانی سەددام و حوکمی ٣٥ ساڵەی ئەو بخۆن و شانازی بکەن بە خەبات و تێکۆشانی



ڕابوردووی خۆیانەوە و هاوبەش بن لە پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتی و بنیاتنانەوەی کوردستان .